# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٧٣ ■ دووشەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٩ _ ٤ی مەی ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا



کرێکار و مافەکانی لە ئێران لە دەیەی پێنجەمی کۆماری ئیسلامییدا — عەلی بداغی (٢)

ئێعدام، سووڕی بەردەوامی تاوان و توندوتیژی — هەردی سەلیمی (٥)

ئیسلامی سیاسی، دێموکراسی و ناسیۆنالیزم — لوقمان موئمینی (٨)

واوێژێکی متمانەپێکراو — ناسر باباخانی (١١)


## خالید عەزیزی:

# بۆ چارەسەری پرسی کورد متمانە بە کۆماری ئیسلامی ناکرێ

سەروتار

## لابردنی سزای چەککڕین چ خێرێکی بۆ خەڵکی ئێران تێدایە؟

**کەماڵ کەریمی**

ماوەیەکە و بە دوای هێرشی ڤیرووسی کورۆنا بۆسەر جیهان کە کێبەرکێ سیاسییەکانی خستبوە ژێر کاریگەریی مەترسییەکانی و شەڕ و ململانێکانی تا ڕادەیەک کەم کردبووەوە، دەمەتەقێی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا دەستی پێکردوەتەوە. پێنج ساڵ لەمەوبەر و دوای چەند ساڵ مشتوومڕ و وتووێژی نێوان وڵاتانی ٥+١ ، شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تێکڕای دەنگی هەر ١٥ ئەندامەکەی ڕێککەوتنی نێوان ئەو وڵاتانەی کە بە بەرجام ناوی دەرکرد پەسەند کرد. ئەم ڕێککەوتنە داوای لە ئێران دەکرد کە بۆ هەڵگرتنی تەحریمەکانی سەریان دەبێ نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتننامە بە تەواوی جێبەجێ بکا. یەکێک لە خاڵەکانی بڕیارنامەکەی شۆڕای ئەمنیەت ئەوەیە کە ئێران هیچ چالاکییەک لە بواری سەنعەتی دروستکردنی چەک بە تایبەت ئەو جۆرە چەکانە کە بتوانێ کڵاوەی هەستەیی هەڵبگرێ ناکا کە بە پێچەوانەی نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکە بێ. لەگەڵ ئەوەش لە یەکێک لە خاڵەکانی ئەو بڕیارنامەدا هاتوە کە ئێران هەتا ٥ ساڵ مافی کڕین و فرۆشتنی چەکی نەبێ کە ئەم بەشە لە بڕیارەکەی شۆڕای ئەمنیەت پاییزی داهاتوو کۆتایی پێ دێ. دیارە ئەمە تەحریمەکانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ چەک فرۆشتن بە ئێران ناگرێتەوە کە ٣ ساڵی دیکە کۆتاییان پێ دێ. لەم پێوەندییەدا دەوڵەتی ئەمریکا سەرەڕای دژکردەوەی وڵاتانی دیکەی شۆڕای ئەمنیەت لە هەوڵدایە ئەو ماوە لە سزاکەی ئێران درێژ بکاتەوە. هەرچەند هەتا ئێستا هەر وەک کاتی بڕیاری ئەمریکا بۆ چوونەدەر لە کۆڕی ٥+١ بە تەنیا بوو، دیسان تاک لایەنە بە دوای ئەو مەسەلەوەیە.

دوو ساڵ لەمەوبەر و دوای هەوڵێکی زۆری دیپلۆماسی بۆ ڕازیکردنی شەریکە جیهانی و بە تایبەت ئورووپاییەکانی بۆ پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی بەرجام و سەرنەکەوتنی لەو ڕێگەدا، دەوڵەتی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی لە ڕێککەوتنەکەدا و تاک لایەنە سزای قورسی بەسەر ئێراندا سەپاند. لەم دەورە...

درێژە لە لاپەڕەی ٢



## بۆچی سزاکانی سەر کۆماری ئیسلامی پێویستە هەبن؟

ئەمریکا قۆڵی هەڵماڵیوە سزاکانی پێوەندیدار بە چەکوچۆلە بەسەر ئێراندا درێژ بکاتەوە، لەولاش کۆماری ئیسلامی خۆی بە ئاو و ئاوردا دەکا ئەم قۆرتە تێپەڕێنێ و بۆ ئەمەش پشتی بە پشتیوانیی ڕووسیە و چین بەستوە هەتا لە شۆڕای ئەمنیەتدا فریای کەون.

تاقیکردنەوەی مووشەکیی ئەم دواییانەی ئێران ئەویش بۆ ئامانجی سەربازی وێدەچێ کەمێک ئەرکی سەرشانی ئەمریکای بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی ئورووپایی بۆ لای ئەم بابەتە سووک کردبێ، ڕێژیمێک کە نیشانی دا لە قوولایی قەیرانی کۆرۆنادا قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژیان و سلامەتیی خەڵکی بەلاوە گرینگ نییە و بۆ ئەو، مەبەستە ئیدۆلۆژی، نیزامی و ئەمنیەتییەکانی پێش هەموو شتێکن.

سزاکانی سەر کۆماری ئیسلامی پێویستە هەبن، چونکی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی جیدی بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیریی لە ناوچە جیهانە و ئەم ڕێژیمە هەر چەکێکی بەدەستەوە بێ بۆ مەبەستە شەڕەنگێزەکانی خۆی بەکاری دێنێ

## ڕێژیم نەک خەڵک، بەڵکوو تەنیا مانەوەی خۆی بۆ گرینگە




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی "ایران انترناشناڵ"دا ڕایگەیاند کورد متمانەی بە کۆماری ئیسلامی نییە و باوەڕی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری پرسی کورد هەتا ئێستاش جێی پرسیارە.

کاک خالید عەزیزی لەو دیمانەیەدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە پرسی کورد لە ئێران لە چوار دەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم و بەئەمنیەتیکردنی کوردستان نە یارمەتیی بە کۆماری ئیسلامی کردوە و نە کوردی لە ویست و داواکانی پاشگەز کردووەتەوە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا خەباتی کورد لە نێوخۆی وڵات و لە ڕێگەی تێکۆشانی سیاسی و نیزامی و دیپلۆماسیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە درێژەی بووە. بۆیە چ کۆماری ئیسلامی بمێنێ، یان ڕێژیمێکی سیاسیی دی جێی بگرێتەوە ئەو پرسە لەجێی خۆیەتی. **(پوختەی ئەم دیمانەیە لە لاپەڕەی ٤دا دانراوە).**

## کۆرۆنا بیانوویەک بۆ سەرکوتی ئازادیی چاپەمەنی




لە ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنیدا ڕاگەیەندرا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر وەکوو ساڵانی پێشوو دژمنی ئازادیی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکانە. ڕێکخراوی "لێبووردنی نێونەتەوەیی"ش لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران و چەند وڵاتێکی دیکتاتۆری دیکە لە چەکی کۆرۆنا بۆ سەرکوتی ئازادییەکان لە بواری میدیا و سووڕی زانیاری کەلک وەردەگرن.

کانوونی نووسەرانی ئێرانیش بە ئاماژە بە "بارودۆخی کارەساتباری ئازادیی بەیان" لە ئێران و "لەکیسچوونی ڕۆڵ و جێگەی چاپەمەنی وەک میدیای شوێندانەر" ڕایگەیاندوە نەبوونی میدیای ئازاد و سەپاندنی سانسۆڕ بەسەر ڕاگەیەنەکان لە ئێران وایکردوە دزی، تالانوبڕۆی کاربەدەستان، گەندەڵی و لادانە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا زیاد ببن. هاوکات هەر ئەو هۆکارانە ڕێ لە دابینبوونی ماف و بژیوی نووسەران و میدیاکاران دەگرن و بارودۆخێکی سەخت و دژواری بۆ خوڵقاندوون.

# کرێکار و مافەکانی لە ئێران لە دەیەی پێنجەمی کۆماری ئیسلامییدا



عەلی بداغی

چینی کرێکار لە ئێران ڕۆڵی زۆر بنەڕەتییان لە هێنانە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەبوو.

خومەینی توانیبووی بە دروشمگەلی وەک "ئاو و برق و هاتوچۆ دەکەینە خۆڕایی" و "هەموو کەس دەکەینە خاوەنی خانووی خۆی" سەرنجی کرێکاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەتایبەت کە زۆر پێش سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕێگەی کاسێتەکانیەوە حەدیس و ئایەتی جۆراوجۆری لەسەر پێگەی شایانی ڕێزی کرێکاران دەهێنایەوە کە گوایە چەند ئیمام و ڕابەرێکی ئاینیی شیعەکان کرێکار بوون و شۆڕش هەمووی لە بەرژەوەندیی داهاتووی کرێکاران دەبێ. بەم جۆرە کرێکارەکان بە مانگرتنە سەرتاسەری و بەردەوامەکانیان خومەینییان لە نۆفێل لۆشاتۆی پاریسەوە هێنایەوە ئێران و گەیاندیانە ترۆپکی دەسەڵات، دەسەڵاتێک کە "شا"ی پێشووش نەیبوو.

چینی کرێکار زۆر پێش سەرکەوتنی شۆڕش و لە شارە گەورەکاندا ڕێکخراوەی کرێکاریی تایبەتیان دامەزراندبوو. ئەوان بەپێی هەلومەرجی ئەو کات داواکانی خۆیان فۆرمووڵە کردبوو و ڕێبەرانی شۆڕشیش وادەی جێبەجێبوونی هەموو ئەوانەیان پێدابوون، وەک چاکسازی لە قانوونی کار، نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی، جێبەجێبوونی کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافی کرێکاران، مافی پێکهێنانی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری، کەمکردنەوەی سەعاتی کاری حەوتووانە، زیادکردنی مز و حەقدەست و پاداشتی ساڵانەیان.

کرێکاران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران زۆر زوو مزی ئەو پاڵپشتییەیان وەرگرت. هەر لە یەکەم بەهاری تەمەنی کۆماری ئیسلامی و لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ١ی مەی بوو کە ڕێکخراوە کرێکارییەکان کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوت. زۆر زوو "خانە کارگر" کە لەلایەن کۆمەڵێک سەندیکا و شۆڕای کرێکارییەوە دروست کرابوو، کەوتە بەر پەلاماری "حیزبوڵڵایی"ـەکان و بەبیانووی ئەوەی "دژەشۆڕش" دەستیان بەسەردا گرتوە، دەستی بەسەردا گیرا! بەم جۆرە هەتا ئێستاش شەڕ و ملبەملەی کۆمەڵگەی کرێکاری کە داخوازی مافەکانیانن و کۆماری ئیسلامی کە حاشایان لێدەکا، درێژەی هەیە.

لە هەموو ماوەی ئەو چوار دەیەدا چینی کرێکار چەوساوەتەوە و هەژارتر بووە، قانوونەکانی پشتیوانی لە مافەکانی یەک لە دوای یەک کاڵتر بوونەوە، توانای کڕینی لە کەمیی داوە و سفرەی ماڵێی بچووک بۆتەوە، مەترسیی دەرکران و بێکاربوونی لەسەر بووە و لە سەرەتاییترین مافی خۆی کە پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری بووە بێبەش بووە و؛ هەر چەشنە نارەزایەتی و داخوازییەکی کرێکارانیش ئەنگی شێواندنی بیروڕای گشتی و چالاکی لەدژی ئەمنیەتی وڵاتی لێدراوە و هێزەکانی دژی شۆڕشیان بەگژدا کراوە و چالاکانی کرێکاری لەو سۆنگەیەوە سزای قورسی زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

ڕۆژی جیهانیی کرێکاران ئەمساڵ لە سێبەری قورسی قەیرانێک بەناوی "کۆرۆنا"دا گەیشتێ، قەیرانێک لە دڵی قەیرانی ئابووریی تێکتەپیوی ئێراندا کە بەهۆی سزا ئابوورییەکانەوە پێشتریش نووزەی لێبڕابوو، قەیرانێک کە بەپێی پێشبینی و بەراوردە سەرەتاییەکان خەساری بێکاربوونی شەش هەتا حەوت میلیۆن کرێکاری لە ئێراندا لێدەکەوێتەوە. ڕۆژی "یەکی مەی"ی ئەمساڵ لە حاڵێکدا تێپەڕی کە لە ئاوسانی ئابووریی سەروو سەتا ٤٠ی ئێستادا مزی کرێکاران تەنیا سەتا ١٥ زیادی کردوە، حەقدەستێک کە جیا لە لێدانی زۆر خەرجیی پێویست، بەو حاڵەش بەشی یەک لەسێی مانگێکیان ناکا. نارەزایەتییەکانیش بەداخەوە هەتا ئێستا دادی نەداون، بەڵام ئەوانی لە داخوازیی مافەکانیان شێلگیر کردوە؛ وەک چۆن لە ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٣٥٧ کۆبوونەوە و مانگرتنی کرێکاری ڕوویان داوە. خۆ ئەگەرچی زۆربەی ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە یان سەرکوت کراون یان بە دانی وادە و بەڵێن بڵاوەیان پێکراوە، بەڵام ئاسۆی ڕوونی خەباتی مافخوازیی کرێکارانی ڕوونتر کردوە.

چوار دەیە سیاسەتی ناکارامەی ئابووری کە سێبەری قورسی لێکەوتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بووە، ئابووریی ڕانتی، سپاردنی کارخانە و کۆمپانیاکان بە کەرتی تایبەت _بەڵام بە شێوەی سەقەت و مانەوەیان لە پاوانی دەوڵەتییەکاندا_ وایکردوە لە لایەک قەیرانی بێکاری ببێتە سەرەکیترین کێشەی کۆمەڵگەی ئێران و لەولاش سەرمایەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەش سووک و بەلاش بەتاڵان ببرێن. سندووقی نێونەتەوەیی دراویش ڕایگەیاندوە کە هەڵدانی ئابووریی ئێران _سەرەڕای دروشمە بەباق و بریقەکانی ساڵانەی خامنەیی_ بۆ سێهەم ساڵی یەک لە دوای یەک خوار سیفر و لە هەڵدێرانی بەردەوامدایە. ڕاگیرانی هەناردەی نەوت و دابەزینی سەرسووڕهێنی نرخی نەوت ئەویش بۆ ئابووریی بەستراوەی ئێران بە نەوت چەند فاکتەری دیکەن کە هێندەی دیکە لەسەر ئابووریی سیس و نابووتی وڵات کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە و ئەوە کرێکارانن کە لە ڕیزی پێشەوەی زیاندیتووانی ئەو بارودۆخەن.

بەڵام کێشەکانی کۆمەڵگەی کرێکاری نە یەک و دوون و نە هەر ئەوانەن. جیا لە مەسەلەی کەمیی مز و مووچە، بەدەر لە گرانی و لەکەمیدانی توانای کڕینیان و، لەولای کێشەی نیشتەجێبوون؛ ئەوە گرێبەستەکانی کارە کە وایکردوە کرێکاران کەمترین ئەمنیەتی ڕاگرتن و مانەوەیان لەسەر کارەکانیانە. زۆر لە خاوەنکارەکان کرێکارەکانیان یان بە گرێبەستی کاتی و یان تەنانەت بە گرێبەستی سپی دادەمەزرێنن. بەوەش ئەم کرێکارانە کە بەشی زۆری کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێران پێکدێنن هیچ قانوونێکی دامەزران و ئەوەی پێی دەڵێن "مەزایای کرێکاری" نایانگرێتەوە. هەروەها هەلومەرجی کار و چەندی و چۆنیی مز و حەقدەستەکانیان هەمووی بەسراوەتەوە بە ویست و سەلیقەی خاوەنکار. خۆ بێتوو لەسەر کاریش دەربکرێن چونکی گرێبەستێکی ڕەسمییان لە نێواندا نییە، بیمەی بێکارییان نادرێتێ؛ یان ئەگەر تووشی ڕووداوی کار بن و خاوەنکار نەیەوێ تێچووی دەرمان و پەککەوتنیان بدا و زیانەکەیان بۆ قەرەبوو بکاتەوە، ناتوانن شکایەت بکەن و پێوشوێنی مافەکانیان کەون.

هەڵاواردنی ڕەگەزی کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێرانە. خاوەنکارەکان زۆربەیان بۆ دامەزران پیاوان وەپێش دەدەن و لە کاتی کەمکردنەوەی هێزی کاریشیان ئەوە ژنانن کە وەپێش دەدرێن. ژنان و بەتایبەتی ژنانی سەرپەرستی خێزان _کە بەداخەوە لە سۆنگەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەژماریان زیاتر دەبێ_ نەک دەرفەتی وەکیەک بۆ خۆدیتنەوەیان لە بازاڕی کاردا نییە، بەڵکوو لە ئەگەری دامەزرانیشدا ناچار بە ماوەی کاری زیاتر و مزی کەمتر دەکرێن.

خۆ ئەگەر ئاوڕێکیش لە کوردستان بدەینەوە، بەسەر هەندێ دیاردەی دیکەشدا دەکەوین. جیا لە هاوبەشیی مەینەتی و بێمافیی چینی کرێکار لە هەموو ئێران، بەڵام چوار دەیە سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووری و بەئەمنیەتیکردنی کوردستان دۆخێکی جیاوازتری بۆ کرێکاران لە کوردستان خوڵقاندوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان لەسەر سنووری وڵاتانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تورکیە و ئازەربایجان هەڵکەوتوون، بەڵام بەهۆی ڕوانینی ئەمنیەتیی کوردستان نەکراوە بە ناوچەی ئازادی ئابووری و ئەو دەرفەتە گرینگەی لێ ئەستێندراوەتەوە. هاوکات لە ساڵدا چەند جار بە هۆی داخستنی ئەو کەمە دەروازە سنوورییەش کە بە شێوەی سنووردار ڕێی بۆ کۆڵبەریی قانوونی ئاوەڵا کردوە، ئەم دەرفەتەش لە خەڵکی هەژاری ئەم ناوچەیە دەستێنن و پەرە بە بێکاریی زیاتر لەو ناوچانە دەدەن.



هەروەها لە کوردستان سەرەڕای بێکاریی زۆر سەرووتر لە نێونجیی بێکاریی وڵات، بەڵام بە هۆی کەمیی کارگە و کارخانەکان حەشیمەتی کرێکارانی ڕەسمیی خاوەن گرێبەست زۆر کەمن. زۆرینەی حەشیمەتی کرێکار لە ئێران لە یەکە بچووکەکانی دەرەوەی بازنەی قانوونەکانی کار و کەرتی بیناسازییدا سەرقاڵن، یان بە پیشە ساختە (کاذب)ـەکانی وەک دەستگێڕییەوە خەریکن، یان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستاندا ڕوویان لە کۆڵبەری کردوە. کێشەی سەرەکیی ئەو کرێکارانەش ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەوان بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە و لە ئەگەری بێکاربوون یان تووشبوون بە ڕووداوی کاردا لە هەموو مافێکیان بێبەشن.

بەڵام سەرباری هەموو ئەو بەشمەینەتی و نەهامەتییانە چینی کرێکار کۆڵیان نەداوە و بەشی سەرەکیی هەیکەلی بزووتنەوەی نارەزایەتی لە ئێران پێکدێنن. نارەزایەتییە کرێکارییەکان کە پێشتر لە یەکە بچووکەکانی بەرهەمهێناندا ڕوویان دەدا، ئێستا کارگە و کارخانە زەبەلاحەکانیشی گرتۆتەوە و تەنانەت هاوپشتیی یەکتریش دەکەن و؛ ئەوەش کە نیشانی وشیاری و پێگەیشتوویی چینی کرێکارە، ڕوخسارێکی تەواو سیاسی و مافخوازانە بە نارەزایەتییەکان دەدەن. بێگومان هاوبەشیی بزووتنەوەی کرێکاری لە بزووتنەوە سەرانسەرییەکاندا و فازی نوێی نارەزایەتیی کۆمەڵگەی کرێکاری لە قۆناغی پاشکۆرۆنادا کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕووی بارودۆخێکی زۆر دژوار دەکا.

کاکڵی باسەکە ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی بەرپرسانی حکوومەتی و کاربەدەستانی دەوڵەتییش، دان بە شپرزەیی بارودۆخی کرێکاران و پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری لە وڵاتدا دەنێن، بەڵام ئیرادەیەک بۆ ئاوڕدانەوە لە مافی کرێکاران و لاکردنەوە لە دۆخی نالەباری ئەوان لەگۆڕێدا نییە. نە باسێک لە بووژانەوەی ئابووریی وڵات و هەلی کاری هەیە و نە بردنەسەرێی مز و حەقدەستی کرێکاران کە هەمیشە لەژێر هێڵی هەژارییەوە بووە. ئەمەش واتای بەردەوامیی نارەزایەتیی کرێکاران و بەشداریی زیاتریان لە بزووتنەوە ئێعترازییەکانی سەرانسەریدایە.

---

درێژەی سەروتار

# لابردنی سزای چەک‌کڕین چ خێرێکی بۆ خەڵکی ئێران تێدایە؟

...لە سزاکانی ئەمریکادا کۆماری ئیسلامی لە زۆرترین داهاتەکانی بە تایبەت لە بواری فرۆشتنی نەوتدا بێبەش کرا. تەحریمی بانکەکان و ڕاگرتنی مامەڵەی پووڵی، سزادانی کۆمپانیا بازرگانییەکان و خاوەن سەرمایەکانی بەستراوە بە ڕێژیم و دواجار بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران کۆڵەکەی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی نێوخۆ و دەستدرێژیکەرانەی لە دەرەوەی وڵات، بەشێک لە هەوڵەکانی دەوڵەتی ترامپ بوون بۆ زیاتر فشار خستنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەو جۆرەی دەیڵێن بە مەبەستی گۆڕانی سیاسەتەکانی ڕێژیم بو پێڕەوی کردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی ئەمنیەت و ئاشتی لە جیهاندا. هەوڵدانێک کە هەتا ئێستا وڵامدەر نەبووە و کۆماری ئیسلامی بە پشت بەستن بە برسی ڕاگرتنی خەڵکی ئێران و خزمەتکردنی دەوڵەت و گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە و باج دان بە هێندێک لە گەورە وڵاتان، لە ملدان بەم داواکارییانە خۆی بواردوە. ئەم جارەشیان کە دەوڵەتی ئەمریکا کەوتوەتە خۆ و بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سزای کڕین و فرۆشتنی چەک لەلایەن ئێرانەوە هەوڵ دەدا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەک ئەوەی هیچ کێشەیەکی دیکەیان نەبێ و خەڵکی لێقەوماوی ئێران تەنیا چاویان لەوە بێ کە داخۆ بۆ هەڕاجکردنی بەشێکی دیکە لە سەرمایەی وڵاتەکەیان لە کوێ چەکی تازە بۆ بەهێز نیشاندانی دەسەڵاتی ڕێژیم دەکڕن، کەوتوونەتە خۆ و هاتوهاواریان ساز کردوە. لەم پێوەندییەدا دوای ئەوەی پۆمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە هەر کارێکمان لەدەست بێ دەیکەین بۆ ئەوەی تەحریمەکانی سەر کڕین و فرۆشتنی چەک لەلایەن ئێرانەوە لە جێی خۆیدا بمێنێ و درێژبکرێتەوە و یەکێک لە ڕێگەکانی گەڕانەوە بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، عەلی ڕەبیعی وتەبێژی دەوڵەتی ڕۆحانی هاتە سەر خەت و وەک هەمیشە دەستی کرد بە هەڕەشەکردن کە ئەگەر ئەم کارە بکرێ کۆماری ئیسلامی بەرپەرچدانەوەی توندی دەبێ.

لە کەس شاراوە نییە کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی سیاسەتی شەڕفرۆشانەیەوە و لە ڕێگەی دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و بە تایبەت لە ڕێگەی دروستکردن و پڕچەککردنی گرووپە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی دوور و نزیک بۆ هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و بەفیڕۆدانی دەیان میلیارد دۆلار لە سەرمایەی وڵاتی ئێران بۆ وەڕێخستنی ئاژاوە و نائەمنی لە ناوچە و تەنانەت بە هۆی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە وڵاتانی دووری جیهانیشدا، نە تەنیا هیچ دەسکەوتێکی نەبووە بەڵکوو ئەم ڕێژیمە و سیاسەتەکانی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ماڵوێرانیی بۆ خەڵکی ئێران بە دوای خۆیدا هێناوە. ئێرانێک کە ئێستا لەبەر چارەسەری هێرشی کورۆنادا داماوە و ڕێژیم بە هۆی ناکارامەیی لە بەرنامەڕێژیی ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانەکان و وەرشکستەبوونی دارایی و ئابووری و بێخەمەییان لە لەنێو چوونی بە کۆمەڵی خەڵک، دەستەوەستان ماوە، داخۆ دەبێ خەمی ئەوەی بێ لە کوێ چەک دەکڕێ؟ کاتێک لە وڵاتدا ڕێژەی هەڵاوسان بەردەوام بەرز دەبێتەوە، داهاتی خەڵک ڕوو لە کزییە و ڕێژەی بێکاری بە چەند میلیۆن دەچێتە سەرێ بەبێ ئەوەی هیچ پلان و بەرنامەیەک بۆ چارەسەری لە بەردەستدا بێ، لاچوونی مەنعی کڕینی چەک چ خێرێک بە خەڵکی ئێران دەگەیەنێ کە بەرپرسانی ڕێژیم ئەوەندە بە پەرۆشەوەن بۆی و هەڕەشەی هەڵوێستی مەترسیدار دەکەن. ئەمە هەمان سیاسەتە کە لە تەواوی ساڵانی دەسەڵاتدارییدا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بە مەبەستی چەواشەکاری و گەورەکردنەوەی کێشە دەرەکییەکان و لەبیر بردنەوەی قەیرانە نێوخۆییەکان پێڕەو کراوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێرانی ئێستا و خەڵکە چاوکراوەکەی وەک ساڵانی ڕابردوو فریوی ئەم هاتوهاوارەیان ناخۆن و بە چاوبەستراوەیی وەدوای هەڵڵاسازکردنی ڕێبەرانی ڕێژیمێک ناکەون کە هەموو ماڵ و ژیانی بە تاڵان بردوون. خەڵک دەزانن کە نابێ متمانە بە ڕێبەرانێک بکەن کە جگە لە پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندییە تاکەکەسی و مافیاییەکانیان بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە کە پێوەندیی بە ژیان و داهاتووی خەڵک و وڵاتەکەیانەوە بێ. خەڵک ئێستا بیر لە داهاتوویەک دەکەنەوە کە بە دوور لە درۆ و ساختەکاریی ڕێبەران، وڵاتێکی ئاوەدان و ژیانێکی شەرافەتمەندانە و ئینسانیی تێدا بنیاد بنێنەوە و ئەوەش دەزانن کە ئەم ئاواتە تەنیا بە گۆڕانێک وەدی دێ کە دەستی هەموو ئەو تاوانبار و درۆزنانە لە دەسەڵاتداری کورت بکاتەوە.

***

# حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر پشتیوانیی خۆی لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان و خەباتی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران، بەردەوامە

**(پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١٢ی بانەمەر، ڕۆژی خویندکاری کورد)**

هاوڕێیانی بەڕێز لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد!

بەبۆنەی هاتنی ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد بەگەرمی پیرۆزبایی لە ئێوە، لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەتان و لە سەرجەم خوێندکارانی کورد دەکەین.

١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی شەهیدبوونی ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ و سەرکردەی مەیدانیی دێوکرات کاک سمایلی شەریفزادەیە. ناودێرکرانی ڕۆژی شەهید بوونی ئەو تێکۆشەرە شوێندانەرە بە ڕۆژی خوێندکاری کورد، هەڵگری کۆمەڵێک واتایە کە ناکرێ لەم بۆنەیەدا لە سەریان نەوەستین.

سمایل شەریفزادە، نموونەیەکی بەرز لەو خوێندکارانەی کورد بوو کە خوێندنی زانکۆ و چالاکیی سیاسیی سەردەمی خوێندکارییان نەک هەر لە خەباتی نەتەوەیی و خولیا و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان جیا نەکردەوە، بەڵکوو پێناسەیەکی نوێ و شوناسێکی نەتەوەییان بە خوێندکاری کورد و تێکۆشانی سیاسی و سینفیی خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران دا. ئەوان سەنگەری زانکۆیان بۆ لە قاودانی سەرکوتی نەتەوەیی لە کوردستان و ڕاکێشانی پشتیوانیی خوێندکارانی ئێران بۆ لای خەباتی ڕەوای گەلەکەیان بەکار هێنا، خەباتێک کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەریی دەکرد و ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی خۆی لە پێناویدا دەکردە قوربانی. شەریفزادە و و ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی خوێندەوار و ئاگای ئەو سەردەمە، کاتێک لە بەر مەترسیی گیران لە لایەن ساواک، هەر وەها پێویستیی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بوونی ئەوان لە ڕیزەکانی خۆیاندا، سەنگەری تێکۆشانیان لە زانکۆ و نێوخۆی ئێران بۆ چیاکانی کوردستان و نێو تێکۆشەرانی ئەم حیزبە گواستەوە، شوێنێکی بەنرخیان لە سەر ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕیی حیزبەکەیان دانا. ئەو کاریگەرییە هەم لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی حیزبی و کولتووری حیزبایەتی و بەرەوژووربردنی ئاگایی و وشیاریی شۆڕشگێڕیی ڕیزەکانی حیزب لەو قۆناغەدا خۆی دەبینێتەوە، هەم لە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی شوناسی دێموکرات و سەربەخۆیی سیاسی و بایەخدان بە تێکۆشان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

شەهید سمایل شەریفزادە کە لە ناوە هەمیشە درەوەشاوەکانی مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی لە دەیەی چلی هەتاوی‌دایە، لە سەنگەری زانکۆوە هاتبوو و بە بەخشینی گیانی لە ڕەوتی خەباتی چەکداریی ساڵانی٤٦-٤٧دا، ڕچەیەکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان لە نێو لاوان و خوێندکارانی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەنگڕێژ کرد. بە سەرنجدان بەم ڕاستییانەیە کە، بەسەرمەشق‌کردنی سمایل شەریفزادە بۆ خوێندکاری کورد و ، ناودێرکردنی ڕۆژی شەهیدبوونەکەی بە ڕۆژی خوێندکاری کورد لە جێی خۆی‌دایە و جێگەی ڕێز لێگرتنە.

خوێندکارانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەم و قۆناغی ئێستاشدا، بەشێکی چالاک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەکەیانن. ئەوان لە نێوخۆی ئێران سەرەڕای زەبروزەنگی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێو زانکۆکان، لە تێکۆشان و چالاکی غافڵ نین. جێگەی خۆشحاڵییە کە خوێندکارانی کورد لە ئێران هەتا هاتوە پتر لە سەر دانی شوناسی نەتەوەیی بە بزووتنەوەی خوێندکاریی خۆیان و بەرگری لە ویست و داخوازە نەتەوەییەکان پێداگر بوون. دیارە ئەم ڕاستییە و پشتیوانیی خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێران لە ئامانجە ڕزگاریخوازانەکانی بزووتنەوەی سیاسی و لە مێژینەی کوردستان، هەستیاریی ڕێژیم بە تێکۆشانی ئەوان و، هەر بەو ڕادەیەش تێچووی چالاکیی ئەوانی قورستر کردوە، بە جۆرێک کە خوێندکارانی کورد لە شەهیددان و لەژێر ئەشکەنجەدا گیانبەختکردن و دەرکران لە زانکۆ و چوونە زیندان لە ئاستی ئێراندا، بە داخەوە پشکێکی زۆریان بەرکەوتوە.

لە ڕۆژی خوێندکاری کورددا، هەروەها بە ڕێزەوە ئاوڕ لە خەباتی ئەو خوێندکارانە دەدەینەوە کە دوای بەجێهێشتنی ناچاریی زانکۆکانی ئێران لە ڕیزە ئاشکراکانی حیزب و لە ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، تێکۆشانی خۆیان لە پێناوی ئازادی، دێموکراسی و مافی نەتەوەییدا، درێژە پێداوە، و ژمارەیەکیان لەم ڕێگەیەدا شەهید بوون.

مایەی خۆشحاڵییە کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە لاوانی کوردی ڕۆژهەڵات، هەر ئێستا لە زانکۆکانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان خەریکی خوێندن و خۆپێگەیاندنن. هیوای ئێمە ئەوەیە هەر کام لەوان بە ئیلهام وەرگرتن لە سیما خوێندکاری و زانستییە کوردەکانی سەردەمەکانی پێشوو بە تایبەتی ڕێبەرانی شەهیدمان د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی لە زانکۆ و ژینگەی خوێندکاریی خۆیان، ببن بە دەنگ و نوێنەر و ڕاسپاردەی نەتەوە بندەستەکەی خۆیان و سەرنج و پشتیوانیی کەسایەتییە ئەکادیمییەکان و خوێندکارانی جیهان بۆ لای پرسی ڕەوای ئەو نەتەوەیە بە تایبەتی لە ئێران ڕابکێشن.

خوێندکارانی وریا و خەباتگێڕی کوردستان!

هاوڕێیانی بەڕێز لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد!

لەم ڕۆژەدا، بە ڕێز و پێزانینەوە ئاوڕ لە خەبات و قوربانیدانی خوێندکارانی کورد لە دژی سەرەڕۆیی و داگیرکاری و لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەماندا دەدەینەوە. بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر پشتیوانیی خۆی لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان و خەباتی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران، بەردەوام دەمێنێتەوە. هیواداریشین یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەرکەکانی خۆیدا بە تایبەتی لە بەرینکردنەوەی پێوەندیی نێوان خوێندکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی ئەو بەشەی کوردستان، سەرکەوتوو بێ. لەم ڕێگایەشدا بەگوێرەی توانامان ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و پشتیوانییەکین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٩**

# بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦-٤٧ وەک سەرمایەیەکی مەعنەویی بەهێز، کاری کردە سەر گرێدانەوە و پێکەوەلکانی دوو قۆناغی شکۆداری مێژووی حیزبی دێموکرات، واتە سەردەمی کۆماری کوردستان و سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران

**(ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد)**

لە ڕەوتی خەباتی گەلاندا کۆمەڵێک ڕووداوی چارەنووسساز و کەسایەتیی شوێندانەر لە ساتەوەختێکی مێژووییدا سەرهەڵدەدەن کە نە تەنیا لە بیرەوەریی گشتیی گەلاندا بە زیندوویی دەمێننەوە، بەڵکو دەبنە نوختە وەرچەرخانێک لە بزووتنەوەی ئازادیخواز و ڕزگاریخوازی گەلەکەیان. شوێن_کاتی سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوانە و دەرکەوتنی ئەو کەسایەتیانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێویستییەکی مێژوویی بۆ گۆورانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی هەیە، بە جۆرێک کە سارێژکەرەوەی کەلێنێکە کە بەرەنجامی گەشەنەسەندویی و وەستانە لەو شوێن_کاتەدا.

دەیەی 40ی هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوای جیهان، دەیەی وشیاری و گەشەی ڕوحی بەرەنگاری و مافخوازیی گەلانە، دەیەی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانە، دەیەی تۆمارکردنی ئاڵوگۆڕە چارەنووسسازەکانی سەدەی بیستەمە. لە دەرەنجامی ئەو وشیارییەی گەلاندا دەیان ڕاپەڕین و شۆڕشی ئیلهامگرتوو لە ئەندێشەی چەپ سەریان هەڵدا و ژمارەیەک دەوڵەتی نوێ بە نەخشەی جوغرافیی جیهانەوە زیاد بوون.

شەپۆلەکانی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە گەیشتە ئێرانی دراوسێی یەکیەتیی سۆڤیەت و تەنانەت خۆی لە ڕاپەڕینی چەکداریدا دیتەوە. سەرەتای ئەو ڕاپەڕینە چەکدارییە لە جوغرافیای ژێر دەسەڵاتی حەمەڕەزاشادا، لە چیا و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەخماخەی لێدرا و خەونی ئێرانی ئارام و سەقامگیری لە لای دەسەڵاتی پاشایەتی بەتاڵ کردەوە، سەرهەڵدانێک کە عەودالی وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بوو.

لە بەهاری ١٣٤٦ی هەتاوی بەشێک لە ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە پاشخانێکی مەعریفیی نەتەوەیی و چەپیان هەبوو، بڕیاریان دا بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە گژ سیاسەتە داپڵۆسێنەر و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی حاکم بە سەر ئێراندا بێنەوە.

بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵانی ٤٦-٤٧ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە شایانی وەرددانەوە و دەرس لێ‌وەرگرتنە و هاوکات بۆشایی ڕکوود و سستیی خەباتی چەندین ساڵەی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی بە جۆرێک پڕ کردەوە کە وەک سەرمایەیەکی مەعنەویی بەهێز، کاری کردە سەر گرێدانەوە و پێکەوەلکانی دوو قۆناغی شکۆداری مێژووی ئەو حیزبە، واتە سەردەمی کۆماری کوردستان و سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران.

سەرەتای دەیەی ٤٠ی هەتاوی لە ئێراندا هاوکاتە لەگەڵ کرانەوەیەکی ڕێژەیی فەزای سیاسی لە ئێراندا، کە لە ئەنجامی بزووتنەوەی خۆماڵی کردنی پیشەسازیی نەوتی ئێران و هەروەها لە ژێر فشاری دەوڵەتی ئەوکاتی ئەمریکادا ڕووی دا. لەو قۆناغەدایە جووڵەیەکی گەرمی خوێندکاری لە ئێراندا سەر هەڵدەدا کە چەمکەکانی ئازادی و عەداڵەتخوازی و سەربەخۆیی وەک بزوێنەری سەرەکیی ئەو بزووتنەوەیە، خوێندکاران لە دەوری یەکدی کۆ دەکاتەوە.

لەو سەروبەندە و لە ساڵی ١٣٤٠ دایە کە خوێندکارانی کوردی نێو زانکۆکانی گەورەشارەکانی ئێران و بەتایبەت زانکۆی تاران، یەکیەتیی خوێندکارانی کوردیان دامەزراند. لە گەرمەی هەژموونی چەپ و دژە ئیمپریالیستیی ئەوکاتی ئێراندا و دابەشبوونی بەرەی چەپ بە سەر دوو جەمسەری سۆڤیەت و چیندا، کەشی سیاسیی زانکۆش بەتەواوی لەژێر کارتێکەریی ئەو ڕوداوانەدا بوو. ئەوە لە کاتێکدایە بۆ خوێندکارانی کورد، پرسی نەتەوەیی و ویستی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی شاکلیلی چارەسەری لە پێشینەی کێشەکانی کۆمەڵگەی پەراوێزخراوی کوردستان بوون. کاک سمایلی شەریفزادە و هاوڕێیانی بە تێگەیشتنێکی قووڵ و مەعریفی لە ستەمی نەتەوەیی و ئاوێتەکردنی ئەرزشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی چەپ وەک گوتاری زاڵ بە سەر نەتەوە ژێردەستەکان لە سەراسەری جیهاندا، زانکۆیان جێهێشت و پەڕیوەی باشووری کوردستان بوون تا لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان جووڵانەوەیەک وەڕێ بخەن و مێژووی خەباتی نەتەوەکەیان دەوڵەمەند و پڕشانازی بکەن.

جووڵانەوەی خوێندکاریی ساڵانی سەرەتای دەیەی ٤٠ هەرچەند لەوانەیە تەواوی ئێلێمانەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری تێدا بەدی نەکرێ، بەڵام هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە خوێندکارانی کورد لەو سەردەمەدا بڕوایەکی پتەویان بە پێگەی زانکۆ لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو و لەو پێناوەدا بەکردەوە هەنگاویان بۆ نا. پەیوەست بوونی کاراکتێرەکانی ئەو حەڕەکەتە خوێندکارییە بە ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان بە سەرەتای پەیوەندیی فکری و تەشکیلاتیی ئەو حیزبە بە زانکۆ دادەنرێ.

ئولگووسازی لە کەسایەتییە خوێندکارییەکانی ئەو سەردەمەو بە تایبەت ناوزەد کردنی ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ واتە ڕۆژی شەهید بوونی کاک سمایلی شەریفزادە بە "ڕۆژی خوێندکاری کورد" لە لایەن خوێندکارانی دیمۆکڕات، ئاماژەیەکە بە کارتێکەریی ئەو قۆناغە مێژوویە لە سەر خوێندکارانی کورد لە ئێستادا.

خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر کرانەوەیەکی ڕێژەییدا کە لە بیاڤی گشتی و بە تایبەت لە فەزای زانکۆکاندا ڕوو دەدا، بە پاراستنی کاراکتێری خوێندکاری و لە کۆنتێکستی خەباتی نەتەوەییدا چالاک دەبنەوە. سەرەڕای ئەوەی لە ساڵە کۆتاییەکانی بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ڕێژەیەکی بەرچاو خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێراندا حوزووریان نەبوو، لە هەمان کاتدا شاهیدی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیری نەتەوەیی هەڵقوڵاو لە زانکۆکان بووین کە توانی شوێنپەنجەی بە ڕووداکانەوە دیار بێ و تەنانەت لە ڕەوتی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا دەورێکی گرینگ بگێڕێ.

خوێندکارانی کورد لە نیوەی دووەمی دەیەی ٧٠ و سەرەتای دەیەی ٨٠ کە بزووتنەوەی خوێندکاریی سەراسەریی ئێران دەرفەتی هاتنەوە مەیدانی بۆ ڕەخسا، بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر و بە ئەزموونتر، داخوازییە سینفی و زیاتر نەتەوەییەکانی خۆیان لە گۆڤار و بڵاوکراوە و سیمینار و چالاکیی جۆراوجۆری دیکەدا چڕ کردەوە. دەکرێ ئەو قۆناغە بە شەپۆلی سێهەمی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە قەڵەم بدرێ.


کاری هونەری: شۆڕشی ئاهی

هەر چەندە سیاسەتی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا، هەر لە داخستنی زانکۆکان بۆ زیاتر لە دوو ساڵ و دوورخستنەوەی خوێندکاران و مامۆستایانی جیابیر، ئیدئۆلۆژیزە کردنی نێوەرۆکی زانستە مرۆییەکان، پەرەپێدانی ناهاوسەنگیی زانکۆ لە ڕووی چەندایەتییەوە و هەروەها زاڵ کردنی کەشی ئەمنیەتی بەسەر زانکۆکاندا و زۆر هۆکاری تریش، بەکردەوە بزووتنەوەی خوێندکاریان تا ڕادەیەک سڕ کردوە، بەڵام بەرەوپێش چوونی بیری نەتەوەخوازی و بەنێونەتەوەیی بوونی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە نێو خوێندکارانی کورددا ڕەنگدانەوەی بەرهەستی هەیەو لە ئێستادا ڕێژەی پەیوەست بوونی خوێندکاران بە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. دوای تێپەڕبوونی ٥٢ ساڵ بە سەر شەهیدبوونی کاک سمایلی شەریفزادە، خوێندکارانی کورد پەیوەست دەبن بە حیزبەکەی کاک سمایلەوە، تا وەدیهێنەری ئامانجە نەتەوەیی و دادخوازییەکانی بزووتنەوەی پڕشکۆی ساڵانی ٤٦-٤٧ بن.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ڕۆژی خوێندکاری کورددا کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی شەهید بوونی خوێندکاری سەرکردەی دێمۆکڕات کاک سمایلی شەریفزادە، پێداگری لە سەر بەردەوامیی ڕوحی نەسرەوتووی خوێندکارانی کورد دەکاتەوەو بزووتنەوەی پێشڕەوی خوێندکاری کوردی بە بزوێنەری سەرەکیی کۆمەڵگای کوردی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری دەزانێ.

**یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد**
**١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# خالید عەزیزی:
# بۆ چارەسەری پرسی کورد متمانە بە کۆماری ئیسلامی ناکرێ



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی "ایران انترناشناڵ"دا ڕایگەیاند "کورد متمانەی بە کۆماری ئیسلامی نییە و باوەڕی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری پرسی کورد هەتا ئێستاش جێی پرسیارە".

کاک خالید عەزیزی لەو دیمانەیەدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە پرسی کورد لە ئێران لە چوار دەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم و بەئەمنیەتی‌کردنی کوردستان نە یارمەتیی بە کۆماری ئیسلامی کردوە و نە کوردی لە ویست و داواکانی پاشگەز کردووەتەوە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا خەباتی کورد لە نێوخۆی وڵات و لە ڕێگەی تێکۆشانی سیاسی و نیزامی و دیپلۆماسیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە درێژەی بووە. بۆیە چ کۆماری ئیسلامی بمێنێ، یان ڕێژیمێکی سیاسیی دیکە جێی بگرێتەوە ئەو پرسە لەجێی خۆیەتی. پرسی کورد نە لە ئێران بۆ حاشاکردن دەبێ، نە لە ئاستی ناوچەدا کە ئێستا لە ڕەهەندێکی زۆر گەورەتری سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتیدا لەئارادایە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی ئەم دیمانەیەدا بە ئاماژە ڕاگیرانی دانیشتنەکانی نێوان ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و شاندی کۆماری ئیسلامی کە بەنێوبژیوانیی ڕێکخراوی نۆروێژیی "نۆرێڤ" دەکران، باسی لەوە کرد کە کۆماری ئیسلامیی دوای ڕاپەڕینەکەی مانگی خەزەڵوەر و کوژرانی قاسم سولەیمانی و دوابەدوای بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییە کەوتە مەوقعییەتێکی تایبەتەوە کە ئاکامەی بێ‌وەڵام هێشتنەوەی داواکانی ناوەندی هاوکاری بۆ بەردەوامیی دانیشتنەکان بوو. لەلایەکی دیکە لە ئێستادا لەنێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا لەسەر چۆنیەتیی چارەسەری پرسی کورد ناکۆکیی بۆچوون هەیە.

کاک خالید عەزیزی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران لە ڕێگەی دانوستانی بە ویست و پرەنسیپێکی گشتیی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران زانی و پێی لەسەر ئەوە داگرت کە حیزبی دێموکراتی کوردستان قەتی شەڕ پێش دانووستان نەخستوە و ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە شەڕی بەسەر کوردستاندا سەپاند و کورد لە ئێران قەت هێرشبەر و دەستپێشخەری گرژی و ئاڵۆزی نەبووە و، لە هەموو ئەو ماوەیەدا تەنیا بەرگرییان لە خۆیان کردوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی ئەم وتووێژەدا گوتی چالاکی و جموجۆڵی پێشمەرگەکانی ئێمە لە نێوخۆی کوردستان بەمانای ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵام بە مافی خۆمانی دەزانین بەرگری لە خۆمان بکەین؛ ئەگەرچی لە ئێستادا یارمەتیدانی خەڵک لە پەتای کۆرۆنا و ئەوەی کە چۆن خەڵک بە کەمترین زیان ئەم قەیرانە تێپەڕێنن لە پێشەوەی هەموو کارەکانمانە. لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستانی بۆ گرینگ نییە، وەک دەبینین لە کاتێکدا کە قەیرانی کۆرۆنا بووەتە قەیرانێکی جیهانی، بەڵام ڕێژیم هەروا لە بیر پڕۆژە ئەمنیەتییەکانی خۆیدایە و هەر لەو ماوەیەدا لە کوردستان گەڕێکی نوێ لە ئێعدامەکان دەستیان پێ کردووەتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی دیکە لەگەڵ "دەنگی کوردیی ئەمریکا" تیشکی خستەسەر ئەوەی کە بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا قۆناغی گەشەی باشی کردوە و ئاکامی دڵخۆشکەری لێ‌کەوتۆتەوە. کاک خالید عەزیزی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش لە چەند ساڵی ڕابردوودا فۆرمێکی باشیان لە هاوهەڵوێستی، هاوکاری و کاری هاوبەش پیشان داوە، بەڵام ئەم حیزبە سیاسییانە، واتە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەبێ لە بواری دیپلۆماسی و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەبێ یەکگرتووتر پلان و بەرنامەی بۆ بەرۆژەڤ‌کردنی پرسی کورد هەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی دیکەیدا لەگەڵ "تەلەڤیزیۆنی ئازادی" بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و لایەنە غەیرەکوردەکان لە ئاستی ئێراندا بەرەیەکی گشتیگیری کارا دروست بکەین و لەسەر نەخشەڕێگای ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی ساغ بینەوە.

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (کۆمارێکی ئیسلامی)

## (٢٢_٣)



دیلان هەردی




دەستەواژەی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بۆ کۆمارێک بە کار دەبرێ کە بە یاسا و ڕێساکانی ئایینی ئیسلام و لە نێویشیدا مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی چوارچێوەدار کرابێ. لەو کۆمارەدا سەروەری بۆ خەڵک نییە، بەڵکوو بۆ خودایە. نوێنەرایەتیی خوداش لە سەر زەوی دەدرێ بە وەلی فەقیهـ لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی فاینەنشڵ تایمز، مانگێک بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی بەو شێوە کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکا:

**فاینەنشڵ تایمز: "دونیای ڕۆژئاوا زانیاریی تەواوی لەسەر حکوومەتی ئیسلامی نییە. هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی حکوومەتی ئیسلامیمان بۆ ڕوون بکەنەوە"**

**خومەینی: "حکوومەتی ئیسلامی حکوومەتێکە کە لەسەر بنەمای یاساکانی ئیسلام دادەمەزرێ. [...] پێی دەڵێین کۆماری ئیسلامی. کۆمار شێوی حکوومەتەکەیە و ئیسلامیش واتە، نێوەرۆکی سیستەمەکە یاسای ئاسمانی و خودایین."**

**(وتووێژی فاینەنشڵ تایمز لەگەڵ خومەینی، پاریس، ٨ی ژانویەی ١٩٧٩)**

دامەزراندنی کۆمارێک لە سەر بنەمای یاسا و ڕێساکانی ئایینی ئیسلام، هەر لە سەرەتاوە بەرەوڕووی کێشە بوویەوە، چونکە هەر لە ڕێکخستنی ڕێفراندۆم و لە ماوەی نووسینەوەی دەستوورەوە، هەندێک لە حیزب و لایەن و ژمارەیەک لە کەسایەتییە ئایینییەکان لە دژی پڕۆژەی خومەینی وەستانەوە، چونکە پێیان‌وابوو کە ئیسلام و سێکۆلاریزم لەگەڵ یەکتر سازگار نین. دژبەرانی پڕۆژەی خومەینی لە دوو جەمسەر پێکهاتبوون: یەکەمیان، ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتییانە بوون کە هەر لە سەرتاوە دژی دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی بوون. دووهەمیان، هەندێک گرووپ و کەسایەتی ئایینی بوون کە بە شێوەیەکی نەریتی دژی تێکەڵ کردنی ئایین و دەسەڵات بوون و پێیان وابوو کە کەسانی ئایینی نابێ دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست.

یەکەم ڕەشنووسی دەستوور لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی حەسەن حەبیبی لە کاتی مانەوەی خومەینی لە پاریس کاری لەسەر کرا. بە گوتەی هاونووسەرانی ڕەشنووسەکە، تێکەڵەیەک لە دەستووری فەڕانسە و دەستووری ڕێژیمی پێشووی ئێران بوو. لەو ڕەشنووسەدا کە نووسینێکی زیاتر سێکۆلار بوو، باسی پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ نەکراوە و لە جیاتی وەلی فەقیهـ سەرکۆمار بەرپرسی یەکەمی وڵاتە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەرکۆمار و سەرۆکوەزیران پێکهاتوە. کەسانی ئایینی تەنیا لە ڕێگەی پاڕلمانەوە بۆ هەندێک لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان دەستنیشان دەکرێن. پۆستە هەتاهەتایی‌یەکانی شوڕای نیگابان دراوە بە شارەزایانی ئایینی. هیچ پۆستێک لە دەسەڵاتی دادوەری بۆ کەسانی ئایینی دیاری نەکراوە. بەپێی ئەو ڕەشنووسە، ڕێژیمی سیاسیی ئێران ڕێژیمێکی پارلمانی و خەڵکییە کە لەودا دەسەڵاتی ئایینی لەژێر کۆنتڕۆڵی دەسەڵاتی خەڵکی دایە و ڕەهەندی ئایینی تەنیا ڕەهەندێکی سیمبۆلیکە لە بواری یاسادانانادا. بڵاوکردنەوەی ئەو ڕەشنووسەی دەستوور، قۆناغی یەکەم لە پلان و سێناریۆی خومەینی و هاوڕێکانی بوو بە مەبەستی وەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵکی ئێران و هەروەها ڕای گشتیی جیهانی. قۆناغی دووهەمی پڕۆژەی خومەینی، گواستنەوە و پەسندکردنی بیرۆکەی کۆمارێکی ئیسلامی بوو لە لایەن خەڵک و لایەنە دیارەکانەوە. قۆناغی سێهەمی پڕۆژەکەش، پێداچوونەوە و گۆڕانکاری لە ڕەشنووسەکەدا بوو، بە مەبەستی جێگۆڕکێی سیفەتی سێکۆلاری دەستوور بە ئایین، کە لەلایەن کۆڕی شارەزایانی دەستوورەوە ئەنجام دەدرا (مەجلیسی خوبرەگانی یاسای بنەڕەتی گرووپێکی ٤٠ کەسی بوون کە زۆرینەیان شوێنکەوتووی خومەینی بوون). لە ئەنجامدا، بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهـ کە لەلایەن خومەینییەوە داڕێژرابوویەوە و پەرەی پێدرابوو، دەبێتە پرەنسیپی بنەڕەتیی نوسخەی نوێی دەستوور، پرەنسیپێک کە خومەینی دەباتە سەرووی هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە و دەیکا بە گەورەترین ڕێبەری ئایینی شیعە یان وەلی فەقیهـ هەر لە یەکەم کاتژمێرەکانی پێداچوونەوەی ڕەشنووسی دەستوور، خومەینی نامەیەک ئاراستەی کۆڕی شارەزایانی دەستوور دەکا:

**[...] " زانایانی ئایینی بەشداری کۆڕی شارەزایانی دەستوور، ئەگەر پێیان‌وایە مادەیەکی دەستوور دژی ئیسلامە، دەبێ بەئاشکرا ڕایبگەیەنن، نابێ ترسیان لە مشتومڕی ڕۆژنامە و نووسەرە بەڕۆژئاوابووەکان هەبێ، کە خۆیان وەکوو دۆڕاو دەبینن" [...]**

**خومەینی، شاری قوم ، ٢٩ی ئووتی ١٩٧٩**

نوسخەی نوێی دەستوور لە دێسامبری ١٩٨٠دا پەسند کرا، کە لەودا ڕێژیمی سیاسیی ئێران وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران ناسێندراوە، ڕێژیمێکی سیاسی لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی (تاکخودایی)، دەسەڵاتی خودا، سەروەریی خودا و پەیڕەوی لە خودا(١). بە گوێرەی ئەو دەستوورە نوێیە، لە کۆماری ئیسلامیدا، دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینی تێکهەڵکێش کراون و ڕێبەری ئایینی وەکوو نوێنەری دەسەڵاتی خودا لەسەر زەوی دیاری کراوە. یاسا و ڕێساکانی کۆمار بە یاسا و ڕێساکانی مەزهەبی شیعە چوارچێوەدار کراون. بۆ دامەزراندنی خەلافەت لە ئیسلامی سیاسیی نەریتیدا، سێ سەرچاوە بە بنەما دەگیرێن: قورئان و پێغەمبەر و شەریعەت، بەڵام خومەینی مۆدێلێکی نوێی تایبەتی لە ئیسلامی سیاسی تیۆریزە کرد، ئیسلامێکی سیاسی لەسەر بنەمای ویلایەتی فەقیهـ پرەنسیپێک کە ڕێگە دەدا فەقیهێکی شیعە دەوڵەتێک بە تەنیا بەڕێوە ببا . خومەینی و شوێنکەوتووەکانی نەک تەنیا خۆیان و بیرۆکەکانیان بە سەر دەستوورو دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا سەپاند، بەڵکوو تەواوی دژبەر و نەیاری بیرۆکەکانی خۆیانیشیان لەنێو برد. فاکتەرەکانی سەرکەوتنی خومەینی لە سەپاندنی ئایدۆلۆژیاکەی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەزهەبی جۆراوجۆرن: یەکەم، ڕکابەرەکانی خومەینی بەسەر گرووپی جیاوازدا دابەش ببوون، کەچی لایەنگرەکانی خومەینی لە دەوری یەک ئایدۆلۆژیا کۆ ببوونەوە و گرووپێکی کۆنکرێتیان پێک هێنابوو. دووهەم، خومەینی بەهۆی گوتارەکانیەوە لە بەرژەوەندیی جەماوەر و بەتایبەتی چینی هەژار، ببوو بە کەسایەتی‌یەکی کاریزماتیک. سێهەم، هەبوونی تۆڕێکی ئایینی کە لە نێو کۆمەڵگەدا ڕیشەی مێژوویی و نەریتی هەبوو. چوارەم، شەڕی ئێران و عێراق وایکرد کە ئێرانییەکان لە دەوری بەرپرس و ڕێبەرانی ئێران کۆ ببنەوە، کەسانی نەتەوەیی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران لە دژی هێرشی دەوڵەتێکی عەرەبی و مەزهەبییەکانیش بۆ پاراستنی مەزهەبەکەیان لە بەرامبەر هێرشی دەولەتێکی سوننی.

### جێگیرکردنی دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی

دەستووری بنەڕەتیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا پەسند کرا و لە ساڵی ١٩٨٩دا گۆڕانکاری تێدا کرا. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو جۆرە دامەزراوە پێک هاتوە: یەکەمیان، دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانن وەکوو پاڕلمان و سەرکۆمار کە ئیلهامی لە کۆماری پێنجەمی فەڕانسە وەرگرتوە. دووهەمیان، دامەزراوە مەزهەبی و ناهەڵبژێردراوەکانن کە زاڵن بە سەر دامەزراوە هەڵبژێردراوەکاندا. ڕەوایی دامەزراوە مەزهەبییەکان گرێدراوی پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهە و لە ماوی دەرنەکەوتنی ئیمام مەهدی وەکوو نوێنەری خودا لە سەر زەوی، وەلی فەقیهـ وەکوو جێگرەوەی مەهدی، دەوڵەتی ئیسلامی بەڕێوە دەبا(٢). وەلی فەقیهـ بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە، پێویستە پلەی مەرجەعی هەبێ (مەرجەع لە ئایینی شیعەدا کەسێکە کە شوێنکەوتووی هەن‌و دەتوانێ شیکردنەوەو واتاکردنەوەی تایبەت بە خۆی لە نووسینەکانی ئیسلام هەبێ). نوسخەی کۆتایی دەستوور لە ڕێگەی ڕێفراندۆمێک لە ٢و ٣ی دێسامبەری ١٩٧٩دا بە دەنگی زیاتر لە ٩٩ لە سەدی خەڵکی ئێران پەسند کرا. لە پێشەکیی دەستووردا، هەم دەستوور و هەم شۆڕش و هەم خەڵکی ئێران بە ئیسلامی ئەژمار کراون. مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، وەکوو ئایینی فەرمیی وڵات دیاری کراوە و کەمینە ئایینیەکانی دیکە و مەزهەب و لکەکانی دیکەی ئیسلام و تەنانەت لکەکانی دیکەی شیعەش وەلا نراون. بە گوتەی خومەینی، مەرجەع ڕۆڵی پێغەمبەری ئیسلام‌و جێنشینەکەی عەلی دەگێڕێ(٣). بەپێی دەستوور، دین دەبێتە بنەمای هەموو شتێک، یاسا، ماف، دادوەری، چوارچێوەی کۆمەڵگە، ڕەفتاری تاکەکان و بنەمای دامەزرواوە دەوڵەتییەکان.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کۆماری ئیسلامیدا ناڕوونە، لە بەر ئەوەی خاڵی دژ بەیەک لەنێوان ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهو دەستووری بنەڕەتیدا هەن. خومەینی لە کتێبەکەیدا بە ناوی ویلایەتی فەقیهـ کە لە ساڵی ١٩٧١دا بڵاوی کردۆتەوە، دەستوور، کۆمار و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕەت دەکاتەوە، چونکە پێی‌وایە ئەو چەمکانە هی دەوڵەتێکی سێکۆلار و نامەزهەبین کە لەسەر بنەمای یاسا زەوینییەکان دامەزراوە و لەلایەن مرۆڤەکانەوە داهێنراوە، لە کاتێکدا، لە دەوڵەتێکی ئیسلامیدا، یاسا ئاسمانی‌یەکان چوارچێوەی دامەزراوە دەوڵەتییەکان دیاری دەکەن. پرەنسیپی جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستووری ئێراندا دژایەتی لەگەڵ پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهدا هەیە، چونکە وەلی فەقیهـ لە بەرامبەر هیچکام لە دەسەڵاتەکانی دیکەدا بەرپرسیار نییە و ڕەواییەکی ئاسمانی پێ بەخشراوە. کاراکتەری تێکهەڵکێش کردنی کۆماری و ئیسلامی لە دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەرهەمی ڕوانگەی کردەگەرێتی و پراگماتیکی خومەینییە، چونکە ئەو دەیزانی کە ئێرانییەکان ڕێژیمی پاشایەتییان بۆ ئەوە نەڕووخاندوە کە ڕێژیمێکی دیکەی وەکوو ئەو لەژێر دەسەڵاتی کەسێک جێی بگرێتەوە. هەر بەو مەبەستەشە کە دەستووری ئێران ڕەهەندی کۆماریش لە خۆ دەگرێ کە لە دوو دەسەڵاتی جێبەجێ‌کردن و یاسادانان پێکهاتوە و بە دەسەڵاتی خەڵکی ناسراون.

بەپێی دەستووری بنەڕەتیی ئەوکاتی ئێران، کۆماری ئیسلامی سیستەمێکە کە لەودا دەسەڵاتی جێبەجێ‌کردن دەسەڵاتێکی دوو سەرە، کە پێکهاتوە لە سەرکۆمار و سەرۆکوەزیران. سەرکۆمار لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ و سەرۆکوەزیران دەستنیشان دەکا. دەستنیشان کردن و لابردنی وەزیرەکان لە لایەن سەرۆکوەزیرانەوە، دەبێ ڕەزامەندی سەرکۆماریشی لەگەڵ بێ(٤). لەگەڵ ئەوەشدا کە بەپێی دەستوور، سەرکۆمار دەسەڵاتی زۆری پێدراون، بەڵام لە کردەوەدا دەسەڵاتەکانی بەردەوام پێشێل دەکران، چونکە سەرۆکوەزیران، هەندێک لە وەزیرەکان و بەشێک لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان لە ژێر کۆنتڕۆڵی سەرکۆمار چووبوونە دەرەوە و خومەینی و دامەزراوە هەڵنەبژێردراوەکان ڕاستەوخۆ دەستێوەردانیان تێدا دەکردن. زۆرێک لە وەزیر و بەرپرسەکان بەسەر کابینەدا دەسەپێندران و سەرکۆمار دەسەڵاتی لەکار لادانیانی نەبوو. لە لایەک کێشەی نێوان سەرکۆمارو سەرۆکوەزیران، لە لایەکی دیکە، کێشەی نێوان پارلمان و شوڕای نیگابان بە کردەوە دەستووری بنەڕەتی خستبووە پەراوێزەوە و سیستەمی سیاسیی گەیاندبووە بنبەست. ئەوە وایکرد کە دەستووری بنەڕەتی لە ساڵی ١٩٨٩دا گۆڕانکاری تێدا بکرێ.

***

بن‌نووس:

١) دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ٣ی دیسامبەری ١٩٧٩، فەسڵی یەکەم، مادەی دووهەم، پێداچوونەوە لە ٢٨ی جولای ١٩٨٩.

٢) بە پێی نەریتی ئایینی شیعە، ئیمام مەهدی دوازدەهەمین ئیمامی شیعەکان، دوای لەدایکبوونی دیار نەماوە و ڕۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە سەر جیهاندا حکوومەت بکا. هەر بۆیە، هیچ کەس ڕەوایی ئەوەی پێ نەدراوە بەر لە دەرکەوتنەوەی مەهدی جێگای ئەو بگرێتەوە. هەندێک لە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە (مراجع) لە سەر ئەو بنەمای دژایەتی خومەینی و پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ دەکەن.

٣) بەپێی ئایینی شیعە، ئیمام عەلی ئامۆزای پێغەمبەری ئیسلام، یەکەم جێنشینی پێغەمبەرە، بەڵام بە پێی ئایینی سوونە، ئیمام عەلی چوارەمین خەلیفەی ئیسلامە. ئەو بابەتە هۆکاری زۆرێک شەڕەکانی نێوان شیعەو سوننی بووە.

٤) مادەی ١٢٤ی دەستووری بنەڕەتیی ١٩٧٩ی ئێران.

# ئێعدام، سووڕی بەردەوامی تاوان و توندوتیژی



هەردی سەلیمی

”مافی ژیان لە سەرەوەی هەموو شتێکە. مافی ژیان لایەنی سەرەکیی مافەکانی مرۆڤە. هیچ پێوەندییەک لەنێوان سزای ئێعدام و کەمبوونەوەی ڕێژەی ڕوودانی جەنایەتدا نییە.*

ئێران یەک لەو وڵاتانەیە کە بەپێی ئامارە فەرمی و نێودەوڵەتییەکان لە ڕیزی سەرەوەی ئەو دەسەڵاتانەیە لە جیهاندا کە زیاترین سزای ئێعدامی تێدا دەدرێ و جێبەجێ دەکرێ. لە ئێراندا ئێعدام یاساییە و، هەندێک لەو جورمانەی کە سزای ئێعدامیشیان بەسەردا دەسەپێ و لەم وڵاتەدا دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە بریتین لە: جورمە سیاسییەکان، کوشتنی بەئەنقەست، دەستدرێژی، دەستدرێژیی سێکسی بۆسەر منداڵان، جورمە سێکسییەکان لەوانە زینا و لەوات (لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە)، شەڕ لەدژی خوا، هەڵگەڕانەوە لە دین و کڕین و فرۆشی مادە سڕکەرەکان و ... بۆیە لەم باسەشدا لە وشەی ئێعدام کەڵک وەردەگیرێ چون شێوەکانی لە نێو بردن زۆرن و تەنیا لەسێدارەدان نییە.

لەم دواییانەدا و سەرەڕای ئەوەی کە ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانەیە تووشی بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی نەخۆشیی کرۆنا بووە و، هەر بەم بۆنەیەشەوە بە چەندین جار دەسەڵاتی ئەم وڵاتە لە لایەن چالاکانی مەدەنی و هەروەها ڕێکخراوە مەدەنییە نێونەتەوەییەکان بەرەوڕووی داواکاریی بەردانی زیندانییان بۆ پاراستنی سلامەتییان بووەتەوە، بەڵام نەک لەم بارەوە وڵامدەر نەبووە بەڵکوو هەر لەم ماوەیەدا پتر لە چل کەسی ئێعدام کردوە. دەبێ ئەمەشی لێ زیاد بکرێ کە هەندێک لە ئێعدامەکان لە مانگی ڕەمەزاندا کە مانگێکی حەرامە بەڕێوە چوون.

ئەوەش بڵێین هەر لەم ماوەیەدا دوو منداڵ–تاوانبار لەسێدارە دراون کە لە کاتی تووشبوونی تاوانەکەیان و دەرچوونی بڕیاری دادگا تەمەنیان خوار هەژدە ساڵ بووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێران لە ساڵی ٧٢ەوە کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵانی ئیمزا کردوە.

مەبەستی ئەم بابەتە نەک هێنانەوەی ئامار بەڵکوو شیکارییەک بۆ ئەم جۆرە لە سزایەیە –لێرەدا هەوڵ دراوە زیاتر باس لە تاوانی کوشتن بکرێ– کە توندترین جۆری سزادانە و کەسی تاوانبار یا بێتاوان ژیانی لێ دەستێندرێ.

ئێعدامیش وەک هەر دیاردەیەک لایەنگر و دژبەری تایبەت بە خۆی هەیە، کۆنترین لایەنگرانی سزای ئێعدام بە پشبەستن بەم دێڕە کە لە کتێبی ”پیرۆز“دا هاتوە – گیان لەبری گیان، چاو لەبری چاو و ددانیش هەروەتر– بەڕێوەچوونەکەیان پێ باش بووە و ماون ئەو کەسانەی وا هەر لەسەر ئەم ڕێبازەشن. ئەمەش نەک خەڵکانێکی ئاسایی بەڵکوو فیلسووفێکی وەک ”کانت“یش لەسەر ئەم باوەڕە بوو. بەڵگەهێنانەوەی دیکەی لایەنگران ئەوەیە کە پێیانوایە ئێعدام دەسکەوتێکی پێشگیرانەی گشتیی لێدەکەوێتەوە کە ئەم ڕوانگەیە نوێترە، چونکوو لە ڕابردوودا ئەم باوەڕە نەبووە کە هەر تاوانێک بیرۆکەیەکی تاوانبارانەی لە پشتە و دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ. لە قۆناغی دواتردا لەسەر ئەو باوەڕەن کە کۆمەڵگە پێویستی بە ئاسایشێکی سەقامگیر هەیە و ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی بەردەوامیی ئێعدامەوە دەستەبەر دەکرێ و؛ دوایین بەڵگەهێنانەوەی ئەم کەسانەش ئەوەیە کە تێچووی ماڵیی ئێعدام کەمترە.

بەڵگەی یەکەم ڕوانگەیەکی سەردەمی بەردینەکانە و جێگەیەکی لە سیستمی یاسایی مۆدێرندا نییە، لەوێدا تەنیا ڕووداوەکە پێوەرە نەوەک دۆخی ڕوودانی ئەو ڕووداوە و، ئەمەش هەڵوێستێکی تۆڵەستێنانەیە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شێوازی تۆڵەکردنەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا نییە. بە تایبەتی نابێ ئەم خاڵە گرینگە لە بەرچاو نەگرین کە لە حاڵەتی کوشتندا دۆخێکی زۆر تایبەت لە ئارادایە و بە دڵنیاییەوە مەرجی پێویست لە هەندێک حاڵەتدا دەروونێکی بێبەزەیی نییە و ڕەنگە هەر کەسێک لە دۆخێکی وادا کە مێشکی لەکار بکەوێ و لە باری دەروونییەوە شتێکی دەرەکی هانی بدا تووشی هەمان دژکردەوە بێتەوە. ئەوەش بڵێین کە باس لە کوشتن دەکرێ، لێرەدا تەنیا کوژراو بۆی هەیە تۆڵە بکاتەوە و ئەویش مردوە، لە ڕاستییدا کەسانی دی بەدوای دادپەروەرییەوە نین و دەکرێ بڵێین گرێ دەروونییەکانیان بەو تۆڵەیە دەکەنەوە.

بۆ ئەوەی کە دەڵێن دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی لادانە کۆمەڵایەتییەکانیش نموونەی دژبەمە زۆرە و لە ڕاستییدا دەتوانین بڵێین ڕێک بە پێچەوانەیە، بەرچاوترین شایەدی ئەم ئیدعایە دۆخی نالەباری کۆمەڵگەی ئێران و ڕێژەی بەرزی زیندانییانی تاوانە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم وڵاتەیە. بە دەردی ڤیکتۆر هۆگۆ نووسەری فەڕانسەیی: ئایا پێتان وایە لە ئێعدامدا پەندێک هەیە؟ بۆچی؟ لەبەر ئەو شتەی فێرمان دەکا؟ مەگەر بەم پەندە چی فێری خەڵک دەکرێ؟ ئەوەی کە نابێ بکوژن؟ ئەم وانەیە بە کوشتن فێری خەڵک دەکەن؟

بە درێژایی ئەم ساڵانە کە لە ئێران بە چەندین جار باندی تاوانبارانی کۆمەڵایەتی گیراون و پاشان ئێعدام کراون، هیچ کام لەم هەوڵانە نەبووەتە هۆی ئەوەی دەسکەوتێکی بەرهەست ببیندرێ و ئەمنیەت و ئاسایشی کۆمەڵگەی لێ بەرهەم بێ و، ڕێک بە پێچەوانەشەوە درێژەی ئەم هەوڵانە خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسانە لە کۆمەڵگەدا زاون و زیادیان کردوە، دەنا هەر لە یەکەم تاقمی ئێعدام کراوەوە بنەبڕ دەبوون. ناکرێ ئاماژەش بەوە نەکەین کە زۆربەی ئەم تاوانانە لە لایەن منداڵانی هەژاری کۆمەڵگەوە ڕوو دەدا و بە جۆرێک دەتوانین بڵێین تۆڵەیەکی گشتییە و بێجگە لەمەش کەسانی پەراوێزخراو بە ئێعدامی هەندێک کەس دەیانهەوێ بکەونە کانوونی سەرنجەکانەوە و لەو پەراوێزییە هەرچەندە بە تێچووی گیانیشیان بێ بێنە دەرەوە و بچنە نێو دەقی سەرنجەکانەوە.

بۆ وڵامی ئەو مەنتقە کە تێچووی کەمی ماڵیی ئێعدام دەکاتە پێوەر دەتوانین بڵێین ڕوانگەیەکی نائەخلاقییە و ڕەنگە وەک ئەوە وابێ کە پیر و بەساڵاچووانی کۆمەڵگەیەک پاکتاو بکرێن بەو هۆیەی کە توانای هیچ بەرهەمهێنانێکیان نییە و لە کەڵک کەوتوون. دەنا سیستمی دەسەڵاتی وڵامدەر و بەرپرس لە بەرامبەر گیانی دانیشتووانی وڵاتەکەی، خۆی بە ئەرکدار دەزانێ ئەگەر تاوانباریشی تێدا بێ. بۆ کۆتایی هێنان بەم بەشەی بابەتەکە توێژینەوەیەکی زانستی لە خوارەوە دێنمە بەر باس:

لە ئاکامی توێژینەوەیەکی زانستیی ورد کە لە ساڵی ٢٠١٢ لە (American Economic Review)دا بڵاو بۆوە، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە سزای ئێعدام نەیتوانیوە تاوان کەم بکاتەوە. لەم ڕاپرسی و توێژینەوەیە کە لەگەڵ شارەزایانی کۆمەڵگەی تاوانناسییدا بەڕێوە چووە نیشان دەدا تەنیا ٥٪ی ئەم کەسانە پێیان وا بووە سزای ئێعدام دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی کوشتن و ٨٨٪ی ئەوان ڕێک بە پێچەوانەوە بیریان کردوەتەوە. هەر لەم توێژینەوەیەدا زۆربەی شارەزایان لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە باس و مشتومڕ لەسەر سزای ئێعدام، وشیاریی یاسادانەران و جێبەجێکەرانی یاسا لە گرتنەبەری ڕێکاری کاریگەر کە دەبێتە هۆی دابەزینی تاوان بە خۆوە سەرقاڵ دەکا و لە ئەسڵی بابەتەکە لادەدەن. ڕێکاری وەک بەرنامەگەلی پشتیوانی لە منداڵان لە تەمەنی کەمدا، قوتابخانە و فێرگەکان، فێرکاریی پیشەیی، داهێنانی وەک ”دەرمانی توندوتیژی“ (Cure Violence) لەدژی توندوتیژیی باندە تاوانکارییەکان و بەرنامەی وەک ”بوونە پیاو“ (Becoming a Man) بۆ ئەو لاو و نۆلاوانەی وا لەژێر مەترسیی و هەڕەشەدان.

لێرە بە کورتی ئاماژە بە هەندێک کاریگەریی نەرێنیی ئێعدام لەسەر لایەنی دەروونیی کەسوکاری ئەو کەسە دەکەین کە ئێعدام کراوە. ئێعدامی کەسێک کە تاوانێکی کردوە بە تایبەتی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نائیرادی دەکرێن و هیچ کام لە ئەندامانی بنەماڵە دەستیان تێدا نەبووە، بەڵام سێبەری ڕەشی کاریگەریی ئەم کوشتنە هەتا هەتایە بەسەر ئەو بنەماڵەیەدا زاڵە. خۆ ئەگەریش کوشتنێک یان چەند دانە کوشتن بەئەنقەست و بە ئامانجێکی لەپێشدا دیاریکراو کرابێ ئەوە دیسان ئێعدام ناتوانێ چارەسەر بێ بۆ ئەو کەسە چونکوو لە ڕاستییدا کەسی وا پێویستی بە نەخۆشخانەیە زیاتر هەتا زیندان و سزای ئێعدام.

ئێعدام بە گشتی و ئێعدامێک کە لە بەرچاوی جەماوەری خەڵکدا دەکرێ، کارتێکەریی خراپی لەسەر تاک بە تاکی کۆمەڵگە دەبێ، یەکێک لەم کاریگەرییە نەرێنییانە چاندنی تووی ڕق و قین و توندوتیژییە ئەمە بە تایبەت لەسەر بنەماڵەی ئێعدامکراو زۆر ڕاستە. زۆربەی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لە دوای ئەوە ناچنەوە سەر ڕەوتی ئاسایی ژیان و بیرۆکەی تۆڵە –چ دەروونی چ کرداری– لە مێشکیاندا دروست دەبێ. لەم پێوەندییەدا منداڵانێک کە باوک یا دایکیان ئێعدام دەکرێ زۆرترین زەبری دەروونییان لێ دەکەوێ و ڕەنگە بە دڵنیاییەوە بتوانین بڵێین هیچ کاتیش قەرەبوو نابێتەوە؛ لەوانە دەتوانین ئاماژە بە کەمیی باوەڕبەخۆیی، هەستی شەرم لە خۆ و ئەوانیدی، درۆکردن لە بارەی دۆخی ئارایی، نەتوانینی ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو دۆخەی تێیدان، تووڕەیی، بێمەیل بوون بە خواردن، پەنا بردنە بەر سیگار و خواردنەوە ئەلکولییەکان و هەندێک جار مادە سڕکەرەکانیش، نەمانی هۆگری بە کایە و خوێندن، بێخەوی و نەمانی هۆش و ... بکەین و هەروەها لە ڕووی ئاکاریشەوە لەگەڵ هەندێک کێشەی وەک؛ جنێودان (بە خۆ و بە کەسانی تر)، تووڕەیی لە کرداردا، شەڕ کردن، گۆشەنشینی و ... بەرەوڕوو دەبنەوە.

ئەمە بەشێکی کورت بوو لەو کاریگەرییە خراپانە کە دەتوانێ زۆر زیاتر و فرەڕەهەندتریش بێ و کار بکاتە سەر زۆربەی بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و هیی تری ئەو کەسانە.

لەم بەشەشدا کورتەیەک لە ڕۆمانی ”گێلۆکە“** لە نووسینی داستایێڤسکی کە لەسەر حاڵەتی دەروونیی کەسی ئێعدامییە دێنمەوە بۆ ئەوەی قورسایی ئەم جەنایەتە زیاتر دەربکەوێ –وەک لە هاوڕێیەکم بیست کە چووبوو تەرمی ”شایان سەعیدپوور“ی دیبوو دەیگوت: ”هەموو لێوی هەڵدڕابوو و خوێناوی بوو، ئەوەندە لە ترسی گیانی لێوی خۆی گەستبوو.“– : ”کاتێک کەسێک بە ئەشکەنجە دەکوژن، ڕەنج و ئازاری برینەکان جەستەییە و، ئەم ئازارە جەستەییە مرۆڤ لە ئازاری دەروونی بێئاگا دەکا، بە جۆرێک کە هەتا دەمرێ تەنیا ئازارێک کەوا دەیچێژێ هەر لەو برینانەیە. لە کاتێکدا دەردی سەر باری هەموو دەردەکان، ئەو ئازارەی وا کەس بەرگەی ناگرێ هیی برین نییە بەڵکوو لەوەدایە کە تۆ دەزانی و بە دڵنیاییشەوە دەزانی کە کاتژمێرێکی تر، لە دوای دە خولەکی تر، لە دوای نیو خولەکی تر، لە دوای هەر ئێستا، هەر لەم ساتەدا گیانت لە لەشت دەردەچێ و ئیتر مرۆڤ نی و هیچ ئەملا و ئەولایەکیشی نییە؛ گەورەترین دەرد ئەوەیە بەبێ ئەملاوئەولایە. سزای ئێعدام بە تاوانی مرۆڤکوژی، بە سەدان قات ترسێنەرتر لە خودی مرۆڤکوژییە. کوژرانی بە بڕیاری دادگا ئەوەندە ترسێنەرە کەوا هەر لەگەڵ کوژران بەدەستی تاوانبارێکەوە بەراورد ناکرێ.“

لە کۆتاییدا بڵێم لە دوای ئێعدامی ”شایان سەعیدپوور“ و ”مەجید ئیسماعیلزادە“ کە منداڵ–تاوانبار بوون و هەندێک لە ئێعدامەکانی دیکەی ئەم دواییانەش کە زۆربەیان بە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست بوو، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە بەم ئاراستەدا چوو. دەنا نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێعدامی دژبەرانی سیاسیی خۆیدا دەستێکی باڵای هەیە و بە تەنیا بە تاوانە کۆمەڵایەتییەکان دانەکەوتوە و، کوردستان لەم بارەیەوە هەر لە سەردەمی حاکم شەرعیی خەڵخاڵییەوە هەتا ئێستا تێچوویەکی زۆر گرانی داوە و تەنیا بە پێی ئامارەکانی حیزبەکانی دێموکرات و کۆمەڵە ٢٣٠٠ ئەندام و پێشمەرگەی ئەم حیزبانە بە تۆمەتی ”ئەمنیەتی“ –پرسی کوردستان پرسێکی سیاسیی نییە بە لای حکوومەتەوە و بەردەوام بە چاوێکی ئەمنیەتی سەیری کوردستان و پرسە نەتەوەییەکەی کراوە– لەدار دراون.

***

* شکیب قرطباوی؛ وەزیری دادی پێشووی لوبنان
** بەرامبەر بە وشەی ”ابلە“ لە فارسییدا



# پێشەوا قازی
# گاندی و ماندێلای کورد

**شاهۆ مەتین**

لە مێژووی هەموو نەتەوەکان، هەن ئەو مرۆڤانەی بەهۆی تایبەتمەندیی کەسایەتی و هەڵوێست و بڕیاریان لە بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەیان دەبنە هێما و شوناسی نەتەوەیان و شانازیی مرۆڤایەتی.

گاندی بە هۆی گرتنەبەری سیاسەتی بەدوور لە توندوتیژی دژی کلۆنیالیزم توانی بەرپەرچی داگیرکاریی بریتانیا بداتەوە و ئێستا بووەتە بیرۆکە و مێتۆدی خەباتێکی سەردەمیانە و بەم بۆنەیەوە جێگەی ڕێزی خەڵکانی دنیایە و بەتایبەتی لای هێندییەکان کە ڕزگارکەریان بووە، زۆر خۆشەویستە.

لە ئافریقای باشووریش، ماندێلا بە هۆی سیاسەتی دژە ئاپارتایدی سپیپێستەکان و خەباتێکی لە پێشدا چەکداری و دواتر مەدەنی، شکستی بەم سیاسەتە ڕاسیستییە هێنا و ئافریقای باشووری بەرەو دێموکراسی برد و بە هۆی خەباتی بێوچانی سەرۆک ماندێلا بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان، هەم گەلەکەی لە پاکتاوکردن ڕزگار کرد و هەمیش ئەم جۆرە خەباتە کرا بە پێناسەیەک لە خۆڕاگری بۆ هەموو گەلانی مافویست و ئازادیخواز.

لە مێژووی کوردانیش گەلێک زۆرن ئەو مرۆڤانەی بەهۆی گرتنە بەری سیاسەتی ئوسوولی و گیان بەختکردنیان هەردەم بە زیندوویی ماونەتەوە و ئاکار و ڕەوشتیان بۆتە قوتابخانەیەک بۆ ڕزگاری و ئازادی .پێشەوا قازی محەممەد یەکێک لەو ڕێبەرە کاریزماتیکانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە کە بە هۆی هەڵوێست و بڕیارەکانی لە بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەی لای هەموو ئەو مرۆڤانەی بە جۆرێک ناسیویانە بە زیندوویی و گەورەیی دەمێنێتەوە.

پاش ئەوەی پەیوەست بوو بە کۆمەڵەی ژێکافەوە بە هۆی ئەوەی خاوەنی کەسایەتییەکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو و کاریزما بوو، هەر زوو توانی کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دابنێ و لە ماوەیەکی کورتدا ببێتە بەرپرسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوەیە. پاشان بە تێگەیشتوویی لە سیاسەتی ئەو کاتی ڕێژیمی پاشایەتی و سیاسەتی جیهانی و هاتنی دوو زلهێزی وەک سۆڤیەت و بریتانیا بۆ ئێران و، نەمانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە زۆریەک لە ناوچەکانی ئێران و کوردستان بڕیاری بۆ ئاشکراکردن و بەرفراوانکردنی کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزراندنی یەکەم حیزبی مودێڕنی سیاسی بە مانیفێستێکی کوردستانی و خاوەن بەرپرسیارەتی و شوناسی نەتەوەیی دا.

هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەک حیزبێکی نەتەوەیی و خەباتکار بۆ شوناسخوازی ڕاگەیاند و، توانی هەموو چین و توێژەکانی جڤاکی کوردستان لە هەموو ئایین و ئایینزاکان و زاراوە جیاوازەکان لە هەموو جوغرافیای کوردستان تێدا بەشدار بکات و، بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسیی کورد بڕیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستانی لە ٢ی ڕێبەنداندا. بەم شێوەیە یەکەم دەوڵەتی کوردی لەسەر دەستی پێشەوا قازی لە شاری مەهاباد وەدی دێ.

بە هەڵوێست و کرداری پێداگرانەی لەسەر پرسی کورد کاریگەریی لەسەر کەسایەتییە سیاسی و سەربازییەکانی ڕووس، بریتانیا و ئێرانیەکان داناوە. هاوکاتیش بە پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییە گرینگ و شوێندانەرەکەی لە ئاستی کوردستاندا هەیبووە توانای ڕاکێشانی سەرنجی دۆست و دوژمنانی کوردی بۆ سەر دۆزی نەتەوەکەمان هەبووە و، توانیویەتی سیاسەت و بڕیاریان بۆ ئەو لایەنە ڕاکێشێ کە مەبەستی بووە.

بۆیە پێشەوا گەر لە ڕووی کەسایەتییەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە بەرچاوانە بووە و توانیویەتی شوێندانەر بێ لەسەر تاکی کورد و کەسایەتییە بیانییەکان، لە ڕووی سیاسییشەوە سەرەڕای دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، شێوازێک لە ئایدییا و خەباتی سیاسی و مەدەنیی ناتوندوتیژانە لە پێشەوا قازیدا هەیە کە لە گاندی و ماندێلاشدا بەرچاو دەکەوت.

پێشەوا قازییش بەو خۆشەویستییەی بۆ هاونیشتمانییانی هەیبوو، سەرەڕای ئەوەی کە خاوەن دەوڵەت و چەکوچۆڵ و هێزی مرۆیی گیان لەسەر دەستیش بوو، بەڵام بە باشی ناخی دەسەڵاتدارانی پاشایەتیی دەناسی کە بێبەزەیین بەرامبەر بە خەڵکی کورد و دەوڵەتی دێموکراتیکی کوردستان و خودی کەسایەتیی پێشەواش، دیسان بە تێگەیشتنی لەم ئەسڵە ”کە لە سیاسەتدا دیپلۆماسی براوەی یەکەم و کۆتایی شەڕ و ئاشتییە“، دەچێتە تاران و وتووێژ لەگەڵ سەرانی ڕێژیم لەسەر مافی گەلی کورد دەکا و بە هەموو پێوەرەکان بە قەناعەتیان دەگەیەنێ کە ئەم دەوڵەتە دێموکراتیکەی کوردستان و ئەقڵیەتی بەڕێوەبەرییەکەی، مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ڕێژیم نییە. بەڵام سوێندخۆرانی دیکتاتۆریی پاشایەتی کە سیاسەتی یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە و یەک زمان و خاکیان پەیڕەو دەکرد، لە ژێرەوە دوژمنایەتیی خۆیان لە دڵدا ڕاگرت و دواتریش ئەم ڕقەیان ڕشت.

دروستە حەزرەتی پێشەوا بە جەستە لە نێوماندا نەماوە بەڵام بە دڵنیاییەوە بیر و ئەندێشەکانی زیندووە و دامەزراندنی دەوڵەتی دێموکراتیکی کوردستان وەک ستراتێژیی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، زیندووکردنەوەی کۆمارەکەی پێشەوا قازییە.

لە بەستێنی نێوخۆییشدا بە گرتنە بەری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژانە بە ئیلهام وەرگرتن لە پێشەوا قازی لە لایەن ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ڕێبازی پڕهیوا و ئاشتیخوازانەی پێشەوا بۆتە سەمبولی بەرخۆدانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ڕێبازی پڕسەروەریی پێشەوا قازی بە شێوەی سیاسی و مەدەنی بۆ دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان وەک چرای هیوای هەر تاکێکی وریا و تێگەیشتووی کورد درێژە پێدەدەن.

لە کۆتاییدا باش وایە فەرموودەکەی پێشەوا قازی لە کاتی دادگایی کردنی دووبارە بکرێتەوە:

”باش بزانن هەر دڵۆپە خوێنێکی من هەزاران قازی محەممەدی لێ دروست دەبێ.“

ئێستاش هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان، تێکڕا دەڵێین: ”ئێمە پێشەوا قازیین بۆ ڕزگاری و ئازادی“ و تاکوو لەسەر گۆڕی پیرۆزی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدان گوڵە شلێرە نەڕوێنین، دەست لە خەبات و ڕێبازی پێشەوا هەڵناگرین.

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## باوەڕ بە گەیشتن چەکی دەستی زیندانیی سیاسی (٢_٢)



سەلاح خزرپوور

زیندان شوێنێکی داخراوە و زیندانی بۆ هەموو شتێک سنووردارە، بەڵام زیندانیی سیاسی هیچ هەل ودەرفەتێک لەکیس خۆی نادا و زیندانیش دەکاتە سەنگەری خۆڕاگری و خۆپێگەیاندن. ئەمنیش پشتبەستوو بە جێگە و پێگەی حیزبەکەم و بیروباوەڕی پیرۆزم کە لەسەری گیرابووم، هەوڵم دا هەموو کاتەکانم بە خوێندنەوە و وەرزش پڕ بکەمەوە.

دوای شەش مانگ مانەوە لە زیندانی ورمێ پێوەندیمان لەگەڵ حیزب دروست بۆوە و نامەیەکی کاک کەمال کەریمی لە ڕێگای هاوڕێیانی تەشکیلاتی نهێنی بە دەستمان گەیشت. نامەیەکی کورت بەڵام بە نێوەرۆک کە تێیدا هاتبوو ئەو ڕووداوە ناخۆشانە کۆتایی ژیان نییە، بەڵکوو دەکرێ سەرەتایەک بێ بۆ ژیانەوە و دەستپێکردنەوەیەکی دی. هەر ئەو نامەیە ورەی زۆری داینێ و وایکردکە زۆر زوو خۆمان لەگەڵ وەزعی زیندان بگونجێنین و ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین.

پێم باشە لێرەدا باسی دوو دیاردە بکەم کە بە ئاگاداریی وردی بەرپرسانی زیندان و ئیتلاعات دەستی جێبەجێ دەبوون. یەکەم بڵاوکردنەوەی مادەی هوشبەر و دووهەم بە جاسوسکردنی کەسەکان لەسەر هاوبەندییەکانیان. لە کەس شاراوە نییە کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا مادەی هوشبەر قوولە دەکا و بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکان بۆتە سەرچاوەیەکی گرینگی داهات و هەموو بەرپرسانی زیندان لەو گەندەڵییە گلاون. زۆر کەس هەبوون بە ساغی و لەبەر کێشەیەکی بچووک هاتوونەتە زیندان و بە مۆعتادی چوونەتە دەر. ئەو پیلانانە بۆ بەندییە سیاسییەکان بەربڵاوتر بوو، و هەوڵی زۆریان دەدا کە زیندانییە سیاسییەکان موعتاد بکەن هەتا لەو ڕێگەیەوە ئیرادەیان تێک بشکێنن و بەسەریاندا زاڵ ببن؛ بەڵام ئەمە هەوڵێکی نەزۆک بوو و براوەی ئەم کێبرکێیە لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا هەر زیندانییانی سیاسی بوون.

هەروەها بەرپرسانی زیندان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان کە دەیانویست ئاگایان لە هەموو هەست و نەستی زیندانییانی سیاسی بێت، بۆ ئەو مەبەستە کاریان لە سەر هێندێک کەسی نەفەس نزم دەکرد و پێیانوابوو دەتوانن لەو ڕێگایەوە کۆنترۆلی بەندییە سیاسییەکان بکەن و کێشە و ناکۆکییان لە نێواندا دروست بکەن کەو لەو هەوڵەشدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان نەبوو.

ئەمن لەو ماوەیە شاهیدی ئێعدامی چەند کەس لە هاوڕێیانم بووم. شەهیدان خالید شوقی، هەمزە قادری، ئەنوەر جەوانمەردی کە بەڕاستی نموونە و ئۆلگووی خۆڕاگری بوون. ئەوان بە پێکەنینەوە بەرەو پێلی پەتی سێدارە هەنگاویان نا بۆوەی نەکا دووژمن هەست بە سەرکەوتنی خۆی بکا. شەهید خالید شوقی پێش ئێعدامکرانی دڵخۆشیی ئێمەی دەداوە و ورەی پێدەداین. ئەو بە پێکەنینەوە دەیگوت کوڕینە نەچن بۆم ناراحەت بن، خۆ ئەگەر حەفتا جار ئێعدامم بکەن ناتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە (ئاماژەی بەو حەفتا عەمەلیاتە بوو کە فەرماندەیی کردبوون و لەسەریان نووسیبوو). یان شەهید ئەنوەر جەوانمەردی کە بە هەڵاویشتنی نۆقل و شیرینی ماڵئاوایی لە هاو بەندییەکانی کرد و گوتی لەو ڕێگایەی گرتوومەتە بەر پەشیمان نیم و تاهەتایە بە ڕێگایەکی پیرۆزی دەزانم.

باسی کاک محەمەد شارویرانی وەک نموونەیەکی دیکەی ئەم خۆڕاگرییەش دەکەم کە بە خۆشییەوە ئێستا لە ژیاندایە. کاک محەممەد بەبریندارى دەگیرێ و بەهۆی پێڕانەگەیشتن و پشتگوێخستنی برینەکانی بە داخەوە لاقی دەبڕنەوە. جارێکیان دوای ئەو هەموو جارانەی کەوتبووە بەر تیغی جەراحی لە زیندانی مهابادڕا بە مەبەستی چارەسەر هێنابوویانە زیندانی ورمێ. ئەو ڕۆژەی لاقیان نەشتەرگەری کرد زۆر سارد بوو. هەر دوای عەمەلکردنی بە وەزعێکی زور نالەبار و بەبێ حاڵی فرێیان دابووە پشت قفڵ. بەهەر شێوەیەک بوو هێنامانەوە بەند. کاک محەمەد ئازاریکی زوری هەبوو، و نەک چارەسەر نەکرابوو، بەڵکوو وەزعی لاقی خەراپتر ببوو. هاوار و ناڵەی کاک محەمەد ئەو بەندەی داگرتبوو و بە ناچاری بردیان بۆ بێهداریی زیندان و من بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە خزمەتیدا بووم. نازانم چییان بەسەر هێنابوو کە خواردن و خەوتن و پشوودانی کاک محەمەد ببوو بە هاوار و ناڵە و کەسیش جوابی نەدەداینەوە. ناکرێ و ناتوانرێ ئەم ڕۆژانە و ئەم دیمەنانە بێنییە سەر کاغەز و ئەم هەموو ئازار و مەینەتییە بە وشە بنووسیتەوە.

دوای سێ ساڵ و نیو لە زیندانی ورمێڕا بۆ زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج دوورخراینەوە و بۆ ماوەی چەندین مانگ لە کاک ئیدریسی هاوڕێم جیا کراینەوە. بارودۆخی ئەو زیندانە زۆر سەخت بوو. بە کیلۆ مادەی هۆشبەر دەهاتە زیندان و ئێمەش تێکەڵاو بە زیندانیی موعتاد و تەزریقی کرابووین، بەڵام دەبوا بەرگەمان گرتبا و بەچۆکدا نەهاتباین. وەبیر قسەکانی بازجوو و قازیی پەروەندەکەم کەوتبوومەوە کە دەیانگوت دەتشکێنین، بۆیە بڕیارم دابوو هیچ شتێک نەتوانێ زەفەرم پێ بەرێ و بەمجۆرە توانیمان ئەم قۆناغە سەختەش بە ڕووسووری ببڕین.

ئاخرین یادەوەریم لەو زیندانە ئەوە بوو کە ئێمە لەمێژ بوو لە هەوڵی وەرگرتنی مەرەخەسیدا بووین و بنەماڵەکانمان بەرەوام بە دوای ڕێگایەکەوە بوون کە بۆ ڕۆژێکیش بێ لە زیندان بێینەدەر کە بەخۆشییەوە تێیدا سەرکەوتن و توانییان بۆ ماوەیەک مەرەخەسیمان بۆ وەرگرن.

دوای هاتنەوەم بۆ ماڵێ بۆ ماوەی دە ڕۆژێک لەگەڵ بنەماڵەکەم بووم و دوای هەماهەنگی لەگەڵ حیزب بڕیارمان دا بگەڕێینەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی. بەمجۆرە ڕۆژی ١٤ی ڕێبەندان گەیشتینەوە بنکەکان حیزب و دەستمان بە کاری حیزنی کردەوە و هیوادارم بتوانین تا وەدیهاتنی ئاواتی شەهیدەکانمان لەم ڕێگا پیرۆزەدا بەردەوام بین.

# ئاوڕێک لە جووڵانەوەی ٤٦_٤٧ لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی

دیمانە: عیسمەت نستانی

**مێژووی زارەکی واتە گێڕانەوەی شایەتحاڵەکانی ڕووداوە مێژووییەکان و پەردەلادان لەسەر هەموو ئەو گومان و ناڕوونییانەی لەسەر چۆنیەتیی ڕوودانی ڕووداوەکان هەن، دەورێکی گرینگی هەیە لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی مێژوونووسی. جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦–٤٧ وەک وێستگەیەکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆری لە ڕووی مێژووییەوە بەسەردا تێنەپەڕیوە، بەڵام نە تەنیا لایەنە جۆراوجۆرەکانی بە تەواوی نەخراونەتە ڕوو، بەڵکوو جیاوازیی بۆچوون لە مەڕ چۆنیەتیی سەرهەڵدان و ئامانجەکانی ئەو جووڵانەوەیە و هەروەها چارەنووسی ڕێبەرانی لەنێو مێژوونووس و بیرەوەری‌نووساندا دەبینرێ.**

**ئەحمەد نستانی یەک لەو کادرە تێکۆشەرانەی حیزبە بەشداری ئەم جووڵانەوەیە بووە و بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەی بە چاوی خۆی بینیوە یان لە نزیکەوە ئاگاداریان بووە. کاتێک ڕووداوەکانت بۆ دەگێڕێتەوە دەتباتەوە ئەو ساڵانە و جەولەیەکت پێدەکا تا باشتر بتوانی لە دۆخی ئەوکات تێبگەی. نستانی دەڵێ ساڵی ٤٦ ئەو بەشە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک فایەق بڕیارمان دا لە سەر پێی خۆمان بوەستین و هەر چەشنە بەستراوەییەک ڕەت بکەینەوە.**

**ساڵی چەند بوویە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟ باسی سەرەتای بوونە پێشمەرگایەتیتمان بۆ بکە؟**

ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە گوندی نستان لە ڕێگەی کاک سولەیمانی موعینی (فایەق) بوومە ئەندامی حیزب و لە شانەیەکی ٥ کەسیدا سازمان درام کە پێکهاتبوو لە باپیر ئاغای خزری، حەمەسووری مستەفا، حاجی خدری مەحموود، مامەڵا شێخەپوور و من.

ساڵێک دواتر و لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٣ خۆم گەیاندە گوندی سونێ ی باشووری کوردستان و بە ڕەسمی بوومە پێشمەرگە.

**لەو سەردەمەدا کە جەنابت هاتیە نێو ڕیزەکانی حیزب، پێکهاتەی ڕێبەریی حیزب چۆن بوو؟**

کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزب کە لە ساڵەکانی ٣٧ و ٣٨دا ئاوارەی باشووری کوردستان ببوون، پێکهاتەیەکیان پێک هێنابوو، و بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان چالاکییان دەکرد. لەنێو ئەو پێکهاتەیەدا ئەحمەد تۆفیق وەک مەسئوولی یەکەم و سولەیمان موعینی وەک جێگری کاریان دەکرد کە هەڵبەت هەڵبژێردراوی کۆنگرە یان کۆنفرانس نەبوون، بەڵام بە گشتی لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە قەبووڵ کرابوون.

**ساڵانی بەر لە دەسپێکردنی جووڵانەوەی ٤٦–٤٧ ، هاتوچۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن بوو؟ ئایا جەنابت لەو ساڵانەدا گەڕاویەتەوە ڕۆژهەڵات؟**

لەو ساڵانەدا پێشمەرگەکانی حیزب بەردەوام دەچوونەوە ناوچە. من چەندین جار لەگەڵ کەریم نستانی، مینەشەم، عەبدول نستانی و ئەحمەد ئاغای سیسێر چوومەتەوە ناوچەکانی کوردستان. ئێمە لە بەهاری ١٣٤٤ کاتێک لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب بە سەرپەرستیی کاک فایەق لە نێوخۆ بووین، دەوڵەتی پاشایەتیی ئێران فشار بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کوردستان دێنێ کە چیدی هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکا. بۆ ئەو مەبەستە داوا لە ئەحمەد تۆفیق کرابوو سەردانی بارەگای بارزانی بکا. لەوێ بە ئەحمەد تۆفیق دەگوترێ کە ڕێژیمی پاشایەتی داوای تەحویل‌دانەوەیانی کردوە بەڵام سەرکردایەتیی شۆڕش قەبووڵی نەکردوە. هەروەها پێی ڕاگەیەنرابوو کە دەبێ حیزبی دێموکرات چالاکییەکانی ڕابگرێ و بنکە و بارەگاکانی کۆ بکاتەوە و خۆیان لە پارتی دێموکراتدا ئیدغام بکەن، داواش کرابوو ئەو پێشمەرگانەی کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن بەپەلە بگەڕێنەوە باشووری کوردستان. ئێمە ماوەی دوو مانگ دەبوو لە ناوچە بووین. لە گوندی پانەسەری مەنگوڕایەتی بووین کە کاک فایەق پێی گوتین کاک مەلا حەسەنی ڕەستگار لە عێڕاقەوە هاتووە و پەیامێکی پێیە. کاک مەلا حەسەن باسی مەسەلەی ئەحمەد تۆفیق و گواستنەوەی بۆ بارزان و داوای سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کرد بۆ گەڕانەوەمان بۆ باشوور. بەناچاری گەڕاینەوە و کەوتینە دۆخێکی زۆر خراپەوە، بنکەی سونێ مان گواستەوە بۆ سەنگەسەر. ئەوە ئاخیر سەفەرمان بوو بۆ ڕۆژهەڵات پێش دەسپێکی شۆڕشی ٤٦–٤٧.

**شۆڕشی ٤٦_٤٧ چۆنی دەست پێکرد؟**

دوای ئەوەی ئەحمەد تۆفیق دوور خرایەوە بۆ بارزان، کاک فایەق بوو بە کەسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان. کاک فایەق سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستانی کرد کە من، کەریم نستانی، عەبدوڵڵا موعینی، سالح لاجانی و برایم فات وەک پێشمەرگە هاوڕێیەتیمان کرد. مەکتەبی سیاسی دوو پێشنیاریان بە کاک فایەق کردبوو؛ یان دەبێ ئیدغام بن لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی یان بڕۆن بۆ بێتواتێ و لەوێ دانیشن و هاتوچۆی کوردستانی ئێران مەکەن. کاک فایەق پێیان دەڵێ دەگەڕێمەوە سەنگەسەر، لەگەڵ هاوڕێیان کۆبوونەوە دەگرم و ئاگادارتان دەکەمەوە. گەڕاینەوە سەنگەسەر و کاک فایەق کۆبوونەوەی بۆ گرتین و بابەتەکەی بە پێشمەرگەکان ڕاگەیاند و گوتی: "سێ ڕێگامان لەبەر دەمە؛ یان ببینە پێشمەرگەی پارتی، یان دانیشین و ژیانی خۆمان بکەین یان وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بمێنینەوە و بچینە بێتواتێ. من خۆم بە دۆستی پارتی دەزانم، بەڵام نابمە پێشمەرگەی پارتی و دەچمە بێتواتێ. هەر کەس دەیهەوێ وەک پێشمەرگەی حیزب بمێنێتەوە با لەگەڵ من بێتە بێتواتێ."

پێشمەرگەکان دابەش بوون؛ هەندێکیان بڕیاریاندا ببنە پێشمەرگەی پارتی، هێندێک گوتیان کار و کاسبی دەکەین و بەشێکیش کە زۆرینە بوون بڕیاریان دا وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بمێننەوە.

ڕۆژی دواتر من، عەبدوڵڵا موعینی، کەریم نستانی و برایمی فاتمێ لەگەڵ کاک فایەق چووینە سەرکەپکان بۆ ماڵی هەباس ئاغای مامەند ئاغا، کە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردین. پاشان هەباس ئاغا دوو پێشمەرگەی لەگەڵ خستین بۆ لای عەلی شەعبان. کە چووینە بێتواتێ، کاک عەلی شەعبان گوتی: "لەوانەیە ماوەیەکی دیکە دەوڵەتی عێڕاق هێرش بکاتە سەر بێتواتە و بیگرێتەوە، بۆیە لە دۆڵەڕەقێ شوێنتان بۆ دیاری دەکەین." لە گوندی بەردانگێ لە دۆڵەڕەقێ جێگیر بووین. وەزعی ماڵیمان زۆر خراپ بوو، هەر چەندە هەباس ئاغاش یارمەتیی دەکردین. ماوەی ساڵێک دەبوو لەوێ بووین، لە ڕەشەممەی ١٣٤٥ی هەتاوی من و کەریم نستانی ئیجازەمان وەرگرت بچین سەردانی مینەشەم بکەین کە ماڵەکەی لە گوندی هێرۆی باشووری کوردستان بوو. کە چووینە لای خاڵە مینە، گوتی: "با سەرێکی لای سیسێر و نستان بدەینەوە، جەولەیەک دەکەین و دەگەڕێینەوە." بەو جۆرە بوو ئێمە چووینەوە ڕۆژهەڵات.

دوای ڕۆیشتنەوەی ئێمە، عەلی شەعبان نامەیەک بۆ کاک فایەق دەنێرێ و ئاگاداری دەکاتەوە بە زووترین کات سەردانی بارەگای بارزانی بکا. کاک فایەق لەگەڵ مەلا قادر لاچینی و عەبدوڵڵای موعینی کە ئەندامی چاوەدێریی بەرز بوون، کۆ دەبێتەوە و پاش لێکدانەوەی بارودۆخەکە ساغ دەبنەوە کە کاک فایەق نەچێتە بارەگای بارزانی. بەو شێوەیە دەبێ خۆیان کۆ دەکەنەوە و بە کێوەڕەشدا سەر دەکەون و بە دەشتی سەنگەسەردا دێنە گۆڕەشێری سەر سنووری عێڕاق و ئێران. ئەوکات ئێمە لەگەڵ مینەشەم و کەریم نستانی لە گوندی سیسێر بووین، خەبەریان پێداین کاک فایەق لەگەڵ ٥٠ پێشمەرگە لە ناوچەی خاڵەبادە. دوایە لە ماڵی حەمەدی وەستا لە دۆڵەتوو یەکترمان گرتەوە.

کاک فایەق بە مەشوەرەت لەگەڵ مینەشەم و مەلا قادر لاچینی و عەبدوڵڵا موعینی بڕیاریان دا جەولەیەکی ناوچەی بۆکان و مەهاباد و پیرانشار بکەین بۆ پەیوەندی نوێکردنەوە لەگەڵ کۆمیتە و شانەکانی حیزبی. جەولەکە دوو مانگی خایاند و لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرممان لێکرا. دوای جەولەکە گەڕاینەوە ناوچەی ئاڵوەتان و ئالیمەران و سەری گۆمێ. لە گوندی ئەحمەد بریو بوین، کاک فایەق پێی ڕاگەیاندین کە هێندێک لە برادەران لە عێڕاق گەڕاونەتەوە، کە بریتی بوون لە مەلا حەسەن ڕەستگار، مەلا ئاوارە، مەلا ڕەسووڵ پیشنەمان، حەمەدەمینی سیراجی، سمایل شەریفزادە و سەید ڕەسوڵی ورچان. ئەو برادەرانە لە لایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی باشوورەوە نێردرابوون تا داوا لە کاک فایەق بکەن بگەڕێتەوە دۆڵەڕەقێ لە باشووری کوردستان. دوای ئەوەی فایەق ئەو داوایەی ڕەت کردەوە، مامۆستا ئاوارە، سمایل شەریفزادە، حەمەدەمینی سیراجی و مەلا ڕەسووڵی پیشنەماز بڕیاریان دا لەگەڵمان بمێننەوە. دەتوانین بڵێین ئەوە سەرەتای دەسپێکردنی جووڵانەوەی ٤٦–٤٧ بوو.

**دوای ئەوەی بڕیارتان دا لە ڕۆژهەڵات بمێننەوەو نەگەڕێنەوە باشوور، کارەکانتان چۆن ڕێکخست بۆ بەردەوام بوون لەو حەڕەکەتە؟**

لە گەلاوێژی ١٣٤٦ لە گوندی کۆڵەسەی خوارێی ناوچەی سەردەشت کۆبوونەوەیەک گیرا و بەو شێوەیە تەقسیمی کار کرا:

کاک فایەق وەک سەرپەرستی گشتی دیاری کرا، مامۆستا مەلا ئاوارە بۆ ناوچەی ئالان و سوێسنایەتیی سەردەشت ڕاسپێردرا کە مەلا ڕەحیمی لۆمانی و هەڵمەت هاوکاری بوون. (دواتر هەڵمەت خۆی تەحویل دایەوە.) حەمەدەمین سیراجی وەک بەرپرسی پەیوەندییەکان ئەرکی بۆ دیاری کرا، کە زیاتر لای مامۆستا ئاوارە دەمایەوە. مینەشەم بۆ ناوچەی گەورکایەتیی سەردەشت دیاری کرا کە من و کەریم نستانی هاوکاری بووین. مەلا قادری لاچینی بۆ شنۆ و پیرانشار ڕاسپێردران و سالح لاجانی وەک هاوکار لەگەڵیان بوو. عەبدوڵڵا موعینی بۆ ناوچەی مەهاباد و بۆکان دیاری کرا و سەید فەتاح نیزامی و کەریم ڕەشاش هاوڕێیەتیان دەکرد. سمایلی شەریفزادە لە ناوچەی بانە ئەرکی بۆ دیاری کرا کە هەر یەک لە میرزا محەممەد شاتمانی و عەلی عەولاکولی وەک هاوکاری دیاری کران.

دوای ئەوەی کارەکان بەو شێوەیە دابەش کران، هەرکام لە هاوڕێیان بەرەو ناوچەکان وەڕێ کەوتن. ئێمە لەگەڵ کاک فایەق و کاک سمایل شەریفزادە چووینە ناوچەی بانە بۆ

درێژە لە لاپەڕەی ٧

کوردستان
ژمارە: ٧٧٣
١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٩ _ ٤ی مەی ٢٠٢٠

ناساندنی کاک سمایل بە خەڵک و ئەندامانی حیزب. دوای ٢٠ ڕۆژ مانەوە لە ناوچەی بانە، لەگەڵ کاک فایەق و خاڵە مینەشەم و کەریم نستانی و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی دیکە گەڕاینەوە ناوچەی گەورکایەتی و سیسێر و نستان.

کۆتاییەکانی پاییزی ١٣٤٦ی هەتاوی هەموو تیمەکان لە گوندی پاشبەرد کۆ بووینەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کاک فایەق سەفەری عێراق بکا و دوای گەڕانەوەی کاک فایەق کۆنفڕانس بگرین و ڕێبەرایەتییەک هەڵبژێرین بۆوەی سەرپەرستیی جووڵانەوەکە بکا. تا گەڕانەوەی کاک فایەق، مامۆستا ئاوارە وەک سەرپەرستی گشتی دیاری کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین پێشنیار سەبارەت بە سەفەرەکەی کاک فایەق کرا کە بریتی بوون لە:

_ هەوڵ بدا پەیوەندی بە پارتی دێموکراتی کوردستان بکاو چاوی بە سەرۆک بارزانی بکەوێ.

_ هەوڵ بدا لە ڕێگای حیزبی شیوعی عێراقەوە پەیوەندی بە حیزبی توودەوە بگرێ.

_ هەوڵ بدا لە ڕێگای عەبدولڕەحمانی زەبیحیەوە چاوی بە برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بکەوێ.

کاک فایەق بەرەو باشوور وەڕێ کەوت و تیمەکان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان. خاڵە مینەشەم پێشنیاری کرد تیمەکەی ئێمە و تیمەکەی کاک عەبدوڵڵا موعینی ئەو زستانە بە یەکەوە بین.



**پێم خۆشە باسی کاک سمایل شەریفزادە بکەی کە لە زانکۆوە هاتبوو و لە ڕێبەرە دیارەکانی ئەو جووڵانەوەیە بوو؟**

کاک سمایل کوڕێکی بەتوانا و لێهاتوو بوو، لەنێو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بوو بەتایبەت لە ناوچەی بانە. لە ماوەیەکی کورتدا توانیبووی تەشکیلاتێکی مونەززەم دروست بکا. خەڵکی ناوچەی بانە هاوکاریی باشیان دەکرد. ئەوکات سوپای دانش لە گوندەکان هەبوون کە فارس و تورک بوون و لە مەدرەسەکان مامۆستا بوون، خەڵک لێیان بەگومان بوون کە پەیوەندیان لەگەڵ ساواک هەبێ، بەڵام کاک سمایل زۆربەیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. بەداخەوە دوژمنانی کورد و کوردستان چاویان بەرایی نفووز و خۆشەویستیی کاک سمایلیان نەدەدا و زۆر ناجوامێرانە شەهیدیان کرد.

**ئەو کاتەی کاک سمایل شەهید بوو ئێوە لەکوێ بوون و چۆن ئاگادار بوون؟**

ئێمە دە ڕۆژێک بوو بە مەئمووریيەتێک چووبووینە ناوچەی بانە و لای کاک سمایل و تیمەکەی مابووینەوە. ئەو ئێوارەیەی کە بە نیازی گەڕانەوە بۆ ناوچەی گەورکایەتی بووین، سەعات چواری دوانیوەڕۆ دەنگی دوو تەقەی تفەنگ هات. گوتیان کوێخا شەریف بوو. خاڵە مینەشەم بە کاک سمایلی گوت بانگی بکە بزانە بۆ تەقەی کردوە. کوێخا شەریف بە کاک سمایلی گوت تفەنگەکەم تاقی کردۆتەوە، لە دەرزییەکەی نیگەران بووم. کوێخا شەریف بە دوو قەد فیشەکدان و بڕنوویەک لە کوردستانی عێراق گەڕابۆوە و داوای کردبوو ببێتە پێشمەرگە. لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ ناوچەی سیسێر و نستان، خاڵە مینەشەم و کاک عەبدوڵڵا موعینی بە کاک سمایلیان گوت کوێخا شەریف وەرمەگرە وەک پێشمەرگە. کاک سمایل گوتی بۆ ناوچەی سەرشیوی سەقز بەکەڵکە. دوای ماوەیەک لە گەڕانەوەمان، هەواڵمان پێ گەیشت کاک سمایل و هاوڕێیانی لە دارێنەی بانە شەهید بوون. هەر زوو دوو کەسمان نارد بۆ دارێنە. کاتێ گەڕانەوە بەو شێوەیە باسی ڕووداوەکەیان کرد؛ کاک سمایل و هاوڕێیانی شەو لە ماڵێک دەمێننەوە، کوێخا شەریف سەعات ٢ی شەو نیگەهبان بووە، تفەنگێکی لە باسکی کاک سمایل داوە و هەڵاتوە بۆ گوندی سیاومە و خۆی تەحویلی پاسگای ژاندارمەری داوەتەوە و گوتوویە سمایلی شەریفزادەم کوشتوە. بەیانییەکەی ژاندارمە دەوروبەری گوندی دارێنە دەگرن، بەداخەوە ئەوانیش لە نێوان پەڕشە و دارێنە دەبن کە ژاندارمەکان پێوشوێنیان هەڵدەگرن و شەهیدیان دەکەن. ئەو پێشمەرگانەش لەگەڵ کاک سمایل شەهید بوون: عەلی عەبدوڵڵاکۆلی، میرزا محەممەدی شاتمانی (محەممەدی ئەستێ مەنگوڕ) و حوسێنی ڕەحمان ڕابی مەنیجەلانی.

**بەو پێیەی جەنابت بەشداری هەموو ئەو ماوەیە بووی کە جووڵانەوەکە بەردەوام بوو، زانیاریی تەواوت لە سەر کات و شوێنی شەهیدبوونی شەهیدانی ئەو جووڵانەوە هەیە. تکایە باسی ئەو بابەتەمان بۆ بکە؟**

ئیزنم پێ بدە لە پێشدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان دانەوێنم بە تایبەت شەهیدانی ئەو جووڵانەوەیە.

کاک سولەیمانی موعینی کە سەرپەرستی یەکەمی ئەو جووڵانەوەیە بوو، هەموو دەزانین کە بەسەرهاتی شەهیدبوونەکەی چۆن بووە. سەرکردایەتیی شۆڕش لە باشوور شەهیدیان کرد و ئەوە ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو لە مێژووی پێوەندیی بزووتنەوەی کورد لە نێوان بەشەکانی کوردستان.

حەسەن خاتوون و حاجی خاڵەمەڕی لە چیای گوێزەکوێری نستان شەهید کران. سەید فەتاح نیزامی و عەلیە کەڵە لە چیای حاجی کیمی ناوچەی بۆکان، مراد شیرێژ و ئەحمەد عەلی عەجەم لە هەوارەکانی خەرپاپی لە بەری مێرگانی پیرانشار، مەلا مەحموودی زەنگەنە و محەممەدە چووکەڵە لە گوندی بەیرەمی ناوچەی مەهاباد، هەروەها هەروەک ئاماژەم پێکرد سمایلی شەریفزادە، میرزا محەممەدی شاتمانی، عەلی عەوڵا گوڵی و حوسێنی ڕەحمان ڕابی لە نێوان دارینە و پەڕشە لە ناوچەی بانە شەهید بوون. محەممەدی ڕەسووڵ مەڕە لە سەرشیوی ناوچەی سوێسنایەتیی سەردەشت، مامۆستا ئاوارە و ڕەحمانی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە بەهۆی پیلانێکی سازمانی ئەمن لە گوندی دیوالانی ناوچەی سوێسنایەتی ی سەردەشت بەدیل گیران و دواتر ئێعدام کران. ساڵح لاجانی، حەمەدەمین شیرێژ، سولەیمانی کەقەشان، عەبدوڵڵای بایزە قنجە و حەمەسووری دۆڵەتوو لە باشوورەوە تەحویلی دەوڵەتی پاشایەتی درانەوە و لە شاری ورمێ ئێعدام کران.

هەروەها بە پێویستی دەزانم ناوی ئەو شەهیدانەش بێنم کە لە ساڵانی پێش جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ هەر یەکە و بە پیلانێک شەهید بوون؛ باپیر شکاک، مەلا سمایل، ڕەزا، فیرووز و ناجی لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید کران. مەلا ڕەحیمی مەریجەلانی لە ناوچەی ناودەشتی باشووری کوردستان بێسەروشوێن کرا، خەلیل شەوباش لە ناوچەی قەسرێ (باشووری کوردستان) بێسەروشوێن کرا.

**مینەشەم و کاک عەبدوڵڵای موعینی کە لە کادرە دیارەکانی ئەو جووڵانەوەیە بوون، لە جەولەیەکدا کە لە ناوچەکانی مەهاباد و بۆکان کردیان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە شەهید کران. جەنابیشت بەشداری ئەو جەولەیە بووی، دەکرێ باسی چۆنیەتیی شەهیدبوونیان بکەی؟**

مانگی گەلاوێژی ١٣٤٧ی هەتاوی بوو، دوو ڕۆژ بوو لە هاوینەهەواری مەیدان چۆغە بووین. کاک سەلاحی موهتەدی و چەند کەسێکی دیکە لە مەهاباد و بۆکان نامەیەکیان ناردبوو و باسی ئەوەیان کردبوو کە لەگەڵ جەمعێک دەیانهەوێ بێنە نێو جووڵانەوەکەوە. باسیان لەوەش کردبوو کە پێمان خۆشە چاومان پێتان بکەوێ و هیندێک ڕاو بۆچوونمان هەیە لەگەڵتانی باس بکەین. پێشنیاریان کردبوو چاوپێکەوتنەکە لە گوندی زەمبیل یان کوێستانی حاجی کیمی بۆکان بێ. دوای حەوتوویەک ئێمە بەرەو ناوچەی بۆکان وەڕێ کەوتین و چووینە کوێستانی حاجی کیمی. لە ڕۆژی دووەمی مانەوەماندا کاک سەلاحی موهتەدی و ئەو هاوڕێیانەی قەرار بوو بێن، هاتنە کوێستانی حاجی کیمی و لەگەڵ مینەشەم و عەبدوڵڵای موعینی کۆبوونەوە. ئێمە ئەوانمان نەدیت. بڕیار درابوو ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کوێستانەکانی گەورکایەتی و ئەوانیش بچنەوە برادەرەکانیان ببینن و خۆیان ئامادە بکەن و بێنە کوێستانەکانی گەورکایەتی و پەیوەست بن بە ئێمەوە. دوای گەڕانەوەیان، ئێمە بەرەو قالوێ ی سەرێ وەڕێ کەوتین. سەعات دووی شەو گەیشتینە قالوێ و دوای نان و چا خواردن، من و عەزیز ئەحمەد و جەماعەتێکی حەوت هەشت کەسی بەرەو شوێنێک لە نێوان باراوێ و قالوێ وەڕێ کەوتین. چووینە مەزرایەک لە خوار مووچەیەک کە پێیان دەگوت مووچەی کەوا زەرد. خاوەن مەزراکە لەوێ بوون، شوێنی حەسانەوەی خۆیان بۆ چۆل کردین. دوای ئێمە مینەشەم و کاک عەبدوڵڵاش گەیشتنە لامان. خاڵە مینە گوتی: “ئەحمەد! ئێوە هەر لێرە وەمێنن و ئێمەش دەچینە مووچەی سەرووتر واتە مووچەی کەوازەرد. ئێستا ئێمە نیگەهبان دادەنێین تا نیوەڕۆیە و دوانیوەڕۆش ئێوە نیگەهبان دابنێن.” مینەشەم و کاک عەبدوڵڵا دوو نەفەریان بۆ نیگەهبانی ناردبووە بەرزاییەکانی نێوان باراوێ و قالوێ. تاوهەڵاتی بەیانی بوو تەقەی دەسڕێژی تفەنگ هات. کە هاتینە دەر، دیتمان نیروویەکی زۆری جاش و ژاندارم و ئەڕتەشی لە باراوێ ڕا هاتبوون و ئەو بەرزاییانەیان گرتبوون کە نیگەهبانەکانی لێ‌بوون. بەداخەوە نیگەهبانەکان خەویان لێکەوتبوو، بە تەقەکە وەخەبەر هاتبوون و بەرەو لای ئێمە هاتنە خوارێ. بەشێک لە هێزەکە بەرەو مووچەی کەوازەرد ڕۆیشتبوون. کاک عەبدوڵڵا و خاڵە مینەشەم بە ئومێدی ئەوەی نیگەهبانیان هەیە بێ خەیاڵ بوون. هێزەکان دەوری مەزراکەیان گرت. کاتێک کاک عەبدوڵڵا و خاڵە مینە دێنە دەرێ، دەکەونە بەر دەسڕێژی گوللە. حاجی خاڵەمەڕ و حوسێن خاتوون و ڕەحیم کەپەکەندی و حەسەن خوڕخوڕەیی لە جاش و ژاندارمەکان ڕادەپەڕن و تەقەیان لێدەکەن و پاشەکشەیان پێدەکەن بۆ دیوی باراوێ. کاتێک ئێمە هاتینە دەرێ، دیتمان گوللە وە زەویەکانی ئەوبەری ئێمە دەکەوتن. شوێنەکەمان قووڵ بوو بەڵام بەرزاییەکی بە تەنیشتەوە بوو. بەرەو بەرزاییەکە سەرکەوتین، بەرزاییەکە قایم بوو و بە سەر هێزەکەدا زاڵ بووین. تەقەمان لێکردن و پاشەکشەمان پێکردن بەرەو دیوی باراوێدا. بەڵام هەر بە ماوەیەکی کەم دواتر هێزێکی کۆمەکی گەورەی زەمینی لەگەڵ کۆپتەر بە فریای جاش و ژاندارمەکان هاتن. شەڕ تا تاریکایی شەو بەردەوام بوو. بەداخەوە ئەوکات هیچ کەرەسەیەکی پەیوەندی نەبوو، بۆیە ئەو دوو تیمە ئاگاداری یەکتر نەبووین. تاریکانی ئێوارێ ئێمە شۆڕ بووینەوە بە دیوی یاراڵی و کورانێ‌دا و هاتینە گوندی کووران.

ئێمە پێمانوابوو هەموویان شەهید بوون. دوو کەسمان نارد بۆ قالوێ. کاتێک دەچنە ئەوێ، لە ڕێگا تووشی حوسێن خاتوون و حاجی خاڵەمەڕ و ڕەحیم کەپەکەندی (کە بە سووکی بریندار ببوو) ببوون. کە هاتنەوە گوتیان کاک عەبدوڵڵا موعینی شەهید بووە و خاڵە مینەشەم بریندار بووە و ئەویش دواتر شەهید بووە. هەروەها حەسەن خوڕخوڕەیی بەدیل گیرابوو. نەیانتوانیبوو تەرمی شەهیدەکان لەگەڵ خۆیان بێنن و بەداخەوە تەرمەکان کەوتبوونە دەستی ژاندارمەکان. شەهید بوونی خاڵە مینەشەم و کاک عەبدوڵڵای موعینی کە هەر دووکیان سەرپەرستی ئەو دوو تیمە بوون، زەبرێکی قورس و گەورە بوو. دواتر حەسەن خوڕخوڕەیی ئێعدام کرا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

**دیارە گوێ گرتن لە قسەکانی جەنابت مرۆڤ تینووتر دەکا و پرسیاری زیاترت لێ بکا، بەڵام بەداخەوە دەرفەتەکە لەوە زیاتر ئیزنمان پێ نادا. سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا.**

سپاس بۆ ئێوەش بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە. هیوادارم ئەو قۆناغە لە مێژووی حیزبی دێمۆکڕات کاری زیاتری لە سەر بکرێ.

دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# دەمامک بە دەممەوە گیر نابێ

هەتا ئێستا نازانم کۆرۆنا من دەگرێتەوە یان نامگرێتەوە. ئەوەی من لە زمان زماناسانی ئەم سەردەمەوە بیستوومە، خودی کۆرۆنا کێشەی لەسەرە و ڕەنگە هەر لە بنەڕەتڕا کۆرۆنا نەبووبێت و پێشتر ناوێکی دیکەی وەک “کیژۆنا” و “کچینا”ی لەسەر بووبێ. هەرچەند “موتەئەخرین” دەڵێن کۆڕۆنایە کە ڕاستە، بەڵام دەبێ “ۆ”ی یەکەمی بکرێت بە“و” جا ئەوکات دەربڕینی دروستتر دەبێت. هەندێک لە زانایانی ئەم بوارەش بەتایبەت زانایانی زمانزانیی بواری ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا لەسەر ئەم بڕوایەن “کۆڕۆنا”، “کڕۆنا” و “کوڕۆنا” هیچکامیان هیچ لە کێشەکە ناگۆڕن و هەر لە بنەڕەتڕا چلۆن “خوێندنەوەی بۆ دەکرێ” لەجیات “دەخوێندرێتەوە” و “پێداچوونەوەی بۆ دەکەین” لە جیات “پێیدا دەچینەوە”، کێشە ناخولقێنن، ئەواش هەرکام لەجۆرەکانی “کۆڕۆنا”، “کڕۆنا” و “کوڕۆنا” بقۆزییەوە هیچ تۆفیرێک چێناکا. ئەوانەی لەسەر وشەی “کوڕۆنا” کۆکن، دەڵێن ئەم وشەیە لە دوو پاژی “کوڕۆ” واتە “هۆیکوڕە” بەمانای بانگکردن بۆ کوڕ و پاشگری “نا” پێکهاتووە. دەگێڕنەوە، لە سەردەمی کۆندا پەتایەک هاتووەتە ئەم کوردستانە و پیاوێک چووەتەوە ماڵێ لای هاوسەرەکەی باسی زیانەکانی پەتاکەی کردووە و ژنەش بە سەرسوڕمانەوە گوتوویەتی: “کوڕۆنا؟”

من لەگەڵ ڕاستی و ناڕاستیی ئەم بۆچوونانە کە کوڕۆنا مەبەست لە “کوڕە نا”یە یان وەک دەڵێن بە زمانی بیگانان جوققەی شایە، هیچ کێشەم نییە. کێشەی من ئەمەیە دەمامکم بۆ نابەسترێ. گۆرانییەکی فۆلکۆر دەڵێ: “خەتای من نییە کاری خودایە/ لەیلا دەوڵەمەند مەجنوون گەدایە”، منیش دەڵێم: “خەتای من نیە کاری خودایە/ دەمامک هەڵناگرێ، دەنووکم وایە.”

من بەشی زۆری کارەکانی ڕۆژانەم بە دەنووک جێبەجێ دەکەم. بە دەنووک ئاو دەخۆمەوە. بە دەنووک خواردن دەخۆم، بە دەنووک شت هەڵدەگرم، بە دەنووک دار دەکوڵم، بە دەنووک جوچکەکانم هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکەم و... بە کورتی دەنووکم لە جیات دوو دەستیش کار دەکا. کەوابوو دەمامکی چی؟

دەبێ “کوڕۆنا”کەی کوردیش زۆر لە “کۆڕۆناکە”ی چینی و کۆرییەکان دروستتر بێ. چونکە ئەوان ماوەیەکی کورتە ناوی کۆڕۆنایان بۆ ڤیرووس داناوە و پێشتر ئۆتۆمبێلێک و دوای ئەویش جۆرێک ئاوەجۆیان ناونابوو کۆڕۆنا. ئێستا ڕەنگە یەکێک ئاوەجۆی کۆڕۆنا بخواتەوە، سواری ئۆتۆمبێلی کۆڕۆنا بێت و ڤیرووسی کۆڕۆناش لەنێو سییەکانیدا بێت. ئەوکاتەیە دەڵێن لە کۆڕۆنادا گیری خواردوە. بەڵام کۆڕۆناکەی خۆمان لەجیاتی دەرد بێتەرمانە. بەتایبەت بۆ پیاوان دەرمانە. چونکە ئەگەر پیاوێکی کورد ئاوەجۆی کۆڕۆنا بخواتەوە و ژنێک پێی‌بێژێ کوڕۆنا! ڕەنگە بەم فەرمانی پارێزکردنەی ژنەکە پێکەکە یان شوشە ئاوەجۆکە دابنێتە زەوی هەڵی‌نەدات. یان ئەگەر پیاوێک بە سواری ئۆتۆمبێلی کۆڕۆنا خێرا بڕوا دیسان بە فەرمانی “کوڕۆنا”ی ژنێک ڕەنگە پێی شل بکا و خێرایی ئۆتۆمبێلەکە کەم بکاتەوە. بەڵام کێشە لێرەدایە ئەگەر ژن ئەم کارانەی سەرەوە بکا و پێی بگوترێ کوڕۆنا، خۆ بە هیچ شێوەیەک ڕاناوەستێ. ڕەنگە پێی‌وابێت هەر دەبێ پیاوان ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەن. من کە بێ‌دەمامکم، تەواوی ئەو بیردۆزانە پووچەڵ دەکەمەوە کە دەڵێن زمانی کوردی نێر و مێ لەبەر چاو ناگرێ و بە یەک چاو دەیانبینێ. بۆیە دەڵێم ئەگەر ژنێک تووشی کێشەی کۆڕۆنا جا چ ڤیرووس، چ ئۆتۆمبێل و چ ئاوەجۆکەی بێت، وشەی کوڕۆنا فریای ناکەوێ و پێویستە وشەی “کچی‌نا”ی بۆ دابتاشرێ. دیارە لە نێوان کچی‌نا و ژنی‌ناش جیاوازییەک هەیە. ئەم جیاوازییەش تەنیا بە ڕوانینی فـی‌م‌ی‌ن‌ی‌س‌تانــەوە کێشە دروست دەکا. ئەوان پێیان‌وایە جوداکردنەوەی ژن و کچ لەگەڵ ڕێبازی فیمینیزم یەک ناگرێتەوە. ئەگەر داوا لە ڕۆژنامەنووسانی کوردیش بکەین چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتە بدۆزنەوە، ئەوە بە “مێینەنا” و “نێرینەنا” گرفتەکە چارەسەر دەکەن.

ئاکامی ئەم لێکدانەوەیە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە “کۆڕۆنا” لە زمانی کوردیدا بە سەر دوو وشەی “مێینەنا” و “نێرینەنا”دا دابەش دەبێ. ئەگەر پرسیاری بێ‌هێزبوونی ڤیرووسەکەش لە نێو کورداندا لە پسپۆڕانی بوارەکە بکەن، ڕەنگە وڵامیان ئەمە بێت، چونکە ڤیرووسی کۆڕۆنا لە لایەن ڕۆژنامەنوسانی ئەم سەردەمەوە بەسەر دوو پارچەی “مێینەنا” و “نێرینەنا”دا دابەش دەکرێ، توانای کاریگەریی لەسەر کۆئەندامی هەناسە دادەبزێ و لەئاکامدا دەچێتە نێو سیپەلکی کوردان، بەڵام بەهۆی پارچەبوونەکەی هێزە کوشندەیەکەی لەدەست دەدا. ئەمەیە گرینگیی زمان کە هێزی ڤایرۆسی کۆڕۆناش خاو دەکاتەوە.

دوای ئەوە زمانزانان گوتیان ئەگەر وشەی “مرۆنا” وەک کورتکراوەی “مرۆڤنا” بۆ ئەم بابەتە دەکار بکەین، کێشەی نێوان ژنان و پیاوانیش چارەسەر دەبێت. بەڵام بۆ ئەوەی ڤیرۆسەکە بە بێ‌هێزی و پارچە کراوی بمێنێتەوە، شیکارانی نەخۆشییەکان ئەم بۆچوونەیان پووشبەسەر کرد و بێدەنگەیان لێکرد.

کاریگەریی دەمامکیش لە کۆنەوە هەستی پێ‌کراوە. بەڵام داخی داخانم من لەبەر دەنووکم دەمامکم بۆ نابەسترێ. باشە هەر پرسیار لە تۆ دەکەم، کاتێک بەم دەنووکە تیژەم نێوقەدی یەختە بییەکان دەسمم، چۆن ئەم دەمامکە پەڕۆیە بە لووتمەوە بپارێزم؟

پێش “کوڕۆنا”، “کۆڕۆنا”، “کیژۆنا”، “کچی‌نا”، “مێینەنا”، “نێرینەنا” و “مرۆڤنا”، هەوڵم دا دەمامک ببەستم. بەڵام ئەم دەنووکە ڕەقەم کە زمانێکی بچووک و ناسک و باریک و تیژی لەخۆیدا پاراستەوە، ئیزنی نەداوە “دەمامک” بە دەممەوە بوەستێ.

# ئیسلامی سیاسی و سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە

## (ئیسلامی سیاسی، دێموکراسی و ناسیۆنالیزم)

## (٢_٢)






لوقمان مۆئمینی

### قوتابخانەی فکریی شیعە

مەرجەعییەتی شیعە زیاتر لە سەدەیەک ڕۆڵ و کاریگەریی زۆری لەسەر سیاسەت لە ئێراندا هەبووە، ئەم دەستێوەردان و کاریگەرییە بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ و پاشان دەسبەسەردا گرتن و پاوانکردنی ئەو شۆڕشە لە لایەن ڕەوتی ئایینییەوە بەو پەڕی خۆی گەیشت، هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە بڕیاری کۆتایی هەموو سیاسەت و بەرنامەکان کەوتە دەست مەرجەعە ئایینییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی وەک وەلی فەقیه.

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و دەستپێکی دەسەڵاتداریی خولەفای ڕاشیدین دواتر ئومەوی و عەباسییەکان لەو وڵاتەی کە دواتر بە ئێران ناسرا، بۆ ماوەی سەدان ساڵ ئێران بە پەرتەوازەیی مایەوە و لە لایەن ئەو دەسەڵاتانەوە بەڕێوە دەچوو، هەتا دواتر لە سەردەمی سەفەوییەکان، توانیان ئەم وڵاتە بکەنە قەوارەیەکی یەکگرتووی سەربەخۆ و خاوەن مەزهەبێکی جیاواز لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی. مەزهەبی شیعە کە هەتا ئەوکات وەک ڕەوتی، بەرهەڵستکار، بندەست و پەراوێزخراو مابۆوە، بە پشت بەستن بە پاشخانی کولتووری و مێژوویی شەرعیەتی مێژووی ئیسلام بە بەرگ و باوەڕی سیاسییەوە ئامادەکراو، دەرکەوت. هەر لە سەرەتاوە شا "ئیسماعیلی سەفەوی" (١٥٠١) بناغەی ڕوانینێکی نوێی لە سیاسەت و ئایین دارشت و تاکوو ساڵی ١٧٧٣ی زایینی توانیان حوکمی ئێرانی پێبکەن.

بەم جۆرە هەتا ئێستاش دەگەڵ بێ لە ئێران، بەردەوام شیعەگەرایی هەوێنی سیاسەت بووە، بە درێژایی فەرمانڕەوایی دەوڵەتەکانی سەفەوی، ئەفشاری و قاجارەکان ڕۆڵی گەورەی لە سیاسەتدا گێڕاوە وبەردەوام کەسایەتیی ئایینی کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ئێران هەبووە. بەڵام دەکرێ بڵێین لە سەردەمی پەهلەوی بۆ ماوەی چەندین دەیە دەسەڵاتی ئایینی کەم بووەوە و کەوتنە ژێر فشار و توندوتیژی، چونکە ڕەزاشای پەهلەوی لە دامەزرانی دەوڵەتی نوێی ئێراندا پرۆسەی مۆدێرنیتە و ڕۆژئاواگەریی هێنایە گۆڕ، ڕەزاشا هەوڵی دەدا ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ فەرهەنگ و شارستانیەتی پێش لە ئیسلام.

دوای لەسەرکار لادانی ڕەزاشا و هاتنە سەرکاری کوڕەکەی (محەممەدڕەزاشا)، مەرجەعیەتی شیعە و پیاوانی ئایینی وەک هێزێکی بەرهەڵستکاری چالاک جارێکی دیکە هاتنەوە مەیدان، لە ماوەی دەسەڵاتداریی حەمەڕەزاشادا مەرجەع و کەسایەتیی ئایینی چەندین جار بەرهەڵست و دژایەتیی بەرنامە و پرۆژە سیاسییەکانی کردەوە، حکوومەتی شا لە سەرەتای دەیەی شەستی زایینی پرۆژەی ڕیفۆرم و ئیسلاحاتی ئەرزیی ڕاگەیاند، ئایینییەکان بە توندی دژی ئەو پرۆژەیە وەستانەوە.

دواتر هەر ئەمانە لە کێشە و ململانێی نێوان ڕێژیمی شا و چەپەکان کەلکی تەواویان وەرگرت و توانیان چالاکییە ئێعترازییەکانیان لە سەرتاسەری ئێراندا برەو پێ بدەن، لە نێو ئەوانەدا شوێنکەوتووانی خومەینی و کاشانی ناوبانگی زۆریان دەرکرد.

بە گشتی لەو سەردەمەدا چەند هۆکاری وەک شۆڕشی سپی، نیزیکی ئێران لە ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا، جیایی دین لە دەوڵەت، بوو بە خاڵی سەرەکیی ناکۆکیی نێوان ڕێژیم و مەزهەبییەکان. هەروەها لە قۆناغی دواتر دژی سیستمی تەکحیزبی (ڕەستاخیز)، دوورخستنەوەی خومەینی، نزیکی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، برسیەتی و هەژاری وەستانەوە. بە شێوەیەکی گشتی مەرجەعیەت و پیاوانی ئایینی بە درێژایی قۆناغبەندییە مێژووییەکان لە هەردوو قۆناغی ساڵانی ١٩٦٣–١٩٦٥، و ١٩٧٧– ١٩٧٩ چەندین ڕێکخراوی نهێنییان دامەزراند.

هەروەها بە دروشمە ئیسلامییەکانیان بەدژی شا توانیان بەشی زۆری گەلانی ئێران بێننە ڕیزی خۆیانەوە، بەم جۆرە ئایینییەکان بوونە باسکی بەهێزی سەرکەوتنی شۆڕش و سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکان بوون و لە ساڵی ١٩٧٩ زەمینەی دەوڵەتی ئیسلامییان ڕەخساند.

دیارە لە جیهانبینیی ئیسلامی شیعەدا بێجگە لە حەوزەی ئایینیی قوم و نەجەف، لە سعوودیە، ئەفغانستان، لوبنان و زۆر شوێنی دیکەش هەن بەڵام ئەوەی زۆر گرینگن دوو حەوزەی قوم و نەجەفن، بە تایبەتی حەوزەی نەجەف لە دنیای ئیسلامدا ناسراوتر و ناودارترە، تەنانەت کەسایەتییە ئایینییە کاریگەرەکانی جیهانی شیعە کە دواتر ڕۆڵی کاریگەرییان لە حەوزەی ئایینیی قومدا هەبوو دەرچووی حەوزەی نەجەفن (حەکیم، خۆیی، خومەینی، شاروودی، سیستانی و...) جگە لەوە بوونی مەزارگەی یازدە ئیمامەکانی شیعە لەوێ بە مەزاری ئیمام عەلیشەوە، هەروەها بوونی گۆڕستانە گەورەکەی "وادی سەلام" کە گەورەترین گۆڕستانی دنیایە، هۆکاری سەرەکیی ناوداریی حەوزەی نەجەفە.

لە لایەکی دیکە، لە ڕووی سیاسییەوە چەند هۆکاری مێژوویی و ئەمڕۆیی هەیە بۆ ئەوەی حەوزەی ئایینیی قوم ئەمڕۆ لە ڕووی سیاسییەوە دیارتر و کاریگەرتر دەربکەوێ.

١. لە ڕووی سیاسی، مێژوویی، دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی و بە ڕەسمی ناساندنی مەزهەبی شیعە و هەوڵدان بۆ گواستنەوەی ناوەندی زانستیی شیعە بەرەو ئێران هەروەها ڕاکێشانی زانایان و ڕۆحانییە شیعەکان بەرەو ئێران لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە بە گشتی دەوڵەتی عوسمانی لە هەوڵی سنووردارکردنی کاریگەریی شیعەدا بوو کە لە نێزیک سنوورەکانی دەوڵەتێکی شیعە مەزهەب دامەزرابوو، بە تایبەتی سنووردارکردنی چالاکییەکانی حەوزەی ئایینیی نەجەف کە لەژێر فەرمانڕەوایی عوسمانییدا بوو.

دەوڵەتی عوسمانی توانی چالاکییە فکری، ڕۆشنبیرییەکان و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی شیعە بەرتەسک بکاتەوە و ڕێگرییان لێبکا، ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی عوسمانی بووە هۆی کۆچی گەورە پیاوانی شیعە لە نەجەف بەرەو ئێران بە تایبەتی عەبدولکەریم حائیریی یەزدی کە دامەزرێنەری حەوزەی زانستیی قومە (١٩٢١).

٢. سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلامیی (ویلایەتی موتڵەقی فەقیه) بە ڕێبەریی خومەینی، خاڵی بەهێز و یەکلاکەرەوە بوو، بەتایبەتی کە ئەوکاتە حەوزەی نەجەف و پیاوانی ئایینیی شیعە لە عێراق ببوونە نێچیری بەعسییەکان.

لە ڕاستییدا ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوە کە حەوزەی قوم وەک چەقی ناوەندی زانستی شیعەگەری و ناوەندێکی سیاسیی دیار لە دنیای ئیسلامی شیعەدا چاوی لێبکرێ.

بۆچوونێکی دیکەی گرینگ لە نێو مەرجەعیەتی شیعە یان قوتابخانەی فکریی ئیسلامی شیعەگەرییدا هەیە کە لەبەر درێژبوونەوەی باسەکە خۆمانی لێدەبوێرین، ئەویش قوتابخانەی "حوججەتییە" و قوتابخانەی "حەققانییە"یە، یەکەمیان باوەڕی بە دەرکەوتنی ئیمامی زەمان (ئیمامی دوازدەهەم) ی شیعەکان هەیە و پێیان وایە جگە لە ئیمامی مەهدی کەس بۆی نییە "وەلی موسلمین" بێ و، دووهەمیانیش باوەڕی بە دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی هەیە بەڵام پێیان وایە هەتا دەرکەوتنی ئیمام مەهدی دەتوانن "وەلی موسلمین"ی جیهان بن.

## ئیسلامی سیاسی ، دێموکراسی و ناسیۆنالیزم

### ئیسلامی سیاسی و دێموکراسی

دێموکراسی وەک سیستمێک، سەرتاپای بوارەکانی ژیان لەخۆ دەگرێ وەک لایەنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و... کە لەودا هەموو مرۆڤێک بە سەرکردە و گەلەوە لە بەرامبەر بەهاکانی دێموکراسییدا یەکسان بن.

لە هەمووی گرینگتر یەکسانبوونی بیر و باوەڕە جیاوازەکان لە بەرامبەر یەکتردا، واتە دەست هەڵگرتن لە بۆچوونێکی تەواو ڕەها (عەقیدەیەک) کە ئەم خاڵەیان بۆ ئەو باسەی ئێمە زۆر گرینگە، چونکە گرفتی دنیای ئیسلام و بە گشتی ئیسلامییەکان زۆرتر لەو خاڵەدایە، دێموکراسی و سنووری دەسەڵاتەکانی تەنها ڕێزگرتنە لە خەڵک و ئازادییەکانی بە هەموو بیروباوەڕە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی، فکری، سیاسی، ئایینی و هتد.

ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە ئیسلامییەکان ئیدعای بڕوا هەبوون بە دێموکراسی دەکەن و زۆر جاریش دێموکراسی وەک پێوەرێک بۆ ڕەوایی دان بە کاروچالاکی و پرۆژە جۆراوجۆرەکانیان بەکار دەبەن.

بە گشتی دەتوانین ئاماژە بە سێ هۆکاری سەرەکی بکەین کە ئایین ناتوانێ بنەمای دەسەڵاتێکی خاوەن دێموکراسی و دێموکراتیک بێ کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەیەکی یەکسان لە هەموو بوارەکاندا بێنێتە دی، هەر بۆیە تا ئێستا نموونەی حکوومەتێکی دێموکراتیک لە دەسەڵاتی ئایینیدا لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نابینین.

١. ئایین بەرپرس نییە لەوەی دێموکراسی پیادە بکا، هیچ ئایینییەک لە مێژووی مرۆڤایەتییدا نابینییەوە کە خۆی ئەرکدار کردبێ کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک دامەزرێنێ یان هەوڵی هێنانەدیی دەسەڵاتێکی خاوەن دێموکراسی بدا.

ئایین بە گشتی بە تایبەتی ئایینی ئیسلام هیچ پێوەندییەکیان بە چەمکی دێموکراسییەوە نییە، پاساوی ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی نیشان بدەن دێموکراسییان قەبووڵە بوونی هەندێک ئەنجومەنی ڕاوێژکاری (شۆڕا)یی لە سەردەمی حەزرەتی محەممەد وەک نموونەیەک لە کۆمەڵگەی خاوەن دێموکراسی و جۆرێک پارلمانی دێننەوە، (شۆڕا) بە جێگرەوەی دێموکراسی دەزانن دیانهەوێ بەم نموونەیە و بەکاربردنی لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەییاندا وا نیشان بدەن کە بڕوایان بە دێموکراسی هەیە و شۆڕا دێموکراسیی ئەوانە و هەڵقوڵاوی ئیسلامە، پێویستە لە کۆمەڵگەی ئیسلامییدا لە جیاتی دێموکراسی کە چەمکێکی ڕۆژئاواییە جێگیر بێ.

"دوکتور محەممەد عەبدول موتەلیب لهۆنی"، "لەسەر شۆڕا و بەراوردی لەگەڵ دێموکراسی دەڵێ: "شۆڕا لەو سەردەمەدا تایبەت بوو بە هەندێک کەسی تایبەت کە دەسنیشان دەکران بۆ شوێنێک و بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ هەڵنەدەبژێردران، بەڵام دێموکراسی بە مانای ئەوەیە کە هاووڵاتییان مافی دەنگدان، هەڵبژاردن، لەسەرکار لابردنی دەسەڵاتدارانی وڵاتیان هەیە". کەوابوو شۆڕا دوورونزیک پێوەندیی بە دێموکراسییەوە نییە بەڵکوو بیرۆکەیەکی ئایینی بووە لە سەدەکانی ڕابردوو بەکار هێندراوە بۆ دەسنیشان کردن، نەک هەڵبژاردن، خودی دەسنیشان کردنەکەش دیاریکراو بووە و هەموو کەس بۆی نەبووە دەسنیشان بکرێ بۆ، هەروەها هەمووکەسێکیش مافی دەنگدانی نەبووە بۆ دیاریکردنی ئەو کەسە بۆ شوێنی مەبەست. بەڵام دێموکراسی بەپێچەوانەی شۆڕا بە پێناسەی کلاسیک و سەرەتاییەکەی لە خەڵکەوە بۆ خەڵکە و لە پێناوی خەڵکە، واتە زادەی ململانێ و پێشکەوتنەکانی ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتییە، داهێنانێکی نوێیە و فەلسەفەی ڕۆشنگەریی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

کەوابوو دەتوانین بڵێین ئایینەکان، دێموکراسییان بەخۆیانەوە نەبینیوە و ئاشنایەتییان لەگەڵی نییە، ئیسلامییەکانیش ئەو حەقیقەتە باش دەزانن کە شۆڕا و دێموکراسی لەگەڵ یەکتر بەراورد ناکرێن بەڵام بۆ ئەوەی دێموکراسی ڕەت کەنەوە پەنا دەبەنە بەر شۆڕا.

٢. ئایین لەسەر بنەمای ئیمان و بۆچوونە، بەڵام دێموکراسی لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و قەراردادی کۆمەڵایەتی دانراوە،

لە ئایینداا پێوەندییەکان ئەستوونین، مرۆڤ خۆی بەرامبەر شتێکی سەرەوەتری خۆی بە بەرپرس دەزانێ، بەڵام لە دێموکراسییدا پێوەندییەکان ئاسۆیین واتە کەسێک، کەسێکی دیکە لە تەنیشت خۆی دەبینێتەوە، بۆیە پانتایی دێموکراسی لە پانتایی ئایین زۆرتر و بەربڵاوتر وفرە لایەنتریشە.

٣. لە ئاییندا هەموو ئیماندارانی ئەو ئایینە وەک یەک جۆر بە هاووڵاتی دەناسرێن و ئایین پێناسەیەکی تایبەتی خۆی بە هەمووان داوە، بەڵام لە دێموکراسییدا هەر هاووڵاتییەک بەبێ جیاوازی لە جۆری ئایین هاووڵاتین و مافی خۆیان هەیە، لێرەدا دەبینین ئایین گرینگی بە جۆری ئایینەکە دەدا، هیچ باس لە مافی هاووڵاتیبوون ناکا ئەوانەی لە ئایینی باڵا دەست نەبن، بێبەش دەبن و سەرکوتیان لە سەرە، بەڵام لە دێموکراسییدا هەموو یەکسانن دوور لە هەموو ئەو هەڵاواردنانەی بە هۆی ئایینەوە بەرامبەر مرۆڤەکان دەکرێ.

### ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزم

ناسیۆنالیزم وەک ئیستلاحێکی سیاسی– مێژوویی دەکرێ دوو مانا، یان دوو نێوەرۆکی لێک جیاواز و ناکۆکی هەبێ کە دەبێ بە کردار و ئامانجەکانی لێک جیا بکرێتەوە.

ناسیۆنالیزم دەکرێ هاوتای ئازادی، یەکسانی، حەقخوازی بێ ئەویش لەو کاتانەدا دەبێ کە نەتەوەیەکی ژێردەست لەدژی ستەم و داگیرکردن و لە پێناوی ئازادییدا خەبات دەکا. بە دیوەکەی دیکەیدا ناسیۆنالیزم دەکرێ مانای شۆڤینیزم و ستەم و ڕەگەزپەرستی هەبێ، کاتێک نەتەوەیەکی باڵادەست یان داگیرکەر بۆ درێژەدان بە داگیرکردن، یان چەوسانەوەی کەمایەتیی نەتەوەیی، یان پەلاماری نەتەوەی دراوسێ بەکاری بێنێ.

بە کورتی ناسیۆنالیزم وەک "وشە" وشەیەکی بێلایەنە دەبێ هەر دیاردەیەکی ناسیۆنالیستی بە نێوەرۆک و ئامانجە سیاسییەکانیەوە پێناسە بکرێ، کە دەکرێ ناسیۆنالیزمێکی ڕزگارکەر یان ناسیۆنالیزمێکی پاوانخواز و پەلاماردەر، یان پێشکەوتنخواز، یان کۆنەپەرست بێ.

بۆیە مەحکووم کردن و ڕەتکردنەوەی گشتیی ناسیۆنالیزم لەلایەن (کۆمونیست و ئیسلامییەکان) بێجگە لە بەرژەوەندیی ئایدیۆلۆژی و ئامانجی سیاسیی ئەوان هیچ بنەمایەکی دیکەی نییە، کۆمۆنیستەکان لەدژی جیابوونەوە و سەربەخۆیی نەتەوە بندەست و ستەم لێکراوەکان و بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن ئەوەش لە پێناوی ئیدئۆلۆژیی خۆیاندا، کە پێکهێنانی دەوڵەتێکی (ئینترناسیۆنالیستی) پرۆلیتارییایە.

ئیسلامی سیاسی، ئیخوانولموسلمین وەک دایکی هەموو ئەو ڕەوتە ئیسلامییانە و بناغەداڕێژەر و ئاڵاهەڵگری یەکئومەتی (الامةالواحدە) کە بنەمای ئایدیۆلۆژییەکی فکریی دینییە، ئیسلام بە دینێکی جیهانی و یەکسانیخواز ناو دەبا کە نەتەوە و ڕەچەڵەک تێیدا گرینگ نییە، بە واتایەکی دیکە ئیسلام وەک دینێکی نێونەتەوەیی و ڕەتکەرەوەی نەتەوە و تەنانەت قەوم و ڕەچەڵەکی غەیرەعەرەب پێناسە دەکا.

ئەو بەها ئیسلامییانەی کە ئاماژە بە نێونەتەوەیی بوونی ئیسلام دەکەن بە واتای جیهانیبوونی بایەخە عەرەبییەکانە و بە مەبەستی ڕەتکردنەوە و ژێردەستیی نەتەوەی غەیرەعەرەب و باڵادەستیی عەرەبەکان و گەشەپێدانی کولتووری عەرەبی لە لایەک، بنەمای دروشمە دژی نەتەوەییەکانی ئیسلام بە ئامانجی لاوازکردنی هەستی ناسیۆنالیستیی نەتەوە غەیرەعەرەبەکان و هێژمۆنیی نەتەوەی عەرەب بەسەر ئەواندا داڕێژراون.

لە ڕاستییدا ڕەتکردنەوەی نەتەوە و ڕەچەڵەک لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە بە واتای ڕەتکردنەوەی خۆڕاگریی نەتەوەیی لە بەرامبەر هێرشی نەتەوەی عەرەبدا بووە.

بەگشتی ئامانجی ئیسلامی سیاسی چ لە چوارچێوەی سەلەفیزم، ئیسلامیزم، یەک ئامانجیان هەیە ئەویش بریتییە لە زیندووکردنەوەی شکۆ و دەسەڵات و باڵادەستیی عەرەبەکان بەسەر نەتەوەکانی دیکە.

عەرەبەکان بۆ خۆیان لە ناسیۆنالیزم کەلکیان وەرگرتووە، هەر کام وڵاتێکی سەربەخۆیان دامەزراندوە. کە باس دێتە سەر پرس و دۆزی نەتەوە چەوساوە و پرشوبڵاوەکان یەکسەر دژکردەوەیان دەبێ و بەرهەڵستی دەبنەوە.

ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر هەڕەشە و پەلاماری ناسیۆنالیزمی دراوسێکانیدا وەک فارس، تورک، عەرەب دەرکەوتوە و نێوەرۆکی ڕزگاریخوازانەی هەیە بە درێژایی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان دژی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان.

ئەوان نەک هەر گەلی کوردیان هان داوە بۆ بەرجەستەکردنی ڕێکخراو و بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، بەڵکوو بۆ خۆیان داهێنەر و دامەزرێنەری ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە بوون، بە پارە و چەکی ئەوان شەڕی گەلی کوردیان پێکراوە.

شۆڤێنیزمی عەرەب، فارس و تورک بە قۆستنەوەی سۆز و باوەڕی ئایینی گەلی کورد ئەم گرووپ و ڕێکخراوانەیان بە ئامانجی لێدان و لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی کورد دروست کردوە.

ئیسلامی سیاسی لە کوردستان تووشی پارادۆکس بووە، لە لایەک بانگەشە بۆ مافە ڕەواکانی کورد دەکا لە ئامانجیشدا کار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی شۆڤینیستیی عەرەب دەکا، لە ڕاستییدا ئیسلامی سیاسی لە کوردستان تەنیا کۆپییەکی ئیسلامی سیاسیی عەرەبی نییە، بەڵکوو درێژە پێدەری ستراتێژی و بەرنامەی سیاسیی ئەوانە، بۆیە دەبینین بە درێژایی خەباتی نەتەوایەتیی کورد ئەم ڕەوتە چ بەشە عەرەبییەکەی بێ یان کۆپییەکوردییەکان هیچ کات لە بەرەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا نەبوون و هیچ هەست و پاڵپشتییەکیان بۆ بزووتنەوی ڕزگاریی نەتەوەیەتی کوردستان نەبووە.

### ئەنجام

١. بە شێوەیەکی گشتی ئیسلامی سیاسی بزووتنەوەیەکی سیاسی، فەرهەنگییە کە دژایەتیی بەرواڵەت سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی مۆدێرنیتە دەکا، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ئامرازە مۆدێرنەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیان و لەنێو بردنی ڕکابەرەکانیان کەلک وەردەگرن.

٢. ئیسلامی سیاسی بڕوای بە هیچ کام لە بنەماکانی دێموکراسی نییە، چونکە دیهەوێ یاساکانی شەریعەت لە کۆمەڵگەدا پیادە بکات ئەو یاسایانەش لەگەڵ بنەماکانی دێموکراسییدا یەک ناگرنەوە.

٣. ئیسلامی سیاسی بڕوای بە مەسەلەی نەتەوایەتی نییە بە بیانووی ئەوەی هەموومان موسوڵمانین هەوڵی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی دەدات.

٤. ئیسلامی سیاسی باوەڕی بە یەکسانیی ژن و پیاو نییە و هەڵوێستیان لەسەر ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتی سەرکوتکەرانەیە و لەمپەرن لە بەردەم فراوانبوونی ئازادی و مافە تاکەکەسییەکانی ئافرەتاندا.

٥. ئیسلامی سیاسی بۆ ئاسایش و هێمنی باوەڕێکی دیکتاتۆرانەی هەیە، هەر نارەزایەتییەکی کۆمەڵگە بەدژی حکوومەتی ئیسلامی بە دژایەتی لەگەڵ خودا لە قەڵەم دەدەن و سەرکوتی دەکا.

***

کوردستان
ژمارە: ٧٧٣
١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٩ _ ٤ی مەی ٢٠٢٠



و: کەماڵ حەسەنپوور

# پاراستنی گوشارەکان و پەرەپێدانی لەدژی ئێران

## (دوای هەڕەشە سەربازییە نوێیەکان بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەڵێن دەدا کە زەختی سەر ئێران بپارێزی و پەرەی پێ بدا)

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دوای پەرەسەندنی هەڕەشەی سەربازی، لەوانە ناردنی مانگێکی دەستکردی سیخوڕی لەلایەن تاران لە حەوتووی ڕابردوودا، خەریکی کار لەسەر هەوڵی نوێ بۆ "چەسپاندن و پەرەپێدانی" هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت لەسەر ئێرانە.

کاربەدەستێکی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بە واشینگتۆن فری بیکنی ڕاگەیاند کە کۆشکی سپی درێژە بە زیاترکردنی زەختی ئابووری بۆ سەر ئێران دەدا تا کاتێک کە بێتە سەر مێزی "وتووێژی هەمەلایەنە"، داوایەک کە تاران لە دوای هاتنە سەر کاری سەرۆک کۆمار ترامپ ڕەتی کردۆتەوە.

کاربەدەستان بیر لە تاقمێک بژاردە، وەک ئابلۆقە لەسەر پشتیوانیی ئێران لە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی ناوچە لە نێویاندا حیزبوڵڵا، کە لە شوێنە قەیراناوییەکانی عێراق، یەمەن، سووریە و لوبنان چالاکن و تاران چەکوچۆڵیان بۆ دابین دەکا و ڕێبەرییان دەکا، دەکەنەوە. ئێستا هەوڵی دیکە لە ئارادان وەک لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، شوێنێک کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بناغەی درێژکردنەوەی ئابلۆقە لەسەر کڕینی کەلوپەلی سەربازی لەلایەن ئێران لە وڵاتانی وەک ڕووسیە و چین، دادەڕێژی.

کاربەدەستێکی پایەبەرزی بەڕێوەبەرایەتی بە فری بیکنی گوت، "سەرۆک کۆمار بە ئاشکرا گوتویەتی کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوپەڕی زەخت دەچەسپێنێ و پەرەی پێ دەدا تا تێچوو بخاتە سەر ئاکارە بەدخوازانەکانی ئێران بۆ ئەوەی کە ڕێژیم دەست بە وتووێژی هەمەلایەنە بکا."

زەختی زیاتر بۆ سەر ئێران کەمتر لە حەوتوویەک دوای ناردنی سەرکەوتووانەی مانگێکی دەستکرد لەلایەن سپای پاسدارانەوە، بۆ یەکەم جار دێ کە هەنگاوێکی بەرچاو لە بەرنامەی مووشەکی بالیستیکی ئێرانە، کە بەشێکی دوای هەڵگیرانی ئابلۆقەی کەلوپەلی سەربازی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ڕێگەپێدراو دەبێ. ئێران بە هەمان شێوە لەو دواییانەدا چالاکییە شەڕانییەکانی لە کەنداوی فارس زیاتر کردوە و هەڕەشەی کردوە کە هێرش دەکاتە سەر ٤٠٠ پێگەی سەربازیی ئەمریکا لە سەرانسەری دنیا.

چەند مانگە، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەدزی لە نەتەوە یەکگرتووەکان خەریکە تا ئابلۆقەی کەلوپەلی سەربازیی هەنووکەیی لەسەر ئێران درێژ بکاتەوە کە لە کۆتایی ئەمساڵدا کۆتایی دێ. ئەو هەوڵەکانی لە چەند حەوتووی دواییدا چڕ کردۆتەوە و دەیهەوێ قەناعەت بە وڵاتانی ئەندام بێنێ کە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکوچۆڵی پێشکەوتوو دەبێتە هۆی چوونەسەری بەرچاوی هەڕەشەی تێرۆریزم و بڵاوبوونەوەی زانیاریی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵی ڕێگەپێنەدراو.

ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ کارێک نەکا، ئابلۆقەکە کۆتایی پێدێ و ڕێگە بە ئێران دەدرێ کە بە شێوەی یاسایی کەلوپەلی سەربازیی پێشکەوتوو بکڕێ.

ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان نەتوانێ قەناعەت بە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕووسیە و چین بێنێ کە ئابلۆقەکە درێژ بکەنەوە، وێدەچێ کەلک لەوەی کە بە سیاسەتی "پەلەپیتکە" ناسراوە وەرگرێ، کە دەبێتە هۆی سەپاندنەوەی ئابلۆقەی چڕی ئابووری کە دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ٢٠١٥ هەڵگیران. هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە ڕێککەوتنەکەیان واژۆ کرد دەتوانن کەلک لە سیاسەتی "پەلەپیتکە" وەرگرن، بە گوێرەی لێدوانێکی یاسایی نێوخۆیی لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە کە لە سەرەتای ئەمساڵ لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێئۆ بۆ فری بیکن پشتڕاست کرایەوە.

لە کاتێکدا کە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران بڵاو بۆتەوە، دەوڵەتەکەی درێژە بە خەرجکردنی پاشەکەوتی دراوی ئەو وڵاتە بۆ ئۆپەراسیۆنە تێرۆریستییەکانی لە دەرەوەی وڵات و گەشە پێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی دەدا، لە نێویاندا پیتاندنی ئۆرانیۆم کە بەشی سەرەکیی بۆمبی ئەتۆمە، لە جیاتی ئەوەی کە بیدا بە یارمەتیی پزشکی بۆ هاووڵاتیانی.

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ پێداگرە کە هیچ ئابلۆقەیەکی نوێ بۆ ئەوە نییە کە زەرەر بە خەڵکی ئێران بگەیەنێ، بە تایبەتی لە کاتی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە بەتوندی ئێرانی گرتۆتەوە. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ درێژە بە ڕێزپەر دەدا کە ڕێگە بە تاران دەدا تا دەرمان و پێداویستییە مرۆییەکان هاوردە بکا.

کاربەدەستێک بە فری بیکنی گوت: "ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کاریگەریی لەسەر یارمەتیی مرۆڤدۆستانە، وەک خواردەمەنی، دەرمان و کەلوپەلی پزشکی نییە. سەرۆک کۆمار پشتیوانی لە گەلی چەوساوەی ئێران دەکا، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان کاناڵێکی مرۆڤدۆستانەی لە ڕێگەی سویسەوە کردۆتەوە تا یارمەتیی مرۆڤدۆستانە شەفاف بێ."

کاربەدەستەکە گوتی: "بەڵام ڕێژیمی ئێران درێژە بە خۆبواردن لە قبووڵی یارمەتیی پێوەندیدار بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەدا."

کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیی پێشووی ئۆباما و هاوپەیمانانیان لە میدیاکان درێژە بە پێداگری لەسەر سووک کردنی ئابلۆقەکان دەدەن و بە درۆ بانگەشە دەکەن کە ئەو ئابلۆقانە پێش بە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە یارمەتیی مرۆڤدۆستانە دەگرێ. لە وڵامدا، تاقمێک پێکهاتوو لە ٥٠ کاربەدەستی پلەبەرزی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان لەم دواییانەدا داوایەکیان ئاراستەی کۆشکی سپی کرد تا درێژە بە هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت بدا.

نامەکە، بە دەستپێشخەریی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییەکان، ناوەندێکی توێژینەوە کە پێوەندیی نزیکی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هەیە، ڕاشکاوانە گوتیان: "ئێستا کاتی دوو هێندە کردنی هەڵمەتی ئەوپەڕی زەختە تا مەلاکان ناچار بکرێن کە پارەکەیان سەرفی خەڵکی ئێران بکەن، نەوەک سەرفی خولیای ئەتۆمی، ئیمپەریالیزم و سەرکوتی نێوخۆیی."

ئەو تاقمە لە کاربەدەستانی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، لەوانە سیناتۆر، باڵوێز و کاربەدەستانی ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو، "دژایەتیی توندی خۆیان لەگەڵ سووک کردنی ئابلۆقەکانی سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند، تا ئەو کاتەی کە ڕێژیم دەست لە پشتیوانیی تێرۆریزم هەڵدەگرێ، بەرنامەی ئەتۆمی و موشەکییەکەی هەڵدەوەشێنێ، هەموو بارمتە ئەمریکاییەکان ئازاد دەکا، هێزەکانی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤین دەکشێنێتەوە و کۆتایی بە سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ئێران دێنێ."

مارک دوبۆویتز، سەرۆکی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییەکان بە فری بیکنی گوت: "کە ئێستا کاتی سووک کردنی ئابلۆقەکانی سەر ئێران نییە، بە تایبەتی بە لە بەرچاو گرتنی زیاتر بوونی هەڕەشە سەربازییەکان و جاڕز کردنەکانی پاپۆڕە ئەمریکاییەکان لە ناوچەی کەنداوی فارس."

دوبۆویتز گوتی: "ڕێژیمی ئێران دەبێ پێشی پێ بگیرێ کە ڕێگەی نەخۆشان بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و مووشەکی بالیستیک نەگرێتە بەر و چالاکییە دنەدەرانە و مەترسیدارەکانی پەرە پێ نەدا. ئێستا کاتی ئەوە نییە کە پەتی ژیان لە توێی چەند میلیارد دۆلار بە سووک کردنی ئابلۆقەکان بدەینە دەسی ڕێژیم، هەروەک هەندێک لە وڵاتانی ئورووپایی و کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیی پێشووی ئۆباما پێشنیار دەکەن. بەڵکوو کاتی ئەوەیە کە هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت دووقات بکەین، وەک بە سیاسەتی پەلەپیتکە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و بە گەڕاندنەوەی ئابلۆقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێش ئەوەی کە تاران کەلک لە دەرفەتە پێوەندیدارەکان بە بەرجام بۆ کڕینی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو و پەرە پێدانی بەرنامەی ئەتۆمیی وەرگرێ."

***

* واشینگتۆن فری بیکن – ئادام کرێدۆ



---



کەریم فەرخەپوور

# نیشتمان و ڕۆڵەی بەمشووری

نیشتمان یا شوێنی نیشتەجێبوون و خاک و وەتەن ئەو شوێنە پیرۆزەیە کە ژیان و مان و نەمانی خەڵک پێوەی بەندە و دانیشتووانی ئەو دەڤەرە ئەرکی پاراستن و دیفاع و پێڕاگەیشتنی لە ئەستۆ دەگرن.

نیشتمانی کوردان سەدان ساڵە لەژێر هەڕەشەی دژمنان و داگیرکەراندایە و بە هەر شێوەیەک کە بۆیان لوابێ هروژمیان بۆ هێناوە و چاوی تەماحیان لەسەر هەڵنەبڕیوە. دانیشتووانی نیشتمانی کوردانیش بۆ پاراستنی ئەو خاکە پیرۆزە و بۆ مانەوەی خۆیان و بۆ ئەوەی کە خاکیان داگیر نەکرێ، لە هەموو سات و کاتێکدا بەرەنگاری لەشکر و قشوونی دژمن بوونەتەوە و لە پێناو پاراستنی خاکدا گیانبازییان کردوە و خوێنیان داوە.

لەگەڵ ئەوەی کە کوردانی ئەم نیشتمانە هێرشیان نەکردۆتە سەر هیچ گەل و خاکی هیچ هاوسێ و هاوسنوورێک، بەڵام تەماحی هاوسێکان، سیاسەتی دەوڵەتان، خاکی پڕ پیت و بەرەکەت و سروشتی ئەم وڵاتە نەیهێشتوە هیچ کاتێک کورد و نیشتمانەکەی ئارامی بەخۆیەوە ببینێ.

لە ڕێگەی پاراستنی خاکدا خەڵکی کورد قوربانیی زۆری داوە و خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتوە بەڵام نەیهێشتوە ناو و ناسنامەی نیشتمانی کوردان لەسەر هیچ کام لە دژمنەکانی تاپۆ و تۆمار بکرێ. لەگەڵ ئەوەی کە بێ پرسی خۆی و بێ ڕەزامەندی و ڕاپرسی لە خەڵکەکەی خاکەکەی دابەش کراوە، بەڵام کورد نەک هەر دانی بەو دابەشکاری و پێشێلکارییەدا نەهێناوە، بەڵکوو هەمیشە لە مەیدان دابووە بۆ ئەوەی ناسنامەی کورد نەسڕێتەوە و خاک و سەربەخۆیی وڵاتەکەی وەدەست بێنێتەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو بەشە لە خاکی کوردانە کە سەدان ساڵە کەوتۆتە بەر هێرشی داگیرکەران و کوردیش لەو ناوچەیە و لەو پارچەیە لە هیچ فیداکاری و گیانبازییەک درێغی نەکردوە. شۆڕشی کورد لەو بەشە بەشێوەی جۆراوجۆر هەر بەردەوام لەسەرپێ و بەپێوە بووە. ئەو ژن و پیاوانەی کە دەستیان چەکی گرتوە بوونەتە قەڵغانی پاراستنی خاک و خەڵکەکەیان و بوونە پێشەنگ و پێشمەرگە و پێناسەی گەلێکی زیندوو و خاوەن کەوشەن و کەرامەت و خوێنی سووریان بەڵگەیە بۆ بست بە بستی ئەم خاکە و ئەم کاروانەش سەدە لە دوای سەدە و نەوە لە دوای نەوە هەر بەردەوام و بەرەو لووتکەی سەربەخۆیی بەڕێوە بووە.

ئەگەر چەک بەدەستانی ئەم گەلە لەبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیدا توانیویانە ڕەسالەتی مێژوویی خۆیان بەجێ بگەیەنن، لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵانی بەرینی خەڵک پشتیوانیان بوون و هەر کەسە و هەر توێژە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە پاراستنی خاکی کوردانــدا هاوکار و پشت و پشتیوان و خاوەن هیممەت و هەڵوێست بوون.

هاوکاری و هاوسۆزی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ خۆیان و کوردانی بەشەکانی دیکە و دژبەرانی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئێراندا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و هەر لەسەرەتا و دەسپێکی ژیان لەسەر ئەم خاکە کورد وەک ئەرکێکی ئینسانی، ئەخلاقی و نیشتمانی بە فریا و هانای یەکەوە چوون و دەرگای دڵ و ماڵەکانیان بەسەر خەڵکی دیکەشدا ئاواڵە بووە و لە کاتی شەڕ و دەربەدەری و کارەسات و ئاوارەییشدا بۆ یەکتر بوونەتە پشت و پەنا.

ئەو هەست و شعوورە نیشتمانی و نەتەوەییە تا دێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشە دەکا و لەم ساڵانەی دواییدا کە دەتوانین ڕاشکاوانە ئاماژە بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکەین کە پێشەنگی ئەو خەباتە مەدنیە بووە، هەر بەردەوام و لەگەشەسەندندایە. دەسپێکی کاری دڵسۆزان لە ئەنجوومەنە مەدەنی، فەرهەنگی و ژینگەپارێزییەکاندا بناخەیەک بوو بۆ هاوپێوەندییەکی بەرینتریی ڕووحی و دەسپێکی شێوەیەکی نوێ لەخەبات لەنێوخۆی وڵات. هەر چەند ئەو کات هێندێک کەس و لایەن گاڵتەیان بەم شێوە خەباتە دەهات و خەباتیان تەنیا لە لوولەی کلاشینکۆفەکانەوە دەدیت، بەڵام کاریگەریی ئەو شێوە خەباتە وایکرد کە ئەوانیشی بەدوای خۆیدا ڕاکێش کرد و هێنانیە سەر ئەو باوەڕە کە هەر کام لە شێوەکانی خەبات لە دەور و زەمانی خۆیدا پێویست و کاریگەریی خۆیان لەسەر کۆمەڵگە هەیە و ناکرێ هەموو هێز و پۆتانسێلی خەبات لە یەک شوێن و لەیەک ڕەهەنددا کۆبکەینەوە. لەو کاتەدا کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەنێوخۆی وڵات چالاکیان دەکرد و "هەمزە ساردکەیی"ـەکان نیشتمانیان بەخوێن دەڕەنگاند، لە هەمانکاتدا ڕێبەرایەتی ئەم حیزبە شکڵ و شێوەیەکی دیکەی بە خەباتی مەدنی دا و بوو پێشەنگی ئەم کاروانەش کە ئێستا بەرهەم و کاریگەرییەکانی بۆ هەموو لایەک ڕوونە.

هەردهەژێنەکەی کرماشان هاوپێوەندییەکی بەربەرینی نەتەوەیی بوو کە باشوور و باکوور و ناوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زیاتر لەیەک نزیک کردەوە و دەتوانین بڵێین کە ڕووحی نەتەوەیی لەنێو کورداندا زیاتر گەشەپێدا و لە هەمانکاتدا دڵی داگیرکەرانی کوردستانی هێنایە لەرزە. دژمنان کە دەمێک بوو لەهەوڵی دروستکردنی دیوارێکدا بوون کە لەسەر بناغەی مەزهەب و زاراوە هەڵیانچنیبوو، بەڵام شعوور و هەستی نەتەوەیی کورد بە حەڕەکەتێک وەک هەردهەژێنەکە تەخت و تاج و قەڵای ئەوانی هەژاند و کورد گوتەنی" ڕیسەکەیان لێ بۆوە خوری".

ئەو هاوپێوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییە لە کاتی هێرشیی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوییدا بۆسەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان زیاتر خۆی نواند و مانگرتنی ٢١ی خەرمانانیش پەیامێکی بەهێز بوو بۆ یەکگرتوویی کوردان، بۆ هاوپێوەندیی نێوان حیزبە کوردستانییەکان و خەڵک لە ڕۆژهەڵات و سیخورمەیەک بۆ نەیاران و زەبرێکی بەهێز بوو بۆ پلان و پیلان و خەون و خەیاڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و لەنێو خەڵکی کورددا.

بوومەلەرزەکەی قوتوور و سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بۆ جارێکی تر ئێنتیمای نەتەوەیی لەنێو کورداندا بە خەڵکی جیهان نیشاندا. لە کاتێکدا کە سەرانی ڕێژیم خەریکی تەنز و توانج و پلار بوون لەسەر کۆڕۆنا، خەمخۆرانی نیشتمانی کورد لەبیری هەڵچنینی دیوارێکدا بوون بۆ پێشگیری لە تەشەنەسەندن و هاتنی بۆ کوردستان، لەو کاتەدا کە کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ خاتری بەرژەوەندییەکانیان خەریکی شاردنەوەی ئەو دێوەزمەیەدا بوون، دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی کورد لەسەر بڵیندگۆکان و لە شەقام و کۆڵانەکان داوایان لە خەڵک دەکرد کە لە ماڵەکانیان نەیەنەدەر بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێ.

ئەوەی لەم کاتە هەستیارەدا جێی بایەخ و سەرنجە، ئەوەیە کە کوردستان بوو بە گۆڕەپانی هاوکاری و هاوخەمی لەگەڵ هەژاران، نەخۆشخانەکان بوونە سەنگەری فیداکاری سپی پۆشانی نیشتمان، دوکتۆر و پەرەستار و کارمەندەکانی نەخۆشخانەکان مایەیان لەخۆیان دانا، تەرکی ماڵ و منداڵیان کرد، گیانی خۆیان خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی مەرگی هاونیشتامانییەکانیان نەبینن و لەو ڕێگەیەدا دەیان سپی پۆشی ماندوونەناس گیانیان لەدەست دا. لە ماڵە دەوڵەمەندان دڵسۆزان بە پووڵ، لە ناوەندە مەدەنییەکان بە قەڵەم و ژینگە پارێزان بە دژەگەنکردنی کۆڵان و شەقامەکان، لاوەکان بە ڕاگرتنی هاتووچۆ و هەموویان یەک دەنگ هاواریان کرد "ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە".

لەوکاتەدا کە بێکار و هەژارەکان ترسی زگی برسی منداڵەکان خەوی زڕاندبوون، دەوڵەمەندەکان بەوپەڕی سەخاوەتەوە بە هانایانەوە چوون و نەیانهێشت خەوی منداڵەکانیان تێکچێ و بەزگی برسییەوە ڕۆژ بکەنەوە.

هەر لەم کاتەدا کە کۆڕۆنا خەریکی داگیرکردنی جیهان بوو، کوردانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازانی تاراوگەش بە خەمی نیشتمانەوە بوون و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە ئەوەی لە دەستیان هات کردیان. لەڕیگەی هاوکارییەکانیانەوە بەفریای هەژار و نەدار و بێکارەکانەوە چوون و ئەرکی ئەخلاقی و ئینسانی و نیشتمانیی خۆیان بەجێگەیاند.

ئەم هاوکاری و هاودەردی و بەیەکەوەبوون و هەرەوەزە کوردانەیە بوونەتە مایەی خۆشحاڵی کوردستانیان و ئەم ڕێچکەیەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژە پڕ ڕێبوارتر و ئاوەدانتره و تادێ دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئەو حەڕەکەتە مەدەنی و نەتەوەیی و نیشتمانییە زیاتر گەشە دەکا و پەرە دەسێنێ.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



# زیندانیان کردە مەتەرێزی خۆڕاگری



برایم چووکەڵی

شەهیدان ئەو تێکۆشەرە خەباتگێڕانەن کە هەموو وجوودی خۆیان لە پێناو خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیاندا تەرخان کرد و دواتر هەر لەو ڕێگا و ڕێبازەشدا گیانیان فیدا کرد؛ کەواتە شەهیدان لە هەمووان گەورەتر و بەخشەندەترن. بۆیە ئەرکی نیشتمانی و ئینسانی و ئەخلاقیی ئێمەیە هەمیشە یادیان بکەین و ڕێزیان بگرین و داستانی خەبات و مەرگی سەربەرزانەیان بکەینە توێشووی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی سیاسییمان. چونکە ئەگەر ئەو خوێنانە نەبوایەن، ئەگەر خۆڕاگری و بەربەرەکانیی ئەوان نەبوایە، ئەگەر ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە هەموو شوێنێکی ئەم کوردستانە و تەنانەت دەرەوەی کوردستانیش خوێنیان لێ نەڕژابایە، ئەمڕۆ بەر پێی تێکۆشەرانی کورد ڕووناکیی بە خۆیەوە نەدەدی.

مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاری حیزبی چوونە نێو شاری سنە. پێشمەرگەکان بە شێوەی نهێنی خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکە دیاریکراوەکانیان بوون. شەوی ٢٥ی گەلاوێژ لە ئاکامی خەیانەتی خۆفرۆشێک دوو کەس لە پێشمەرگەکان بە ناوەکانی ڕۆستەم قەوامی، ناسراو بە ڕۆستەمە سوور و؛ سەید فازڵ ئیبراهیمی لە نێو شاردا کەوتنە داوی هێزی ڕێژیم و بەدیل گیران. ئەو دوو تێکۆشەرەی حیزب ڕەوانەی چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمی ڕەشپەرستان کران و خرانە ژێر توندترین ئەشکەنجە و ئازار. بەڵام ڕۆڵەکانی دێموکرات کە لەمەکتەبی حیزبی دێموکراتدا پەروەردە کرابوون، ئازایانە و قارەمانانە دیفاعیان لە بیروباوەڕی خۆیان و ئامانجەکانی حیزب و داخوازەکانی گەل کرد و دوژمن نەیتوانی بەسەر ورە و کێوی ئیمان و بڕوایاندا سەرکەوێ.

ئەو دوو قارەمانە زیندانیان کردە مەیدانێکی دیکەی خەبات و بوون بە سیمبولی خۆڕاگری. پاش سێ ساڵ و نیو دوژمنانی ئازادی کە زانییان ناتوانن لێوی ئەمینداری ئەوان بە زیانی گەل و حیزب هەڵپچڕن و ئەشکەنجە و ئازار کار لە بیروباوەڕیان ناکا، جەلادانی کۆنەپەرستی زەبوونانە ڕۆژی ١٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ ئەو دوو تێکۆشەرەی دێموکرات؛ ڕۆستەم قەوامی و سەید فازڵی ئیبراهیمی‌یان ئێعدام کرد.

شەهید ڕۆستەم قەوامی، لە ساڵی ١٣٤١ـی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شاری سنە لەدایک بوو. ٤ ساڵانە بوو کە دایکی خۆشەویستی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. بەم جۆرە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ هەناسە ساردی و بەشمەینەتی ئاشنا بوو. هەژاری و دەسکورتیی بوون بە هۆی ئەوە کە ڕۆستەم لە شارێکی وەک سنە نەتوانێ بچێتە قوتابخانە، ئەویش وەک سەدان لاوی دیکەی ئەم کوردستانە، ببوو بە قوربانیی ستەمی نەتەوایەتی. ئەو لە ٨ ساڵییدا شانی دایە بەر کار کردن و ئارەقە ڕشتن و بە شاگرد قاوەچیەتیی ژیانی شەرافەتمەندانەی خۆی هەڵدەسووڕاند و یارمەتیی بنەماڵەکەشی دەکرد، دواتر بۆ کارکردن ڕووی لە شاری تاران کرد، زۆری نەکێشا کە گەڕایەوە شاری سنە.

ئەو ژیانە دنیایەک ڕق و قینی شۆڕشگێڕانەی لەنێو دڵی ڕۆستەمدا کۆ کردبۆوە. بۆیە کاتێک ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد، ڕۆستەمیش شانبەشانی خەڵک بەشداریی ئەو ڕاپەڕینە بوو.

شەهید ڕۆستەم قەوامی پاش سەرکەوتنی شۆڕش، ئاگایانە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و سەرەنجام ئەو لاوە قارەمانەی شاری سنە لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٩ بوو بە پێشمەرگە و، پێشمەرگانە ژیا و پێشمەرگانە خەباتی کرد و پێشمەرگانەش سەری دانا و تەواوی تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد تەرخان کرد. ناوبراو بڕوای قووڵی بە ئازادیی نەتەوەکەی بوو. وشیارانە بەرنامە و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و خەباتی بۆ دەکرد، بەتەواوی، هەستی بە ژێرچەپۆکەیی و بێبەشیی گەلەکەی کردبوو، بۆیە ئازایانە بۆ ئازادی و بەختەوەریی گەلەکەی تێدەکۆشا و بە هەموو شێوازێک بەرگری مافی نەتەوەکەی، هەر بۆیەش خەڵک زۆریان خۆش دەویست و ڕێزیان دەگرت.

سەبارەت بە لێوەشاوەیی و لێهاتوویی، زۆر زوو وەک فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە دیاری کرا. لە عەمەلیاتە گەورەکانی ناوچەکانی ژاوەرۆ، چەمشار، لەیلاخ، سارِاڵی دیوەاندەرە و حوسێناوادا بەشداریی چالاکانەی هەبوو، ئازا و بەهیمەت و جوامێر بوو. لە پێناو بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەدەکرد.

شەهید ڕۆستەم لە مەیدانی کاری نیزامی و جموجۆڵ و عەمەلیاتی پارتیزانییدا گەلاڵەدارێژێکی بەتوانا بوو. گوێڕایەڵی سیاسەت و بڕیارەکانی حیزب بوو. بەنەزم و دیسیپلین بوو. لە شەڕەکاندا فەرماندەرێکی ئازا و کارامە بوو، لە جەولە و کاروبارەکانی دیکەی پێشمەرگانەدا ورە و هیوا و هومێدی بە هاوسەنگەرانی دەدا و جێگای متمانەیان بوو.

ئەو تایبەتمەندییانە شەهید ڕۆستەمیان وەک سیمایەکی بەوەج لە ڕیزەکانی هێزی شەریفزادەدا ناساند، بۆیەش دواتر لە لایەن تەشکیلاتی حیزبەوە وەک فەرماندەری لک ئەرکی پێ سپێردرا و تا کاتی شەهید بوونی ئەو ئەرکەی بە ڕووسوورییەوە بەڕێوە برد. هەروەک لە پێشدا باس کرا لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکە حیزبییەکانیدا لە نێو شاری سنەدا گیرا و پاش شکنجە و ئازارێکی زۆر لە نێوەڕاستی مانگی خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی سەید فازڵ ئیبراهیمی لەسێدارە درا و بە بەخشینی گیانی خۆی بە دوژمنی سەلماند کە خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری، لە سێدارە بەرزترن.

# تێکنۆلۆژیی مووشەک لە دەست دەسەڵاتێکی سەرەڕۆدا



ئامانج زیبایی

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە مانەوەی لە دروستکردنی قەیران بۆ تێپەڕین لە قەیرانێکی دیکەدا دەبینێتەوە. مێژووی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هەمووی قەیرانخوڵقێنی بووە بۆ سەرپۆشکردنی قەیرانە نێوخۆییەکانی خۆی. لە ئێستاشدا کە کۆرۆنا خەمی گەورەی هەموو وڵاتانە و حکوومەتەکان بەو پەڕی هێز و توانای خۆیان لە هەوڵی زاڵبوون بەسەر ئەم پەتایەدان، کۆماری ئیسلامی ئێران بەدووی قەیرانخوڵقێنییەکی دی لەو قەیرانەدایە بۆوەی بتوانێ ئەم کاتە ناسک و هەستیارانەش بێوەی تێپەڕێنێ.

تاقیکردنەوەی مووشەکێکی نوێ بۆ هەڵدانی سەتەلایتێک بۆ مەبەستی نیزامی ئەو بابەتەیە کە کۆماری ئیسلامیی بەرەو چەند ئەگەر و گریمانەیەکی دی کردۆتەوە.

ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی بانەمەڕ بوو کە کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند لە ڕێگەی مووشەکێکی نوێ _کە تەکنولۆژیی بەکارهێنانی وێدەچێ هەر هەمان تکنۆلۆژی بەکارهاتوو لە مووشکی بالیستیکی دوورهاوێژ بێت_ ماهوارەی نووری بە سەرکەوتوویی لە بۆشایی ئاسماندا جێگیر کردوە.

ئەم هەوڵەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئەویش لەو بارودۆخەی ئێستادا کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە.

یەکەم کاردانەوەکان لە لایەن ئامریکا بوو کە ئەم کارەی بە پێشێلکردنی بڕیارنامەی 2231ی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان زانی و خوازیاری ئەوە بوو کە ئەم بابەتە ببرێتە شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان. دوابەدوای ئامریکا وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان و فەڕانسەش هەر بە هەمان شێوە ئەم کردەوەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد. ئەوان وێڕای ئاماژە بەوەی هەوڵەکانی ئێران پێشێلکردنی ئاشکرای بڕیارنامەی شوڕای ئەمنیەتە، هەڵدانی سەتەلایت بۆ کاروباری نیزامییان بە هۆکارێک بۆ ناسەقامگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناوبرد و ڕایانگەیاند کە هەڵوێستی ئەم وڵاتانە لە مەڕ چالاکیەی مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاڵوگۆڕی بە سەردا نەهاتوە.

هەڵوێستی بریتانیاش وەک ئەندامێکی هەمیشەیی شوڕای ئەمنیەت زۆر توند بوو، بەڵام بەپێچەوانە ڕووسیە بە چاوێکی دیکەوە سەیری ئەم ڕووداوەی کرد. ڕووسیە ناردنی ماهوارە بە مووشەکی بالستیکی دوورهاوێژی پێ سەرەڕۆیی ئێران و پێشێلکردنی بڕیارنامەکان نەبوو. ماریا زاخارووا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە پشتی ئێرانی گرت و ڕایگەیاند کە ئامریکا خۆی پێشێلکەری بڕیارنامەی گۆڕینە و بە هاتنەدەرێی تەکلایەنەی خۆی لە بەرجام ئەم بڕیارنامەیەی پێشێل کردوە.

جیا لە بابەتی کاتی هەڵدانی ئەم سەتەلایتە و هەڵوێستی وڵاتانی شوێندانەر لەسەر بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، لایەنێکی دیکەی ئەم بابەتە ئەوە بوو کە بەرپرسانی پلەبەرزی سپای پاسداران بەڕەسمی ڕایانگەیاند کە ئەم ماهوارەیە بۆ مەبەستی سەربازی نێردراوەتە بۆشایی ئاسمان. تەنانەت ئەمیر حاجیزادە لەم پێوەندییەدا پێی لەوەش نا کە سپای پاسداران بە شێوەیەکی نهێنی لەم بوارەدا کاری کردوە و ماوەی چوار ساڵە شاراوە و بەشێنەیی کاریان لە سەر کردوە، کە هەر ئەمە خۆی دانانە بەوەی لەو کاتەوە بڕیارنامەی 2231 یان پێشێل کردوە. جگە لەم بابەتانەش شوێنی هەڵدانەکە و بەکارهێنانی مووشەکی (قاصد)یش بۆ ڕاوەستان دەبێ. شوێنی هەڵدانی ئەم مووشەکە لە کەویری ناوەندیی ئێران بووە، شوێنێکی تەواو نهێنی کە لە ڕووی جوغرافیاییەوە بە ژینگەی یوزپەڵنگی ئێرانی دەناسرێ کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند ژینگەپارێز لەسۆنگەی ڕەخنەگرتنیان لە قڕکردنی ئەم یوزانە لەلایەن ناوەندی ئەمنیەتییەکانەوە گیراون. ئەو کەسانە تۆمەتی سیخوڕی بۆ وڵاتانی بیانییان دراوەتە پاڵ چەند کەس لەوان لە سێدارەش دراون.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمیشە بەگومانەوە سەیری چالاکییە مووشەکییەکانی ئێرانی کردوە و بە مەترسیدار بۆ سەر سەقامگیریی ناوچەی زانیون. ئەم گومان و هەست بە مەترسیکردنەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کراوە و لە کاتی ئێستاشدا ئەم گومان و مەترسیانە بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی تێکدەرانەی ئێران لە هاوکێشەکانی ناوچە چەند قات زیاترە.

لەو بارودۆخەدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەریکی بەرنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنایە و چەند وڵاتێکیش داوای کەمکردنەوەی گەمارۆکانی سەر ڕێژیمی ئێرانیان لە ئەمریکا کردوە و ڕێژیمیش بۆ وەرگرتنی یارمەتیی دارایی دەستی بۆ سندووقی نێودەوڵەتیی دراو درێژ کردوە، ئەم بڕیارەی سپای پاسداران کاریگەریی لەسەر چەند بڕیارێکی دیکە لەسەر ڕێژیم دەبێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو کارەی سەلماندی کە دەسەڵاتێکی جێی متمانە نییە و نەک ساغی و سڵامەتیی خەڵکی وڵات؛ بەڵکوو تەنیا ئامانجە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی خۆی بەلاوە گرینگە.

هەڵدانی ماهوارەی نوور لە گۆشەنیگایەکی تریشەوە جێگەی تێروانینە!

هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا و بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە پێویستی بە شەڕێک لە جۆری تیۆریی گەمەی ناسفری هەبێ لە ناوچەکەدا و سەرەڕۆییەکانی سپای پاسدارانیش خەریکی پەرەپێدانن بۆ ئەم گەمەیە. نابێ لە یادمان بچێتەوە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای کوژرانی قاسم سولیمانی باسی لە یەکەم لێدوانیدا باسی لەوە کرد کە دەبێ ئێران بەرەو بەهێزبوون هەنگاو بنێتەوە. هەر لەم پێوەندیەشدا حکوومەتی واشینتۆن دەستەوەستان نەوستاوە و خەریکە لە ناوچەکەدا ئامادەکاری پێویست بۆ ئەگەرەکانی بەردەم دەکا. بۆ نموونە دانانی قەڵغانی مووشەکیی پاتریۆت (MAM104) لە عێراق و خەلیج و هێنانی فرۆکەی (B52) و چەند ڕێکارێکی دی کە لەم ماوەیەدا گرتوویەتە بەر.

ئامریکا لە قۆناغی سەختی کۆرۆناشدا بە



لەو بارودۆخەدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەریکی بەرنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنایە و چەند وڵاتێکیش داوای کەمکردنەوەی گەمارۆکانی سەر ڕێژیمی ئێرانیان لە ئەمریکا کردوە و ڕێژیمیش بۆ وەرگرتنی یارمەتیی دارایی دەستی بۆ سندووقی نێودەوڵەتیی دراو درێژ کردوە، ئەم بڕیارەی سپای پاسداران کاریگەریی لەسەر چەند بڕیارێکی دیکە لەسەر ڕێژیم دەبێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو کارەی سەلماندی کە دەسەڵاتێکی جێی متمانە نییە و نەک ساغی و سڵامەتیی خەڵکی وڵات؛ بەڵکوو تەنیا ئامانجە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی خۆی بەلاوە گرینگە

لەماوەی ڕابردوودا بەلەمەکانی سەر بە هێزی دەریایی سپای پاسداران زۆر جار بە شێوەیەکی مەترسیدار و سەرەڕۆیانە لە پاپۆڕەکانی ئامریکا نیزیک دەبوونەوە و ڕەفتاری دنەدەرانەیان لە خۆیان نیشان دەدا. دواجار سەرۆککۆماری ئامریکا بڕیاری بە هێزەکانی خۆی لە خەلیج دا کە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم سەرەڕۆییانەی هێزەکانی سپای پاسداران وەڵامیان بدرێتەوە و لێیان دەن.

هەموو ئەم ڕووداوانە لە کاتێکدا بوون کە نرخی نەوت بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دابەزیوە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی پەتای کرۆنا و نەبوونی کریار. هەر ئەم تویتەی ترامپ بۆ وڵامدانەوەی ئەرتەشی ئامریکا بە بەلەمەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نرخی نەوتی سەتا ٢٠ بردە سەرێ کە دیارە هۆکارەکەی دیکەی تاقیکردنەوەی مووشەکیی سپای پاسداران بوو.

لە زانستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا چەمک و بنەمایەک هەیە بە ناوی تیۆریی گەمە (Game method) و ئەم میتۆدەش لە دوو تەوەردا پۆلێن دەکرێن:

گەمەی سفری: لە ئەگەری شەڕ و پێکدادانی سەربازی لە نێوان دوو یان زیاتر لە دوو لایەن، ئەگەر لایەنەکان هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کە وڵاتێک تەواو تێک بشکێنن و سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتە بگۆڕن.

گەمەی ناسفری: واتا لە ئەگەری شەڕ و پێکدادانی سەربازی لە نێوان لایەنەکان ڕوو بدا، بەڵام بۆ لەنێوبردنی ئەم وڵاتە نەبێت و تەنیا بۆ لاواز کردنی ئەم لایەنە بێت.

بۆیە وا وێدەچێ کە ئامریکا بۆ ڕاگرتنی پێداگری لەسەر هێشتنەوەی سزاکانی سەر ئێران و هەروەها ڕێگری لە پێدانی وام لەلایەن سندووقی نێونەتەوەیی دراوەوە بە ڕێژیم، نیشانی دا کە بە هیچ شێوەیەک ناهێڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە بە سەرەڕۆییەکانی خۆی بدا. هاوکات داوای لە هاوپەیمانەکانی خۆیشی کردوە کە هەڵوێستی هاوچەشنیان هەبێ. ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بەوەندەش نەوەستاوە و ڕایگەیاندوە کە ئەم پەروەندەیە دەباتە کۆبوونەوەی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕایگەیاندوە کە ئامریکا چ بە درێژکردنەوەی گەمارۆ خستنەسەر کڕین و فرۆشتنی چەک و چۆڵە بە ئێران_ کە قەرارە لە سەرەتای خەزەڵوەردا ماوەی ئێستای بەسەر بچێ_ یان خود بە چالاککردنی مکانیزمی ماشە وەڵامی پێویستی خۆی دەبێ. لە ئێستادا ئامریکا ڕەشنووسی بڕیارنامەی خۆی ئامادە کردوە بۆ شوڕای ئەمنیەت و وا بڕیارە کە لە مانگی داهاتوودا کە وڵاتی ئێستۆنی بەڕێوەبەری ئەم خولەی شوڕای ئەمنیەتی دەکەوێتە ئەستۆ و ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانێکی نێزیکی ئامریکاشە، بیهێنێتە بەر باس.

ئامریکا لەم پێوەندییەدا ئەرکێکی قورس و گرانیشی کەوتۆتە ئەستۆ کە هاوڕاکردنی ڕووسیە و چینە لەگەڵ خۆی.

قسەی کۆتایی نوێنەران و دیپلۆماتەکانی ئامریکا ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران گەورەترین وڵاتی پشتیوان لە تێرۆریسمی نێودەوڵەتییە و کەمترخەمی لەم بارەیەوە هاوسەنگیی هێز لە جیهاندا تووشی مەترسی و لەنێوچوون دەبا.

# واوێژێکی متمانەپێکراو


ناسر باباخانی

**ئاماژە:**

**"کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان [حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نموونە (١٣٢٤_١٣٧٠)]، ئەمە ناونیشانی تێزی دوکتورای کاک سمایلی بازیارە کە ئەم ڕۆژانە بەسەری کردمەوە و بۆی ناردبووم. بۆ نووسینی ئەم چەند دێڕە جگە لە دەقی تێزەکە، بیروبۆچوونەکانی کاک سمایل لە دەرەوەی دەقی تێزەکەش یارمەتیدەرم بوون. با ئەو ڕاستییەش بدرکێنم کە ئەم یادداشتە تەنیا و تەنیا دێتەی خانە سپاس و پێزانینەوە، چون دڵنیام کارەکەی کاک سمایل هەڵدەگرێ زۆر زیاتری لەسەر بدوێی و ئەمە بەس بۆ ناساندنی ئەم توێژینەوە بە پێزەیە.**

***

ڕەنگە هیچ لقێک لە دەڤەری زانستە مرۆییەکاندا وەک مێژوو لێڵ و تەماوی نەبێ، دەڤەرێکی پڕ لە گرێپووچکە و ئاڵۆز و هەندێ جار پڕ لە مەترسی، بەتایبەتی کاتێ مێژوو لەسەر دەستی نەتەوەی باڵادەست و براوەکانی گۆڕەپانی شەڕ دەنووسرێتەوە، ئادار بەسەر پاداری نەتەوەی بندەستەوە ناهێڵێ.

لە لایەکی تریشەوە لەنێوخۆشیدا بەرژەوەندیی تاکەکەسی و گرێوگوڵە دەروونییەکان، زۆر جاران مێژووەکەی بە لاڕێدا بردووە و بۆتە هۆی سەرلێشێواوی، بەتایبەتی لە مێژووی هاوچەرخدا کەم نین نموونەی لەم چەشنە.

دیارە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لەسەر مێژووی هاوچەرخی کورد تۆمار کراون و دێنە خانەی بیرەوەری، تووشی ئەم پەتایە بوون و پێویستیان بە خەسارناسی جیددی هەیە. ئەم بیرەوەرییانە لە لقی مێژووی زارەکی (Oral History)دا جێدەگرن و بۆ ئەوەی بکرێ متمانەیان پێبکەی، دەبێ لەگەڵ دەقەکانی هاوشێوەی خۆیان پێکیان بگری و تۆزی برا گەورەییان لێ بتکەێنی و دواجار بە کەلکوەرگرتن لە بەڵگە و دێکیومێنتەکان پشتڕاستیان کەیەوە.

خەسارێکی تر، نەبوونی شرۆڤە و ئانالیزە لەسەر بنەمایەکی زانستی، چون لە ڕاستیدا بە هەموو پێوەرێک مێژوو دێتە خانەی زانستەوە کە کورد کەمتر لەم گۆشەنیگایەوە بۆ مێژووی ڕوانیوە. مێژوو وەک زانست بریتییە لە ناسین و شرۆڤەی سەردەمی تاریک و ڕابردووی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای تیشک و ڕووناکایی ئێستا، بە کەلکوەرگرتن لە شێواز و مێتۆدی گونجاو و شیاو.

بێگومان نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی و کیانێکی سەربەخۆ یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی فەوتاندن و شێواندن و بەلاڕێدا بردنی مێژووی کورد بووە، بۆیە هەر چەشنە حەولێک بۆ ساغکردنەوە و شرۆڤەی ئەم مێژووە بێنازە دەبێ بە هەند وەرگیرێ. کە وا بوو ئەوە زۆر گرینگە کاتێ شرۆڤەکارێک بە ڕەچاوکردنی ئەم خەسارانەی باسم کرد، حەول دەدا لەسەر بنەمایەکی زانستی مێژووی هاوچەرخ شرۆڤە بکا، بەتایبەتی کە بۆخۆشی لە پێکهاتەی ئەم قۆناغە مێژووییەدا بووە چ وەک بیرمەند و چ بە شێوەی پراکتیک لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیەکی بندەستدا.

مێژووی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانەوە وەک حیزب دێموکراتی کوردستان و دواتر وەک حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاستگۆیانە لە لایەن دوکتور سمایلی بازیارەوە دەگێڕدرێتەوە. گرینگی ئەم ڕیوایەتە لەوەدایە کە گێڕانەوەکە تەنیا لە چوارچێوە و قابی حیزبی دێموکراتدا نامێنێتەوە و پەلکێشی دەکا بۆ دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە تا دواجار بتوانێ ڕەوتی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەگان نیشان بدا و پێداگری لەسەر ئەوە بکا کە بەشێک لەم ئاڵوگۆڕانە کە هەندێ جار ڕادیکالیزمێکی بەحەقیشی پێوە دیارە، بەرهەمی گوشارە دەرەکییەکان و زەختە نێوخۆییەکانە. لە ڕاستیدا ئەم دژکردەوەیە – بۆ وێنە لە دوای کۆنگرەی چواری حیزب – بەرهەمی گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی، حیزبی توودە، هەندێ جەرەیانی چەپی کوردی و غەیرەکوردی و هەروەها ڕەوتە نێوخۆییەکەی سەر بە حیزبی توودەی نێو کۆنگرە بوو. ئیتر ئەمە حیزبی دێموکراتی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان نییە کە خۆی تاقانەی مەیدانی خەبات بێ، بەڵکوو حیزب، لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دەبێ بەرهەڵستی زۆر لایەنان بێ. بۆیە لە ڕەوتی گێڕانەوەکەدا بازیار هەر لەنگەر لەسەر دژایەتییەکانی نێوخۆ ناگرێ و سەرجەم ساحەکان لە کوردستانەوە بگرە تا ئێران و تەنانەت ڕووداوەکان و کارتێکەرییەکانی جیهانیش دەخوێنێتەوە.

واوێژی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نەوەک کادرێکی باڵای حیزب، بەڵکوو وەک چاوەدێرێکی دەرەکی و بێلایەن کە هەندێ جار تێبینییەکانی لە قەرائەتی فەرمی سەرکردایەتی حیزبەکەشی لادەدا، لە حیزبی ئازادی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکافەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بێ ئێران و بە ئێرانەوە!

بەڵام ئەمە هەر گێڕانەوەیەکی ساکار نییە، بەڵکوو چەمکە تیۆریکەکان بەردەوام لە نێو دێڕەکانی مێژوودا دێن و دەچن، واتە ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکە پشت ئەستوورە بە زیاتر لە چوارسەد سەرچاوەی هەمەجۆر وەک کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ماڵپەڕ، یادداشت، بیرەوەری، چاوپێکەوتن، میدیا، ئارشیو و... بەڵام توێژەر بە ئانالیز و لێکدانەوەکانی خۆی لە "تاریخ نقلی" و گێڕانەوە تێدەپەڕێ و بەرەو تاریخی زانستی و شرۆڤەیی هەنگاو دەنێ. بۆ وێنە بە تەسەلی لەسەر جیاوازییەکانی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" و "سۆسیال دێموکراسی" و هەروەها "سۆسیالیزمی مەوجوود" لەنگەر دەگرێ و دەوەستێ بۆ ئەوەی لێزانی و چازانیی سکرتێرەکەی نیشانی خوێنەری وردبین بدا.



**کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان [حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نموونە (١٣٢٤_١٣٧٠)]**

بازیار زیرەکانە باس لە دوو هێڵی هاوتەریبی نێو حیزب دەکا، دوو هێڵ کە هەر لە زەمانی حیزبی ئازادی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکافەوە تا دەگاتە کۆماری کوردستان و حزبی دێموکراتی کوردستان، بەجۆرێ وەک دەق و پەراوێز بوونیان هەیە: هێڵی چەپ ئاژۆ و هێڵی پەلکێشی ڕاست. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە زۆربەی ڕووداوەکان لە تێک هەڵەنگوتنی ئەم دوو هێڵەدا خویا دەبن.

مێتۆدی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە ناڕاستەوخۆ لەسەر مێژووی زارەکی دامەزراوە، لە بیرەوەرییەوە بگرە تا شرۆڤە، لە خۆجێییەوە بگرە تا بیانی، لە نەخوێندەوارەوە بگرە تا مامۆستای زانکۆ. هەروەها ڕاستەوخۆ پشت دەبەستێ بە سەرچاوە مێژووییەکان، بەڵام کە فاکتیان لێ دێنێتەوە و قسە و بۆچوونیان باس دەکا، هەر یەکەوڕێ قسە و شرۆڤەی خۆشی دەخاتە پاڵ قسەی ئەوان، تا دەقی تێزەکە ببێ بە دەقێکی بەرهەمهێنەرانە و ئۆرجیناڵ.

لەم نێوەشدا ئەوەی وەک هونەری نووسینی توێژەر خۆی دەردەخا پێکەوەلکاویی فاکتەکانە، چون هەست بە سەکتە و گرێ ناکەی و هەست ناکەی کە یەکیەتیی بابەتەکە تووشی پچڕان و دابڕان بووبێ.

شابەیتی غەزەلی ئەم گێڕانەوەیە دوکتور قاسملوویە. چەق و ناوەندی ئەم تێزە دوکتور قاسملوویە. بازیار بەردەوام لە حەولی ئەوەدایە کە پێداگری شەهید دوکتور قاسملوو لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی حیزب بۆ خوێنەرەکەی باس بکا، دەڵێی هەستی بەمە کردوە کە لە نەبوونی ئەم سەربەخۆییە، حیزب تووشی چ خەسارێکی مەزن دەبێ. پێمخۆشە سووکەلەنگەرێک لەسەر ئەم چەمکە و گرینگی ئەم چەمکە بگرم:

شەهید دوکتور قاسملوو ساڵی ١٣٥٠ بەر لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزب، بە گەڕاندنەوەی چەمکی سەربەخۆیی بۆ نێو حیزبی دێموکرات و سەربەخۆیی لە بڕیارداندا بناغە تیۆری و فیکرییەکانی ئەم حیزبەی سەرلەنوێ داڕشتەوە، ئەمە لە هەمان کاتدا کە پرستیژی حیزبی دێموکراتی لەنێو ئێران و لە خودی کوردستاندا بردە سەر، شۆکێکی بەهێزی ڕەوانی بوو بۆ ئەو کەس و لایانانەی دڵیان بۆ حیزبی توودەی ئێران لێیدەدا یان تەنانەت دڵبەستەی پارتی بوون. ئێستا حیزبی دێموکرات، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و تەنیا هێز و پاڵپشتی حیزب، خودی گەلە.

ئەمە سەرەتای بنیاتنانەوەی فۆنداسیۆنێکی بەهێز و مەنتقی بوو بۆ حیزبێک کە دەیەوێ خۆی لەنێو بازنەی خەڵکەکەیدا ببینێتەوە و بێ منەت لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی تر (بە مانا سەربەخۆیی سیاسییەکەی) بەرنامە و پڕۆگرامی خۆی بەڕێوەببا و دواجار بە هۆی شۆڕشی گەلانی ئێران و سازبوونی بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ببێتە گەورەترین حیزبی هەر چوار پارچەی کوردستان.

ئەمە قۆناغی قاسملوو بوو، ئەم قۆناغە لە پاش شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٨ تا ١٣٦٨ درێژەی دەبێ و سەرەڕای هەموو کێشە ناوخۆییەکانی ناو حیزب، چەمکی سەربەخۆیی وەها لەناو پێکهاتەی حیزب و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا پراکتیزە ببوو کە نەیدەهێشت پەراوێز بە دژی دەق قوت بێتەوە.

ڕەنگە یەکێ تر لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم تێزە ئەوە بێ کە بازیار لە مرخێش مرخێشەکانی نێو حیزبدا، زیاتر سەرنجی داوەتەوە بیروبۆچوونەکان نەک ناوی خاوەن بیروباوەڕەکان و، نەک کێشە تاکەکەسییەکان! ئەمەش ڕێک تایبەتمەندی توێژینەوەیەکی زانستی و ئاکادیمیکە. کە ئەگەر ئەوەشی کردبا زۆر شتێکی ئاسایی بوو چون باسی مێژوویە و مێژووش بەبێ کارگێڕ مانا نادا!

دوکتور بازیار بۆخۆی دەڵێ من ئەو تێزەم بەر لەوەی بۆ زانکۆ نووسیبێ بۆ حیزبی دێموکرات نووسیوە، بۆیە بە باوەڕی من دەبێ کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، ئەم ئەمەگناسی و وەفادارییە بە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکە بقۆزنەوە.

هەرچەند ئاواتی ئەوەم دەخواست کە ئەم توێژینەوەیە سنووری ساڵی ١٣٧٠یشی بەزاندبا و گەیشتبا سەردەمی ئێستا و بەتایبەتی ئەم ڕوانینە کرۆنۆلۆژیکە، دۆخی بیری چەپ و پێگەکەی لەسەر وەچەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات شەونوکەو کردبا، بەڵام کە دۆخی حیزبەکان دەبینم، ڕەنگە منیش وەباڵی بۆ بکێشم کە بڵێم هەر لەم ساڵەدا بمێنەوە.

***

**پەراوێز:**

١. بێ هیچ شک و گومانێک ئەم تێزە بۆ ئەوەی لە زانکۆ تۆزی فەرامۆشی لەسەر نەنیشێ، دەبێ بخرێتە دووتوێی کتێبەوە.

٢. واوێژ پێشنیاری مامۆستا سەلاحی ئاشتی بوو بۆ ڕاوی، بەڵام بۆخۆم گێڕەوەشم بەلا پەسند بوو. بۆ وێنە قسەگێڕەوە یان چیرۆکگێڕەوە="ڕاوی داستان" لە زمانی کوردیدا هەیە.

٣. ئەگەر هات و بڕیاری بە کتێبکردنی تێزەکە درا، سەرجەم پەراوێزەکان دەبێ ببن بە پاشکۆی هەر بەشێک، چون سەرنجی خوێنەر لەسەر بابەتی سەرەکی لادەبەن.

---

**وانەکانی مافی مرۆڤ**

**(٦)**

# گەورەیی و شکۆی مرۆڤانە


شارۆخ حەسەنزادە

یەکێکی تر لە بنەما و بەڵگەمەندیی مافەکانی مرۆڤ گەورەیی زاتی مرۆڤە و هەربۆیەش لە زۆر بەڵگەی مافەکانی مرۆڤدا پێداگری لەسەر گەورەیی مرۆڤانە کراوە. ڕێز گرتن بە مانای بەرز نرخاندنە و کەرامەتیش بە مانای سەربەرزی و ڕێزداری، جێگەوپێگەی بەرز و شەرافەت کە بەهۆی ئەو ڕوانگەیە هەر ئینسانێک لێی بێبەش نابێ و لەهەر حاڵەتێکدا ناتوانی لێی بستێنیەوە. کەوابوو هەر جۆرە کردەوەیەک کە گەورەیی مرۆڤ خەوشدار بکات ڕەوشتێکی ناجوامێرانەیە و دەبێ خۆی لێ بوێری. ئەوەی کە لە بەڵگەکانی مافی مرۆڤدا هاتوە لە راستیدا حقوق و ڕێساگەلێکن کە بە مەبەستی پارێزگاری لە گەورەیی و شکۆی مرۆڤ ڕۆنراوە، وەک میناک کۆیلە بوون، ئەشکەنجە، هەڵاواردن و دووچاوەکی بەپێچەوانەی شکۆ و گەورەیی ئینسانی تاکە.

جا ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی و بە چ هۆکارێک مرۆڤ خاوەن وەها گەورەیی و شەرەفێکە؟ دەکرێ ئەم پرسیارە لانیکەم بە دوو ڕوانگە بەرسف بدرێتەوە:

لەڕووی فەلسەفی و بە جۆرێکی دیکە فەلسەفەی حقووق و لە ڕوانگەی ئۆلی (دینی)یشەوە.

**لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە**

ڕوونکاری و پاکانەی مافەکانی مرۆڤ بەپێی بنەماکانی مەزنایەتیی ئینسانی و تایبەتمەندییەکانی سەرەکی بە دوو شێواز پۆلێنبەندی دەکرێن کە لەدرێژەدا باسی دەکەین.

ڕوانگەی ئاکاری «کانت» لەهەمبەر مرۆڤ: مانۆیێل کانت فەیلەسووفی ئەڵمانی ڕوانگەی ئاکاری خۆی لەهەمبەر مرۆڤ لەسەر سێ کۆڵەکە دامەزراندوە کە ئاکامی هەرسێک لەو ئەستوونانە ڕێزدانان بە ئینسان و مافەکانیەتی:

کۆڵەکەی یەکەم، سەربەست بوونی مرۆڤە؛ واتە مرۆڤ توانایی هەڵاوێژن و بڕیاردانی ئاوەزمەندانەی هەیە. مرۆڤ دەتوانێ تەنیا لەسەر بنچینەی ئاوەزی کردەیی بێخەوش بڕیار بدا؛ یانی تەنیا و تەنیا ئاوەزی کردەیی مرۆڤ بەبێ ئەوەیکە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ویستی سەرچاوەگرتوو لە هەڵسەنگاندنی قازانج و زەرەر، حوکم بدا و ئەمر بکا، ئەم «سەربەخۆیی و سەربەستییە» بە شێوەیەکی کورت «سەربەستی ئاوەزی کردەیی بێخەوش واتە توانایی و دەسەڵات» ئەو شتەیە کە کانی بە بایەخەوە باسی دەکا. ئەم بنواشە و پرەنسیپە بە ڕوانگەی کانت مەرجی ڕواڵەتی هەرجۆرە ئەرکێکی ئاکارییە. یانی هەندێک بڕیارات و دەستوور دەتوانن ئاکاری بن. بە بۆچوونی کانت هەر حوکمێک کە ئەم مەرجە ڕووکەشییەی پەسند بکا دەبێتە حوکمێکی ئاکاری (حکم اخلاقی)، کەوابوو بە باوەری ئەو فەیلەسووفە مەزنە فەرمانی ئاوەزی کردەیی بێخەوش، حوکمێکی ئاکارییە و بایەخی ئەخلاقیشی هەیە.

کۆڵەکەی دووهەم، گەورەیی مرۆڤە کە لە سەربەست بوون و ئاوەزمەندی ئەو سەرچاوە دەگرێ، یانی چوونکوو بنیام بوونەوەرێکی هەڵبژێرە(انتخابگر) و سەربەستە کەواتە کەرامەتی هەیە. بە بۆچوونی «کانت» دەبێ مرۆڤایەتی لەنێو کەسیی خۆتدا بە پیرۆز بزانی و مرۆڤ بەهۆی هەبوونی سەربەستی (سەربەخۆیی خواست) و ئاوەزمەندی، کەرەسە و شت نییە.

کۆڵەکەی سێهەم، مرۆڤ بۆخۆی ئامانج و مەبەستە نەک کەرەستە و ئامراز، ئاکاری کانتی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە لەتەک هەموو مرۆڤەکان وەک یەک و بەرامبەر و بەوپەڕی خود(غایت بالذات)دەبێ هەڵسووکەوت بکرێ نەک بە مینانی کەرەسە و تشت. لە ڕاستیدا لەم بنواشەیە، بە ڕوانینی کانت حوکمی ئاوەزی بێخەوشە و لە ئاکاما بەپێی بنەمای یەکەم حوکمێکی ئەخلاقییە. هەروەها بەپشتبەستن بە بنەماکانی هەوەڵ و دووهەمیش دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە نابێ لەتەک مرۆڤ وەک شت یان کەرەستەیەک هەڵسووکەوت بکرێ، کەوابوو ئینسان کەرەسە نییە بەڵکوو کەسێکە. ئەم ڕاستییە بۆ هێزی هەڵبژاردن و ویستی ئەو دەگەڕێتەوە کەوابوو کەڵک وەرگرتن ئامرازی لە مرۆڤ ئەوە وەک کەرەسەیەکی لێدەکا نەک کەسێک، ئەوەش سەلماوە کە هیچ ئینسانێک پێی خۆش نییە وەک ئامراز و کەرەسەیەک یاری دەگەڵ بکرێ.

جا ئێستا با بزانین بە هاوکاری و یارمەتی ئەم سێ کۆڵەکەیە چەندە دەتوانین ئالیکاری مافەکامی مرۆڤ بین؟ لە وڵامدا دەبێ بڵێین، بەپێی بنەمای یەکەم، مرۆڤ خاوەن سەربەخۆیی خواست و ئیرادەیە، سەربەخۆیی خواست هەمان دەسەڵاتی تەواوی تاکە بەسەر هەڵبژاردنی کامڵ و ڕێکی بایەخە ئاکارییەکان و ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی بێلایەن یان لانیکەمی بەئاکام (minimal)بگا و لە ڕاستیدا بەپێی ئەو نیزامە تاک دەبێ لە بەرامبەر هەرجۆرە دەستدرێژی کردنە سەری پارێزراو بێ. بناخەی بەگەورە زانینی مرۆڤ فەرمانمان پێ دەکا کە هەر مرۆڤێک بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە کێیە و لە چ ئاستێک دایە، بەبێ مەرج بایەخی بۆ دابنێین نەک بەمەبەستی کەڵک لێ وەرگرتنی وەک کەرەسەیەک؛ چوونکە سەرجەم مرۆڤەکان لەخودی خۆیاندا دوایین ڕادەن و دەتوانن کاروباری خۆیان سەروبەر بکەن، کەوابوو هەرهەموویان لە گەورەییدا بەرامبەرن و وەک ئامانجێک سەیر دەکرێن نەک وەک کەرەسەیەک. بە بۆچوونی کانت دەبێ وەها بجووڵێیەوە کە مرۆڤایەتی چ لە کەسی خۆت و چ لە کەسێکی تر بەردەوام وەک خودتەکووز و ئامانج ببینی و هیچ کاتێکیش وەک ئامراز و کەرەستەیەک بەکاری مەهێنە. بەم خوێندنەوەیە، ڕێزدانان بۆ خواست و داوکارییەکانی تاک کە بوونەوەرێکی ئامانجدار و سەربەخۆیە نەک ئامرازێکی و ئیتر هیچ، ئەمە سەرچاوەی زۆرێک لە مافەکانە، چوونکە بەو ڕوانینە هەموو کەسێک سەربەست و سەربەخۆیە و بۆخۆی بڕیار دەدا چ بکا؛ یان چ نەکات و ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندیی ئینسانی و کەسایەتیی خۆیەتی و دەبێ ڕێز بۆ ئەو هەڵوێست و بڕیاراتەی باوەڕی خۆی دابنێین، هەروەها لە زۆربەی جاران ئەگە خواست و بڕیاراتی خۆمان لە سەرووی ڕوانین و بڕیاراتی ئەو دابنێین، لە ڕاستیدا ئەوە وەک کەرەسەیەک چاو لەو کەسە دەکەین نەک مرۆڤێکی سەربەست و ئازاد، سەپاندن و بە ئەستۆ داهێنان یان بێبایەخ چاولێکردنی ڕا و بۆچوون و بڕیاراتی کەسێک، زەوت کردنی ئەو ئازادی و سەربەستییەی تاکە. بەپێی ئەو بۆچوون و بەڵگانەیە کە ماف و ئازادییەکانی سەرەکی لە جۆری مافی مەدەنی و سیاسی شەقڵ دەگرن.

**درێژەی هەیە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 773 4 May 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
kdp.tashkilat@gmail.com

# ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم پارێزەری زمانی نەتەوەی کورد بووە لە ئێران و، هەم زمانحاڵی شۆڕش و خەباتی سیاسی و مافخوازیی ئەم گەلە

**(پەیامی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی بەبۆنەی یادی ١١٢ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی)**

ئەمڕۆ ٢٢ی ئاوریلی ٢٠٢٠ هاوکاتە لەگەڵ ١٢٢ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، ڕۆژنامەی ”کوردستان“ کە لە قاهیرەی پێتەختی میسر بڵاو دەبۆوە.

دەرچوونی ڕۆژنامەی ”کوردستان“ بە ئیبتکاری ڕووناکبیری گەورەی کورد میقداد میدحەت بەدرخان دەکرێ بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی بزاوتی سیاسی و ڕووناکبیریی کورد دابندرێ، سەرەتایەک و ڕچەشکێنییەک کە شوێن و کاریگەریی لەسەر هەموو بەشەکانی کوردستان دانا.

دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان هەم بایەخدان بە زمانی ”کوردی“ وەک توخمی سەرەکیی شوناس و نەتەوەخوازیی کورد بوو، هەم شکاندنی ڕچەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی بیروهزری نەتەوەیی و بنیاتنانی شکۆ و خەونی گەورەی نیشتمانیی گەلێکی بندەست.

ڕەوتی ڕۆژنامەنوسیی کوردی بەدرێژایی ئەم مێژووە هەوراز و نشێوی زۆری دیوە. لە قۆناغە سەختەکانی مێژووی ئەم نەتەوەیەدا و لە کاتێکدا کە نەیارانی کورد هەوڵی تواندنەوەی زمانی کوردی و کاڵکردنەوەی مافەکانی گەلی کوردیان داوە، ”ڕۆژنامەنووسیی کوردی“ چەکی دەستی ڕووناکبیران و نووسەران بووە بۆ بەرگری لە خەبات و مافەکانی نەتەوە بندەستەکەیان.

ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەعبیرێکی واقعبینانەیە لە مێژووی خەباتی سەختی ئەم نەتەوەیە. ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم پارێزەری زمانی نەتەوەی کورد بووە لە ئێران و هەم زمانحاڵی شۆڕش و خەباتی سیاسی و مافخوازیی ئەم گەلە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ڕۆڵ و جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک چۆن لە ڕووی سیاسییەوە شوێنی دیاری هەبووە لە ژیانی سیاسی و خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەکەی، لە ڕووی ڕۆژنامەنووسییشەوە، شوێنی دیار و بەرچاوی هەبووە.

گۆڤاری ”نیشتمان“، زمانحاڵی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد؛ ڕۆژنامەی ”کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان؛ گۆڤارەکانی ”کوردستان“، ”هەڵاڵە“، ”گڕوگاڵی منداڵانی کورد“، ”ئاوات“ و ”هاواری نیشتمان“ کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بە ئیبتکاری بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمار دەردەچوون بەشێکن لەو سامانە بەنرخە.

لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات لە بایەخدان بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی غافڵ نەبووە. جیا لە دەرچوونی بەردەوامی ”کوردستان“ وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات؛ ئەم حیزب لە پشتی دەرچوونی کۆمەڵێک بڵاوکەرەوەی دیکە بووە، وەک گۆڤاری ”تیشک“ لە قۆناغی سەختی خەباتی چەکداریی ٤٦_٤٧؛ دەیان گۆڤار و بڵاوکراوەی کۆمیتە شارستانەکان لە دوای شۆڕشی ٥٧ و ئیدارەی ناوچە ئازادکراوەکان؛ گۆڤارەکانی ”لاوان“، ”ژنان“، ”دنیای منداڵان“ و ”تیشکی نوێ“ و هتد.



ئەوەی جێی سەرنجە ئەمەیە کە نێوەرۆکی بابەت و پەیامەکانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات، تیشک خستنە سەر بێ مافی و بندەستیی نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاندانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ نەهێشتنی ژێردەستی و بێمافی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی خەڵک و پەرەپێدان بە بیروهەستی نەتەوەیی بووە.

لەنێو ئەو سامانە مەعنەوییەی حیزبی دێموکرات لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ”کوردستان“ خاوەن جێ و ڕۆڵی تایبەتییە. ”کوردستان“ وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات لە مێژووی ٧٤ ساڵەی تەمەنی خۆیدا هەموو کاتێک پاسەوانی زمانی کوردی و پارێزەری شوناسی نەتەوەیی و دەنگی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە ئێران و تەنانەت ڕەنگدانەوەی سەرجەم پرسی کورد بووە.

لە ١٢٢ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای ڕێز و قەدرزانی لە خزمەت و ماندووبوونی هەموو ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە، پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە لە سەرجەم تێکۆشەرانی ئەم بوارە دەکا و پێشوەچوونی هەرچی زیاتری ڕۆژنامەوانیی ئازاد و بەرپرسیار لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە ئاوات دەخوازێ.

**کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب**
**٣ی بانەمەڕی ١٣٩٩**

# سمیناری «ڕوانینێک بۆ بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستان»

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد، ڕۆژی دووشەممە ٨ـی بانەمەڕی ١٣٩٩ لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦_٤٧ و، ڕەوتی خەباتی خوێندکاران لەو کاتەوە هەتا ئێستا سێمینارێکی بەڕێوە برد.

لە سەرەتای ئەم سێمینارەدا ڕەحمان سەلیمی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی خوێندکارانی کورد کورتەیەکی لەسەر مێژووی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦_٤٧ هێنایە بەر باس و درێژەی باس و بابەتەکەی بە دوکتور سمایل بازیار، دوکتوڕای مێژوو و لە کادرە دێرینەکانی حیزب سپارد.

دوکتور بازیار سەرەتا باسێکی لەسەر پێناسەکانی ئەم بزووتنەوە خستە ڕوو و، پاشان باسی لە یەکەمین پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و بزووتنەوە خوێندکارییەکان کرد.

بە وتەی دوکتور بازیار ئەم پێوەندییە لە ساڵی ١٣٤٢پێک هاتوە. هەروەها دەیەی شەستی زایینیی بە سەردەمی زێڕینی خەباتی خوێندکاری و ڕەوتە شۆڕشگێڕی و چەکدارییەکان لە قەڵەم دا.

لە درێژەی باسەکەدا ئەم پرسەش هاتە ئاراوە کە ئایا ئەم بزووتنەوەیە تەنیا حەرەکەتێکی کۆمۆنیستی بوو یان غەیری ئەوە؟

دوکتور سمایل بازیار بە ئاماژەدان بە فاکتە مێژووییەکان وەکوو ئەو نامانەی کە لە نێوان ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیەدا ئاڵوگۆڕ کراون، پێوەندیی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە لەوانە حیزبی توودە و هەروەها بە ئاماژە بە کتێبی بیرەوەرییەکانی ”کوورش لاشایی“ بە ناوی ”ڕوانینێکی دەروونی بۆ بزووتنەوەی چەپ“، بە ڕاشکاوی وڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە کە بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦_٤٧ بزووتنەوەیەک بووە لەژێر کاریگەریی بیرۆکەی چەپی مائۆئیستی، بەڵام ڕەگەی بەرچاوی ناسیۆنالیزمی تێدا بەرجەستە بووە، چونکە نە تەنیا پێوەست نەبوو بە بزووتنەوە کۆمۆنیستی و مائۆئیستییەکانی تری ئەو کاتی ئێران، بەڵکوو بە شێوەی بزووتنەوەی میللی-نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدا و هەتا ئێستاش بەردەوامە.

دوکتور بازیار لە بەشێکی دیکەی وتەکانی لەمەڕ بەردەوامیی ئەم بزووتنەوەیە گوتی: دەکرێ ئاکامی خەباتی کاک سمایل شەریفزادە و هاوڕێکانی لە دوای شەهید بوونیان ببیندرێ،



چونکە ئەم بزووتنەوەیە کۆتایی پێ نەهات و لە دوای ئەو زۆر یەک لە خوێندکارانی کورد حیزب و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانەیان دامەزراند و هەتا ئێستاش لە خەباتیان بەردەوامن.

دوکتور بازیار جیاوازیی لە نێوان شکستی نیزامی و سیاسی دانا و گوتی: دەکرێ شکستی نیزامی بەسەر بزووتنەوەیکدا بێ، بەڵام هاوکات دەسکەوتی سیاسی بەدوای خۆیدا بێنێ. دوکتور بازیار پێی وابوو ئەم بزووتنەوەیەش توانیویەتی دەسکەوتی سیاسیی هەبێ و هۆکارەکەشی لەوەدا دەبینێ کە خوێندکارانی کورد بە پەیوەست بوونیان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبە سیاسییەکان ئەم ڕێگەیان درێژە پێداوە.

لە بڕگەی کۆتایی سێمینارەکەدا دوکتور بازیار وڵامی پرسیاری بەشدارانی کۆبوونەوەکەی دایەوە کە هەمووان لە دەرچووانی زانستگەکان بوون کە دواتر پێوەست ببوون بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە.

# بەهۆی بۆمبارانی سپای تورکیەوە دوو لاوی خەڵکی شنۆ گیانیان لەدەستدا



دوو لاوی خەڵکی شاری شنۆ کە بۆ کۆکردنەوەی گیای بەهاری چووبوونە کوێستانەکانی ناوچە، بەهۆی بۆمبارنی فڕۆکە شەڕکەرەکانی سپای تورکیەوە گیانیان لەدەست دا و چەند کەسێکیش بریندار بوون.

ئەم دوو لاوە کە ڕۆژی سێشەممە، ٩ی بانەمەڕ بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە گیانیان لەدەست دا، ”فاخیر تازەوارد“، و ”ڕەشید پیرۆتی“یان ناو بووە. تەرمی ئەم دوو هاوولاتییە چوار ڕۆژ دوای ڕووداوە و گەڕان و پشکنینێکی زۆر دۆزرایەوە و لە شاری شنۆ بەخاک سپێردران.

جێی باسە کۆماری ئیسلامی ئێران کە هیچکات بایەخی بۆ گیان و ژیانی کورد دانەناوە و بۆ خۆیشی لە ساڵدا دەیان کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد دەکوژێ، وەک چاوەڕوان دەکرا هیچ هەڵوێستێکی بەرانبەر کوژرانی ئەو دوو لاوە کوردە نەگرتە بەر و هیچ ناڕەزایەتییەکی سەبارەت بە سنووربەزاندن و دەستدرێژییەکەی سوپای تورکیە دەرنەبڕی.

بەرلەماڵاوایی

# «فەتاح کاویان»

# خۆری درەوشاوەی زێد و نیشتمان



ئەحمەد ڕەحمانی

سروشتی دۆڵی جافایەتی خەملیوە لەبەر گوڵ و شکۆفەی دار بادامەکان، سروشت جوانترین بەرگی ئاڵا و واڵای پۆشیوە، خوڕەی ئاوی نێو خڕەکە ڕۆژەڕێیەک دەڕوا. لەنێو گۆڕستانەکەی تەنیشت میوانخانە و نانەواخانە سمۆرە کلکزەردەکان تا گڵکۆفکی داربەڕووەکان تێهەڵدەبن و دادەگەڕێنەوە خوار.

_ ئای ئازاد خۆزگە دەرقۆچەکانیەکەمان پێ بوایە بۆ سمۆرە دەیانتوانی ئاوا بە کەیفی خۆیان ڕمبازێنمان بە پێشدا بکەن.

_ کوڕە ئەحمەد ئەورۆ لێیان بگەڕێ ، سبەینێ کە لە مەدرەسە تەواو بووین دێین لەبن دارەکان خۆیان لێ مات دەدەین بزانین دووسێ بێچوە سمۆرەی چووکە ناگرین، ئەوانمان زووتر بۆ کەوی دەبن.

_ دەی باشە وا دەکەین، منداڵەکانی دیکە وا ڕۆیشتن، با ئێمەش بڕۆین و لە دەرسی ئینگلیسی دوا نەکەوین، ئەدی نازانی ئەمڕۆ دەبێ بچینە لای کاک فەتاح کاویان.

زمناکۆ، شێرکۆ، دیاکۆ، ژیان ، هۆ کوڕینە، کچینە ڕاوەستن وا ئێمەش ئەوە هاتین، بە دواتانەوەیین. هەناسەبڕێ ببووین، خۆمان گەیاندنێ. بە تەنیشت ساڵۆنی غەزاخۆڕیی گشتیی «گەورەدێ«دا تێپەڕین. بۆنی خواردنێکی خۆش دەهات. ئەوکات دایە ئامین ، دایکی سۆهەیلای شەهید [سۆهەیلا قادری] لەوێ وەک دایکێکی دڵسۆز بەوپەڕی سەداقەتەوە کاری دەکرد و خواردنی ئەو هەموو کادر و پێشمەرگەیەی دروست دەکرد. ئەو ماندوویینەناسانە وەک دایکی هەموومان گەورەترین خزمەتی دەکرد و بەڕاستیش ئەو خواردنانەی کە دروستی دەکردن تاریف هەڵناگرن لە تام خۆشیدا.

هەر بەدەم ڕێگاوە تووشی شەهید جەلیل مامایی بووین. دووسێ شۆخی و جەفەنگیشمان لەگەڵ ئەویش لێدا. گەیشتینە لای ئینتیشارات. خانووەکەی کاک فەتاح کاویانیش هەر لە نزیک ئەوێ هەڵکەوتبوو. هەوا خۆش بوو، پێڵاوەکانمان نەبردنە ژووری و هەر لە دەرێ لە سەر سەکۆیەکە دامانان، لە دەرگامان دا. کاک فەتاح وەک هەمیشە کە دەچووین بۆلای بۆ دەرسی ئینگلیسی، بە ڕوویەکی خۆشەوە دەرگای لێ کردینەوە، هەر کە دەرگای کردەوە بۆنی خۆشی تووتنی پیپەکەیمان بۆ هات، بەڕاستی بۆنێکی خۆشی لێ دەهات. هەر چەندە هێچمان لەو تەمەنەدا نەبووین کە تخوونی سیگار کێشان بکەوین بەڵام خوا هەڵناگرێ بۆنی خۆشی تووتنە پیپەکە هەودای خەیاڵی ڕادەکێشاین.

بە ڕیز دانیشتین. کاک فەتاح ئەخلاقی ئاوابوو هەمیشە پێش ئەوەی دەرسەکەی دەست پێبکا یەک دوو شتێ خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە بۆ ئەوەی سەرنجمان زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئێمەش جاری وا بوو لەبن خۆمانەوە دەستمان دەکرد بە حیلکە حیلک و پێکەنین. بەڵام بەڕاستی کاک فەتاح لە وانە وتنەوەدا کەس نەیدەتوانی خۆی لە قەرەی بدا. تەواو بەسەر زمانی ئینگلیسیدا زاڵ بوو. هەر چەند خوا هەڵناگرێ کاک قاسم قاڕەمانی خۆشەویستیش کە سەردەمێک مامۆستامان بوو لەوانەکانی ئەویشدا وەکو وانەکانی کاک فەتاح کەڵک و سوودمان لە زمانی ئینگلیسی ئەویش وەردەگرت ، بەڵام کاک قاسم کەمێک توندە تەبیات بوو، بە پێچەوانەی کاک فەتاح کە هەمیشە خەندەی لە سەر لێوان بوو. لە خۆشەویستی کاک فەتاح دەرسی ئینگلیستشمان خۆش دەویست و زوو فێری دەبووین هێندە مێهرەبان و خۆش خولق و لە قسەکردندا هێندە خۆش مەشرەف بوو کە هەمیشە پێمان خۆش بوو بچینە لای و زمانی ئینگلیسی فێر بین .

دوو حەوتوو پێش ئێستا ساڵڕۆژی کۆچی دوایی نەمر کاک فەتاح کاویان بوو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ بوونەتەوە لە وێنەی ئەم زاتە پاکە و منیش خۆم پێ وەخۆ نەگیرا. بە یادی کاک فەتاح کاویان، کۆڵەکە و پشت و پەنای جووڵانەوە و حیزبەکەمان، بڕبڕەی پشتی خەباتێکی چەندین دەیە، ڕێبەرێکی کاریزما و هەڵکەوتووی جووڵانەوەیەکی ڕەوا، خۆشەویست و لەبەردڵان، خۆش مەشرەف، ڕێبەرێک بەتەواو مانا ڕێبەر و سەرکردە تاوم دایە قەلەم و گەڕانەوە بۆ هەرێمی بیرەوەرییەکانی نێو شۆڕش. بەڵام توانیومە تەنیا دڵۆپێک لە زەریای گەورەیی ئەم مرۆڤە پیرۆزە هەڵێنجم و وەک کوڕە پێشمەرگەیەک ساتێک لە بیرەوەریی نێو شۆڕشم نووسیبێتەوە .

ڕوحتان شاد مامۆستا و ڕێبەرم.

ئەمەگ و وەفای کوڕە پێشمەرگەیەکی نێو شۆڕش بۆ هەموو ئەوانەی کە هاوڕێبازی باوکی پێشمەرگەم بوون و بۆ تەنیا ساتێکیش جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان پۆشیوە .

